# ڕستەسازی

پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

چاپی چوارەم
چاپی زیادکراو و چاککراو

هەولێر/٢٠١٧

* ناوی کتێب: ڕستەسازی
* نووسینی: پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو
* تایپیێست و نەخشەسازی: کۆچەر ئەنوەر نایف
* چاپ: چوارەم/ زیادکراو و چاککراو/ ٢٠١٧
* شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* نرخ : ٥٠٠٠ دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(١٢٠١)ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە.

لە بڵاوکراوەکانی: خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
ژمارە : ١٥١

مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە

## ناوەرۆک


پێشەکی.................................................. ٩
بەشی یەکەم/ ڕستەسازی.................................. ١٠
ڕستەسازی.............................................. ١١
چەمک و پێناسەی ڕستەسازی............................. ١١
چەمک و پێناسەی ڕستە................................... ١١
لقەکانی ڕستەسازی...................................... ١٦
١. ڕستەسازی مێژوویی ..................................... ١٧
٢. ڕستەسازی بەراوردی.................................... ١٧
٣. ڕستەسازی گشتی........................................ ١٧
٤. ڕستەسازی تایبەتی ........................................ ١٧
تیۆرەکانی ڕستە.... ...................................... ١٨
١. تیۆری لاساییکردنەوە (کۆن ـ کلاسیک)....................... ١٨
٢. تیۆری پێکهاتە ڕاستەوخۆکان................................ ١٩
٣. تیۆری چاڵ ................................................. ١٩
٤. تیۆری گوێزانەوە ............................................ ٢١
ئەرکەکانی ڕستەسازی ......................................... ٢٢
بەشی دووەم/ جۆرەکانی ڕستە ..................................... ٣١
جـۆرەکانی ڕستە ................................................ ٣٢
یەکەم: جۆرەکانی ڕستە لەڕووی ناوەرۆکـەوە....................... ٣٣
١. ڕستەی هەواڵگەیاندن........................................... ٣٣
٢. ڕستەی پرسیـاری................................................ ٣٦

٣. ڕستەی فـــەرمـاندان .......................... ...٣٩
٤. ڕستەی سەرسوڕمــان................................ ...٤٥
٥. ڕستەی بانگکردن.......................................٤٨
دووەم: جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی پێکهـاتنـەوە ............... ...٥٣
١. ڕستەی ســـادە.........................................٥٤
أ/ سادەترین ڕستە.................................. ...٥٤
ب/ ڕستەی سادەی ئاسایی.................................٥٤
جـ/ ڕستەی سادەی فراوانکراو .............................. ...٥٦
٢. ڕستەی لـێکدراو .................................... ...٥٦
أ/ ڕستەی لێکدراوی هاوڕێک ............................ ...٥٦
ب/ ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردن...............................٥٧
جـ/ ڕستەی لێکدراوی پێچەوانە..................................٥٨
د/ ڕستەی لێکدراوی نەرێنی ..................................٥٨
٣. ڕستەی ئـاڵـۆز.............................................٥٩
أ/ شـاڕستە.......................................................٥٩
ب/ پـاڕستە......................................................٥٩
جۆرەکانی پاڕستە ...................................... ...٦١
یەکەم / پاڕستەی ناوی.................................... ...٦١
١. پاڕستەی دیارخەری بکەر ................................ ...٦١
٢. پاڕستەی دیارخەری بەرکاری ڕاستەوخۆ.................... ...٦١
٣. پاڕستەی دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ.................. ...٦٢
٤. پاڕستەی دیارخەری نیهاد ................................. ...٦٢

دووەم / پاڕستەی کـاری ........................................... ٦٣
١. پاڕستەی کــات ......................................... ٦٣
٢. پاڕستەی هــۆ ............................................ ٦٤
٣. پاڕستەی ئەنجام........................................... ٦٤
٤. پاڕستەی ئامانج ........................................... ٦٤
٥. پاڕستەی مـەرج........................................... ٦٥
٦. پاڕستەی نیاز.............................................. ٦٥
٧. پاڕستەی پێوانە........................................... ٦٥
سێیەم / پاڕستەی ئاوەڵناوی........................................ ٦٦
چوارەم / پاڕستەی ئاوەڵکاری...................................... ٦٦
بەشی سێیەم/ کەرەسە سەرەکییەکانی ڕستە ................... ٧١
کەرەســەکانی ڕستە ................................................ ٧٢
١. کەرەســە ســەرەکییەکانی ڕستە............................... ٧٢
٢. کەرەسە لاوەکییەکانی ڕستە................................... ٧٣
بکەر ........................................................... ٧٤
جۆرەکانی بکەر ................................................ ٧٩
١. بکەری ڕێزمانی............................................... ٧٩
٢. بکەری لۆجیکی............................................... ٨٠
٣. بکەر دیــار .................................................. ٨٣
٤. بکەر نادیـار.................................................. ٨٥
هۆکارەکانی پەنابردنە بەر بکەر نادیار ........................ ٨٩
سازکردنی بکەرنادیار لە کار .................................. ٩١

کاری ڕابوردووی بکەر نادیار ........................................ ٩١
کاری ڕانەبوردووی بکەر نادیار ........................................ ٩٩
مۆرفیمی بکەر نادیار.............................................. ١٠٦
کاری تێپەڕ........................................................... ١٠٨
کاری تێنەپەڕ........................................................ ١١٩
بکەر نادیار لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا.............. ١٢٢
٥- بکەر نادیاری ئاماژەپێکراو......................................... ١٢٦
بەرکار........................................................... ١٢٨
چەمکی بەرکار.................................................... ١٢٨
پێناسەی بەرکار................................................... ١٢٨
یەکەم / بەرکاری ڕاستەوخۆ........................................ ١٢٨
دووەم/ بەرکاری ناڕاستەوخۆ........................................ ١٣٢
نیهاد و گوزارە................................................... ١٣٧
بەشی چوارەم/ فریز.............................................. ١٤٣
فریز.............................................................. ١٤٤
جۆرەکانی فریز.................................................... ١٤٧
ئەرکەکانی فریز.................................................... ١٥٥
یاساکانی فریز...................................................... ١٥٨
کەموکوڕییەکانی فریز پێکهێنان..................................... ١٦٨
بەشی پێنجەم....................................................... ١٧١
سۆسێر.............................................................. ١٧٢
ژیانی فێردیناند دی سۆسێر......................................... ١٧٢

بیروبۆچوونەکانی سۆسێر لەبارەی زمانەوانییەوە..............١٧٤
یەکەم/ دانەکانی زمان......................... ١٧٤
دووەم/پەیوەندی ئاسۆیی و پەیوەندی ستوونی...... .......... ١٧٥
سێیەم/ ئاخاوتن و نووسین............................ ١٧٨
چوارەم/ هێما و هێمابۆکراو............................ ١٨٠
پێنجەم/ زمان، زبان، گوتن ............................ ١٨٢
شەشەم/ پەیوەندی ئێستایی و پەیوەندی مێژوویی ............ ١٨٤
حەوتەم: زمان...............................١٨٦
چۆمسکی.......................................... .. ١٨٨
ژیانی نەوام چۆمسکی..............................١٨٨
بیروبۆچوونەکانی چۆمسکی لەبارەی زمانەوانییەوە: .......... ١٩٢
١ـ دانەکانی زمان .............................. ١٩٢
٢ـ زمانی ستاندارد.............................. ١٩٣
٣ـ توانست و چالاکی.............................. ١٩٤
٤ـ ئاستی ڕووکەش و ئاستی قووڵ........................ ١٩٧
٥ـ ڕێزمانی گشتی و ڕێزمانی تایبەتی ......................... ١٩٩
٦ـ زمان وزمانەوانی............................. ٢٠٠
٧ـ بەرهەمهێنانی ڕستە .............................. ٢٠٢
٨ـ جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی و ناڕێزمانی.................. ٢٠٣
٩ـ دەستنیشانکردنی لێڵی و چارەسەرکردنی......................٢٠٤
ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە..............................٢٠٧
قۆناغەکانی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە......................٢١٣

یەکەم/ تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان........٢١٣
یاساکانی گوێزانەوە.........................٢١٤
١ـ یاسا تایبەتییەکان.........................٢١٤
أـ یاسای گوێزانەوەی بەخورتی..........٢١٤
ب ـ یاسای گوێزانەوەی ئارەزوومەندانە.........٢١٥
١ـ کرتاندن........................................٢١٥
٢ـ جێگۆڕکێ.......................................٢١٦
٣ـ فراوانکردن....................................٢١٦
٤ـ لەبریدانان....................................٢١٦
٢ـ یاسا گشتییەکان..............................٢١٧
دووەم/ تیۆری ستاندارد.......................٢١٨
سێیەم/ تیۆری ستانداردی فراوانکراو..........٢١٩
چوارەم/ تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە.........٢٢٠
پێنجەم/ تیۆری کەمترین بەرنامە.............٢٢١
بلۆمفیلد ....................................٢٢٣.
ژیانی لیۆنارد بلۆمفیلد.........................٢٢٣
کارەکانی بلۆمفیلد لە ڕووی زمانەوانییەوە..........٢٢٤
سەرچاوەکان.....................................٢٣٤

# پێشەکی

ڕستەسازی ئاستێکی گرنگی زمانە، لەگەڵ وشەسازی، ئاستی ڕێزمان پێکدێنن، لێکۆڵینەوەش لە زمانی کوردیدا لەم ئاستەی زمان کەمە، یاخود لێکۆڵینەوەکان هەمەلایەنە نین، بەڵکو نووسینەکان هەریەکەیان لایەنێکی دیاریکراوی ڕستەیان گرتۆتەخۆ، کە ئەمەش وای لە ئێمە کرد، ئەم بابەتە هەڵبژێرین و بەگوێرەی توانای خۆمان لەسەر ئەم بابەتە بنووسین.

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا موحازەرەکانی وانەی (ڕستەسازی)یە لە بەشی کوردی کۆلیژی پەروەردەی قەڵادزێ لە زانکۆی ڕاپەڕین و بەشی کوردی/ ئێوارانی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، کە لە چەند ساڵی ڕابوردوودا کارم بۆی کردبوو و لە موحازەراتەکاندا بەکارم هێناوە، لەگەڵ بەکارهێنانی هەندێ سەرچاوەی تایبەت بەم بوارە.

چاپی یەکەمی ئەم کتێبە ساڵی ٢٠١٢ بڵاوبۆتەوە، کە بەداخەوە هەندێ هەڵەی چاپی تێکەوتبوو، بەڵام لەم چاپەدا، واتە چاپی دووەم چەند دەستکارییەکمان کردووە، کە بە زیادکردن و چاککردنی لایەنەکانی کتێبەکە دەکەوێتە بەر دەستی ئێوەی زانستخواز.

پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
کوردستان/ هەولێر

# بەشی یەکەم
# ڕستەسازی

# ڕستەسازی

## چەمک و پێناسەی ڕستەسازی

ڕستەسازی زانستێکە لە ڕستە و فریز و پاڕستە و وشە دەکۆڵێتەوە. ڕستەسازی و وشەسازی بەشێکن لە ڕێزمان، بەو واتایەی بە یەکەوە ڕێزمان پێکدێنن. ئەم زاراوەیەش لە بنەڕەتدا لە زاراوەی (syntaxis ــ سینتاکس)ەوە هاتووە، کە زاراوەیەکی یۆنانییەوە و دواتر گوازراوەتەوە نێو زمانی ئینگلیزی. زاراوەی سینتاکسیش لە بنەڕەتدا بە واتای (دانان، ڕێکخستن) دێت، واتە سینتاکس لێکۆڵینەوەیە لە یەکگرتنی وشە لە نووسین و ئاخاوتندا.[١]

## چەمک و پێناسەی ڕستە

زمانناسان و نووسەران تا ئێستا چەندین پێناسەی جیاجیایان بۆ ڕستە کردووە، بۆیە لێرەدا هەندێک لەو پێناسانە دەخەینەڕوو، دواتر لایەنی کەموکووڕی پێناسەکانیش شرۆڤە دەکەین:

- تۆفیق وەهبی دوو پێناسەی لەبارەی ڕستەوە خستۆتەڕوو:

**((جوملە بەیانکردنی حوکمێکە)).**[٢]

---

١. ئەورەحمانی حاجی مارف(د)(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، ل١٩٥.

٢. تەوفیق وەهبی(١٩٢٩)، دەستووری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم، چاپخانەی (دار الطباعة الحديثة)، بەغدا، ل ١١.

**((ڕستە زنجیرە وشەیەکە بیرۆکەیەکی تەواو دەردەخات)).**[1]

ـ نووری عەلی ئەمین بەمشێوەیە پێناسەی ڕستەی کردووە:

**((بەو کۆمەڵە واژەیەی کە بەکاری ئەهێنین و مەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ و فرمانێکی لەتەکدا ئەبێ پێی ئەلرێ ڕستە)).**[2]

ـ محەممەد ئەمین هەورامانی لەبارەی ڕستەوە دەڵێت: **((ڕستە ئەو ئاخافتنەیە کە کاری تێدایە و واتای تەواو دەبەخشێ)).**[3]

ـ د.نەسرین فەخری لەبارەی ڕستەوە دەڵێت: **((ڕستە کۆمەڵە وشەیەکی ڕێکخراوە بۆ مەبەستێک بەپێی یاسای زمان)).**[4]

ـ د.وریا عومەر ئەمین لەبارەی ڕستەوە دەڵێت: **((ڕستە گەورەترین دانەی ڕێزمانی زمانە، ئامانجی هەرە سەرەکیی ڕێزمان پێناسینی ڕستەیە)).**[5]

ـ د.کوردستان موکریانی لەبارەی ڕستەوە دەڵێت: **((ڕستە بچوکترین دانەی سینتاکسییە)).**[1]

---

١ـ لیژنەی زمان(١٩٨٦)، ڕستەسازی لە زمانی کوردی دا، گ. کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی چواردەهەم، بەغدا،، ل١٦١.

٢ـ نوری عەلی ئەمین(١٩٦٠)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ل ٣٦.

٣ـ محەمەد ئەمین هەورامانی(١٩٨١)، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراوردا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ل ٣٠٣.

٤ـ نەسرین فەخری(د)(٢٠٠٢)، ڕستە و چمکی ڕستە بە گشتی و تایبەتمەندییەکانی لە زمانی کوردی دا، بەغدا، ل ١٢.

٥ـ وریا عومەر ئەمین(٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل ١٩٨.

ـ چۆمسکی لەبارەی ڕستەوە دەڵێت:((**ڕستە بریتییە لە فریزی ناوی و فریزی کاری**)).

ـ د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف لەبارەی ڕستەوە دەڵێت:((**ڕستە بریتییە لە کردار و پێویستییەکانی**)).[2]

ـ د.عەبدوڵلا حوسێن لەبارەی ڕستەوە دەڵێت:((**ڕستە بریتییە لە ڕەگی کار و پێویستییەکانی**)).[3]

ـ نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو لەبارەی ڕستەوە دەڵێت:((**ڕستە بریتییە لە وشەیەک یان زیاتر، کە واتایەک بدات بە دەستەوە**)).

هەروەها چەندین پێناسەی تری ڕستە هەن، لەوانە:

**ـ ڕستە کۆمەڵە وشەیەکە.**

**ـ ڕستە کۆمەڵە وشەیەکە بەسەر یەکەوە مانای تەواو دەبەخشێ.**

**ـ ڕستە کۆمەڵە وشەیەکە بەسەر یەکەوە واتای تەواو دەبەخشێ و لە کۆتایشدا نیشانەیەک دادەنرێت.**

**ـ ڕستە بریتییە لە وشەیەک یان زیاتر.**

**ـ ڕستە بریتییە لە بکەر و کار.**

**ـ ڕستە بریتییە لە بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و کار.**

**ـ ڕستە بریتییە لە نیهاد و گوزارە.**

---

[1] ـ لیژنەی زمان(١٩٨٦)، ڕستەسازی لە زمانی کوردی دا، گ. کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی چواردەهەم، بەغدا، ل١٦٢.

[2] ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، ل١٧٥.

[3] ـ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوڵ(د)(٢٠٠٦)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ل٤.

**ـ ڕستە گەورەترین دانەی زمـانە.**

**ـ ڕستە گەورەترین دانەی زمانە کە خاوەن ڕۆنانێکی ڕێکوپێکـە.**

ئەگەر سـەیرێکی ئەم پێناسـانەی پێشـەوە بکەیـن، ئەوە دەبینـین زۆربەیـان لایەنـی کەموکـووڕی تێـدایە، بـۆیە لێـرەدا شـرۆڤەیان بـۆ دەکەین:

١ـ ئەو پێناسـانەی، کە دەڵـێن((**ڕسـتە کـۆمەڵە وشـەیەکە**))،((**ڕسـتە کۆمەڵە وشـەیەکە بەسـەر یەکەوە مانـای تەواو دەبەخشێ**))،((**ڕسـتە کــۆمەڵە وشــەیەکە بەســەر یەکەوە واتــای تەواو دەبەخشــێ و لە کۆتایشـدا نیشـانەیەک دادەنرێـت**))، ئەوە پێناسـەیەکی گشـتگیر نـین، چونکە لەسەر هەموو ڕستەیەکی زمانی کوردی پیادە نـاکرێن، بەهـۆی ئەوەی دەشێ ڕستە لە تاکە وشەیەکیش پێک بێت، وەک:

**هــات .**

**ڕۆیشـت.**

**مرد.**

ئەم ڕسـتانە لە ڕۆنـانی سـەرەوەدا یەک وشـەن، بەڵام لە ڕۆنـانی ژێرەوەدا لە وشـەیەک زیـاتر پێکدێن، بەو واتـایەی لە فرێـزی نـاوی و فرێزی کاری پێکدێن.

٢ـ ئەو پێناسـەیەی، کە دەڵێت: ((**ڕسـتە بـریتییە لە بکەر و کـار**))، پێناسـەیەکی گشـتگیر نییە، چـونکە لەسـەر هەمـوو ڕسـتەیەکی زمـانی کوردی پیادە ناکرێت، بەڵکو تەنیا لەسـەر یەک جۆری ڕسـتەی زمـانی

کوردی پیادە دەکرێت، ئەویش ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە، کارێکی تێنەپەڕ بێت. وەکو:

**- ئازاد هات.**

**- ڕزگار ڕۆیشت.**

**- نەسرین مرد.**

٣- ئەو پێناسەیەی، کە دەڵێت: ((**ڕستە بریتییە لە بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و کار**)). ئەوە پێناسەیەکی گشتگیر نییە، چونکە لەسەر هەموو ڕستەیەکی زمانی کوردی پیادە ناکرێت، بەڵکو تەنیا لەسەر یەک جۆری ڕستەی زمانی کوردی پیادە دەکرێت، ئەویش ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە، کارێکی تێپەڕ بێت. وەک:

**- کارزان وانەکەی خوێند.**

**- شیلان نانەکەی خوارد.**

**- ئەحمەد دارەکەی شکاند.**

٤- ئەو پێناسەیەی، کە دەڵێت: ((**ڕستە بریتییە لە نیهاد و گوزارە**)). ئەوە پێناسەیەکی گشتگیر نییە، چونکە لەسەر هەموو ڕستەیەکی زمانی کوردی پیادە ناکرێت، بەڵکو تەنیا لەسەر یەک جۆری ڕستەی زمانی کوردی پیادە دەکرێت، ئەویش ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە، کارێکی ناتەواو بێت. وەکو:

**- شیرین جوانە.**

**- ئاواز زیرەکە.**

**- ژوورەکە پاکە.**

٥. ئەو پێناسەیەی، کە دەڵێت: ((**ڕستە گەورەترین دانەی زمانە**)). ئەوە پێناسەیەکی تەواو نییە، چونکە لە زماندا دانەی گەورەتر لە (ڕستە) بوونی هەیە، وەک (ئاخاوتن، دیالۆگ، پەرەگراف، دەق، دارشتن)، بەڵام دەکرێ پێناسەکە هەندێ وشەی تری بۆ زیاد بکەیت، تاکو پێناسەیەکی گشتگیری لێدەربچێت، واتە بەمشێوەیەی لێبێت:((**ڕستە گەورەترین دانەی زمانە، کە خاوەن ڕۆنانێکی ڕێکوپێکە**)). واتە وەکو دەردەکەوێت مەرج نییە هەموو دانەکانی (ئاخاوتن، دیالۆگ، پەرەگراف، دەق، دارشتن) خاوەن ڕۆنانێکی ڕێکوپێک بن.

کەواتە دەکرێ بڵێین ئەم پێناسانەی خوارەوە تارادەیەک زانستین، بە بەراورد لەگەڵ پێناسەکانی تر:

**- ڕستە گەورەترین دانەی زمانە، کە خاوەن ڕۆنانێکی ڕێکوپێکە.**

**- ڕستە بریتییە لە وشەیەک یان زیاتر، کە واتایەک بدات بە دەستەوە.**

**- ڕستە بریتییە لە فرێزی ناوی و فرێزی کاری.**

## لقەکانی ڕستەسازی

ڕستەسازی لقێکە لە لقەکانی زمانناسی، کە چوار لق لەخۆوە دەگرێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:[1]

---

[1]- محمد علي الخولي(د)(٢٠٠١)، مدخل الى علم اللغة، دار الفلاح للنشر و التوزيع، ص ٩٧.

## ١. ڕستەسازی مێژوویی

لقێکە لە لقەکانی ڕستەسازی، ئەم لقە باسی پەرەسەندنی ڕستە بە درێژایی مێژوو دەکات.

## ٢. ڕستەسازی بەراوردی

لقێکە لە لقەکانی ڕستەسازی، ئەم لقە بەراوردی ڕستەی زمانێک لەگەڵ ڕستەی زمانێکی تر دەکات، بە نموونە بەراوردکردنی ڕستەی زمانی کوردی لەگەڵ ڕستەی زمانی ئینگلیزی یان عەرەبی یان فارسی.

## ٣. ڕستەسازی گشتی

لقێکە لە لقەکانی ڕستەسازی، کە بەشێوەکی گشتی باسی لایەنەکانی ڕستە دەکات، بەو واتایەی جەخت لەسەر ڕستەی زمانێکی دیاریکراو ناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی باسی لایەنە جۆراوجۆرەکانی بواری ڕستە دەکات.

## ٤. ڕستەسازی تایبەتی

لقێکە لە لقەکانی ڕستەسازی، ئەمجۆرەیان باسی لایەنەکانی ڕستە لە زمانێکی دیاریکراو دەکات، بەو واتایەی ئەم لقەی ڕستەسازی پەیوەستە بە باسکردنی ڕستەی زمانێکی دیاریکراو.

## تیۆرەکانی ڕستە[1]

به درێژایی ڕۆژگار زمانناسان بەگشتی و ڕستەسازەکان بەتایبەتی، گرنگییان بە تیۆرەکانی ڕستە داوە، کۆنترین تیۆریش، تیۆری لاساییکردنەوەیە، دوای ئەم تیۆرەش، تیۆری پێکهاتە ڕاستەوخۆکان دێت، پاشان تیۆری چاڵ، دواتر تیۆری گوێزانەوە.

### ١. تیۆری لاساییکردنەوە (کۆن ـ کلاسیک)

ئەم تیۆرە گرنگی بە جۆرەکانی وشە دەدات، زمانەکانیش لە ژمارەی جۆرەکانی وشە جیاوازییان لە نێوانیاندا هەیە، بە نموونە زمانی عەرەبی وشە بەسەر سێ بەش دابەشدەکات:(ناو، کار، پیت)، بەڵام زمانی ئینگلیزی وشە بۆ سەر (هەشت) بەش دابەشی دەکات: (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، کار، ئاوەڵکار، ئامرازی بەستنەوە، پریپۆزیشن و ئامرازی سەرسوڕمان و بانگکردن). زمانی کوردیش لە دوو ڕوانگەوە جۆرەکانی وشە (کە بە بەشەکانی ئاخاوتن ناودەبرێت) دابەشی دەکات، بەگوێرەی قوتابخانەی زمانناسی ئینگلیزی بەسەر (٨) بەش دابەشی دەکات، بەڵام بە گوێرەی قوتابخانەی زمانناسی ڕووسی بەسەر (١٠) بەش دابەشی دەکات، واتە بەشەکانی ژمارە و پارتیکلی بۆ زیاددەکات.

هەروەها ئەم تیۆرە گرنگی بە شیکردنەوەی وشەکانی نێو ڕستە دەدات، واتە دیاریکردنی ئەرکی وشەکان لە نێو ڕستەدا: بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، نیهاد، گوزارە.. هتد.

---

[1]ـ محمد علي الخولي(د)(٢٠٠)، مدخل الى علم اللغة، دار الفلاح للنشر و التوزيع، ص ١١٧.

## ٢. تیۆری پێکهاتە ڕاستەوخۆکان

ئەم تیۆرە پێی وایە ڕستە بەسەر دوو بەش دابەش دەکرێت، هەریەک لەمانەش بۆ دوو بەشی تر دابەش دەکرێت، هەر یەکە لەمانەش جارێکی تر بۆ دوو بەشی تر دابەش دەکرێت، ئیتر بەمشێوەیە تاکو دەگەین بە ئاستی وشە. بەو واتایەی لە بەرزترین دانەی ڕستەوە دەست پێدەکەین تا دەگەین بە بچووکترین دانەی نێو ڕستە، کە وشەیە، وەکو:

- **<u>ئێمە دوێنێ بەیانی نانمان خوارد.</u>**

**ئێمە**

**دوێنێ**

**بەیانی**

**نانمان**

**خوارد**

## ٣. تیۆری چاڵ

ئەم تیۆرە پێی وایە، ڕستە بۆ بەدەستهێنانی چاڵ لە خانە پێکدێت، هەروەها ئەم تیۆرە وایدەبینێ، کە دەکرێ وشە بە گوێرەی وشەسازی پۆلێن بکەین، کە جیاوازە لەگەڵ پۆلێنکردنی ڕستەیی یان ئەرکی. پۆلێنکردنی وشەیی پشت بە ناواخنی زیادەکان دەبەستێت، کە وشە وەریدەگرێت، لە کاتێکدا کە پۆلێنکردنی ڕستەیی (ئەرکی) پشت بە خانەکان دەبەستێت، کە وشەکان کاری تێدا دەکەن. واتە پۆلێنکردنەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

١- چاڵی بکەر ⟵ خانەی ناوی (ناو، جێناو)

**ئازاد هات.**

**ئەو ڕۆیشت.**

٢- چاڵی بەرکار (بەرکاری ڕاستەوخۆ) ⟵ خانەی ناوی (ناو، جێناو)

**ئازاد نامە دەنووسێت.**

**ئازاد تۆ دەبات.**

٣- چاڵی بەرکار (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) ⟵ خانەی ناوی (ناو، جێناو)

**ڕزگار بە ئۆتۆمبێل ڕۆیشت.**

**کارزان قسەکە بە تۆ دەڵێت.**

٤- چاڵی نیهاد ⟵ خانەی (ناو، جێناو)

**ئازاد زیرەکە.**

**ئەو جوانە.**

٥- چاڵی گوزارە ⟵ خانەی (وشە + کاری ناتەواو)

**نەسرین جوانە.**

٦- چاڵی کاری ⟵ خانەی (تێپەڕ، تێنەپەڕ، ناتەواو)

**سیروان نان دەخوات.**

**کارزان هات .**

**نەسرین جوانە.**

### ٤. تیۆری گوێزانەوە

ئەم تیۆرە وا دەڕوانێتە ڕستە، کە لە دوو ڕۆنان پێکدێت، ڕۆنانی سەرەوە (ئاستی ڕووکەش) و ڕۆنانی ژێرەوە (ئاستی قووڵ)، هەروەها یاساکانی گوێزانەوەش بریتین لە (یاسای زۆرەملێ، یاسای هەڵبژاردن یا ئازاد)، ئەم یاسایانەش ڕستە لە ئاستی ژێرەوە بۆ ئاستی سەرەوە دەگوێزنەوە، وەکو:

**١. زانایانی کورد زانستیان پێشخست.**

**٢. زانست زانایانی کورد پێشیان خست.**

**٣. زانایانی کورد پێشیاخست زانست.**

**٤. زانایانی کورد ئەوان بوون زانستیان پێشخست.**

**٥. ئەوانەی کە زانستیان پێشخست بریتی بوون لە زانایانی کورد.**

**٦. کێ زانستی پێشخست؟**

**٧. زانست لە ڕێگەی زانایانی کوردەوە پێشکەوت.**

**٨. زانایانی کورد پێشکەوتنی زانستیان پێشخست.**

ئەگەر سەیری ئەم ڕستانەی سەرەوە بکەین، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەموو ڕستەکان لە یەک ڕستەی سەرەکی وەرگیراون، ئەویش ڕستەی یەکەمە یاخود سێیەم. بۆیە مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی یاساکانی گوێزانەوە ڕستەیەکی سەرەکی بگۆڕێت بۆ چەندین ڕستەی وەرگیراو، هەروەها گوێزانەوەی ڕستەکانیش دەکرێ لەم ڕوانگانەوە بێت:

١. گوێزانەوەی لە ڕستەی ئەرێ بۆ ڕستەی نەرێ.

٢. گوێزانەوەی لە ڕستەی هەواڵگەیاندن بۆ ڕستەی پرسیارکردن.

٣. گوێزانەوەی لە ڕستەی ناوی بۆ ڕستەی کاری.
٤. گوێزانەوەی لە ڕستەی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیار.
٥. گوێزانەوەی لە ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ بۆ ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ.
٦. گوێزانەوەی لە ڕستەیەکی جەختنەکراو بۆ ڕستەیەکی جەختکراو.

## ئەرکەکانی ڕستەسازی

ڕستەسازی چەندین ئەرکی جیاجیا دەبینێت، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١ـ ڕستەسازی ڕستەی ڕێزمانی و ڕستەی ناڕێزمانی لەیەکتر جیادەکاتەوە.

- **هەموو منداڵەکان دوێنێ نانیان خوارد.** ڕێزمانییە
- **منداڵەکان دوێنێ نانیان خوارد هەموو.** ناڕێزمانییە

لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا، وشەی(هەموو) دیارخەرە، وشەی (منداڵەکان) دیارخراوە، بۆیە پێویستە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دیارخەر و دیارخراو لەیەکترییەوە نزیک بن، چونکە هەر کاتێ لە یەکەوە نزیک بن، ڕستەکە بەرەو ڕێزمانیبوون دەڕوات، لە هەمان کاتیشدا تا لە یەکتریشەوە دوور بن، لە ڕستەی ڕێزمانی دووردەکەونەوە، هەر بۆیە لە ڕستەی دووەمدا دیارخەر و دیارخراو تەواو لەیەکترییەوە دوورکەوتوونەتەوە، بۆیە بۆتە ڕستەیەکی ناڕێزمانی.

هەروەهــا لێــرەدا دەبــێ ئەوە ڕوون بکەیــنەوە، کە مەرج نیــیە ڕستەیەک ناڕێزمانی بێت، لە هەمـان کاتدا واتـادار نەبێت. بۆ نموونە ڕســتەی (هەمــوو منــداڵەکان دوێنــێ نانیــان خــوارد)، ڕســتەیەکی ڕێزمانییە و واتادارە، کەچی ڕستەی (منداڵەکان دوێنێ نانیان خوارد هەمـوو) ڕســتەیەکی ناڕێزمــانییە، بەڵام واتــادارە، چـونکە گـوێگر لە واتای ڕستەکە دەگات.

یاخود هەروەکو ئەم دوو ڕستەیە:

**ـ کارزان نانی خوارد.** **ڕێزمانییە، واتادارە**

**ـ کارزان بەردی خوارد.** **ڕێزمانییە، بێواتایە**

٢ـ لە نێوان ڕستەی ڕێزمـانی و ڕسـتەی ناڕێزمانیدا پلە هەیە، هەر بۆیە ڕستەسازی پلەکان دەستنیشان دەکـات. وەک:

**ـ هەموو منداڵەکان دوێنێ نانیان خوارد.** ڕێــزمانییە

**ـ منداڵەکان هەموو دوێنێ نانیان خوارد.** نزیکە لە ڕێزمانی

**ـ منداڵەکان دوێنێ هەموو نانیان خوارد.** نزیکە لە ڕێزمانی

**ـ منداڵەکان دوێنێ نانیان هەموو خوارد.** نزیکە لە ڕێزمانی

**ـ منداڵەکان دوێنێ نانیان خوارد هەموو.** نـاڕێـزمـانی

لەم ڕسـتانەی سـەرەوەدا، وشـەی (هەمـوو) دیـارخەرە، وشـەی منداڵەکان (دیارخراو)ە، بۆیە دەبێ ئەم دوو وشـەیە لەیەکتریەوە نزیک بکـرێنەوە، بەجۆرێـک تـا چەنـد دیـارخەرەکە لە دیـارخراوەکە دوور بکەوێتەوە، ئەوە ئەوەندە لە ڕێزمـانی دوور دەکەویتەوە و لە چەمکـی (نــزیکە لە ڕێزمــانی) نزیــک دەبێــتەوە. وشــەی (هەمــوو) لە هەر

وشەیەک نزیک بێتەوە، ئەوە زیاتر جەخت دەکاتە سەر وشەکە، بەو واتایەی لە ڕستەی یەکەمدا دیارخەرەکە جەختی کردۆتە سەر وشەی (منداڵەکان)، لە ڕستەی دووەمدا دیارخەرەکە جەختی کردۆتە سەر وشەی (دوێنێ)، لە ڕستەی سێیەمدا دیارخەرەکە جەختی کردۆتە سەر وشەی (نان)، لە ڕستەی چوارەمدا دیارخەرەکە جەختی کردۆتە سەر وشەی (خوارد).

٣ـ ڕستەسازی تەمومژی (لێڵی) ڕستە دەستنیشان دەکات و چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە،( مەبەست لە لێڵیش بەو وشە و فرێز و پاڕستە و ڕستانە دەوترێت، کە زیاتر لە واتایەکیان هەیە)، بۆیە ڕستەسازی هەوڵدەدات چارەسەری لێڵی ئەو ڕستانە بکات و سەرچاوەی لێڵییەکانیش دەستنیشان بکات، وەک:

**- پێم دەشکێ.**

**ئەم ڕستەیە دوو واتای هەیە:**

**١. واتای یەکەم: بە من دەشکێ.**

لێرەدا سەرچاوەی لێڵییەکە پەیوەندی بە ڕێزمانەوە هەیە، چونکە پێشبەندی(بە) هەندێجار لە حاڵەتی سینتاکسدا شێوەی خۆی دەگۆڕێت و دەبێت بە (پێ).

**٢. واتای دووەم: قاچم دەشکێ.**

لێرەدا سەرچاوەی لێڵییەکە پەیوەندی بە وشەوە هەیە، چونکە لە زمانی کوردیدا وشەی (پێ) لە هەندێ زار و شێوەزاردا بە واتای (قاچ)یش دێت، ئەگەرچی لە فەرهەنگ و لە بنەڕەتدا وشەکانی (پێ) و (قاچ) واتاکانیان وەک یەک نییە و جیاوازە.

پێ ←ـــــــ به م ←ـــــــ من پێ ←ـــــ قاچ

- پێم دەخــورێ.

**ئەم ڕستەیە دوو واتای هەیە:**

**١- واتای یەکەم: بە من دەخورێ.**

لێرەدا سەرچاوەی لێڵییەکە پەیوەندی بە ڕێزمانەوە هەیە، چونکە پێشــبەندی(بە) هەنــدێجار لە حــاڵەتی سینتاکســدا شــێوەی خــۆی دەگۆڕێت و دەبێت بە(پێ).

**٢- واتای دووەم: قاچم دەخورێ.**

لێرەدا سەرچاوەی لێڵییەکە پەیوەندی بە وشـەوە هەیە، چونکە لە زمانی کوردیدا وەکو لە نموونەی پێشـوودا ڕوونمانکردەوە، وشـەی (پێ) لە هەندێ زار و شێوەزاردا بە واتـای (قاچ)یش دێت، ئەگەرچی لە فەرهەنـگ و لە بنەڕەتدا وشـەکانی (پـێ) و (قـاچ) واتاکانیـان وەک یەک نییە و جیاوازە.

پێ ←ـــــــ به پێ ←ـــ قاچ م ←ـــــــ من

هەروەهـا لێـرەدا ئەوەش دەخەینەڕوو، کە لە ڕسـتەی یەکەمـدا (دەخـــورێ)، لە چـــاوگی (خـــواردن) هـــاتووە، بەڵام لە ڕســـتەی دووەمدا(دەخورێ) لە چاوگی (خوران)ەوە هاتووە، واتە (خواردن) و (خوران) دوو چاوگی جیاوازن.

لەم ڕسـتانەدا تەمومژییەکـان ڕێزمـانی و وشـەیین، هەر بـۆیە ڕستەســازی توانیــویەتی چارەســەریان بکــات، بەڵام ڕستەســازی ناتوانێت چارەسەری تەمومژی فەرهەنگی بکات، وەک:

**شیر ←شمشێر یان شیری خواردن**

**شیرەکە بێنە. ← شمشێرەکە بێنە. یان شیرەکە (شیری خواردن) بێنە.**

ڕستەسازی ناتوانێت چارەسەری تەمومژیی فەرهەنگیی وشەی (شیر) بکات، چونکە لە فەرهەنگدا وشەی (شیر) بۆ دوو واتای جیاوازی(شمشێر، شیری خواردن) بەکاردێت.

ئەگەرچی لە هەندێ ڕستەی تردا واتای وشەی (شیر) ڕوون بۆتەوە، بە واتایەکی تر تەمومژیی وشەی (شیر) چارەسەرکراوە، بەهۆیەوە گوێگر یان خوێنەر لە واتای ئەم ڕستانەی خوارەوە دەگات:

**شیرەکە خۆشە. ←شیری خواردن**

**شیرەکە کوڵا. ←شیری خواردن**

**شیرەکە شکا. ←شمشێر**

٤ــ ڕستەسازی کەرەسە سەرەکی و لاوەکییەکانی ڕستە دەخاتەڕوو، مەبەست لە کەرەسە سەرەکییەکان: ئەو کەرەستانەن کە دەبێت لە ڕستەدا بوونیان هەبێت، بەجۆرێک ئەگەر هاتوو لە ڕۆنانی سەرەوەشدا دەرنەکەون، ئەوە دەبێ لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەربکەون.

کەرەسە سەرەکییەکان لە زمانی کوردیدا لەم سێ حاڵەتەی خوارەوەدا دەبینرێن:

أ / لە حاڵەتی کاری تێپەڕدا ← بکەر + بەرکاری ڕاستەوخۆ + کاری تێپەڕ

**. ئەحمەد وانەکەی خوێند.**

ب/ لە حاڵەتی کاری تێنەپەڕدا ←بکەر + کاری تێنەپەڕ

**- شیلان ڕۆیشت.**

جـ/ لە حاڵەتی کاری ناتەواودا ← نیهاد + گوزارە (وشە + کاری ناتەواو)

**- نەسرین جوانە.**

مەبەست لە کەرەسە لاوەکییەکان: ئەو کەرەستانەن بۆ مەبەستی فراوانکردنی ڕستە بەکاردێن، بەجۆرێک لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دەشێ ئەم کەرەسانە لە ڕستەدا لابەرین، بەبێ ئەوەی واتای سەرەکی ڕستە تێکبدات، هەروەکو لەم نموونانەی خوارەوەدا کەرەسە لاوەکی و سەرەکییەکان ڕووندەکەینەوە:

**- هات.**

**- ئەو هات.**

**- ئەو بە ئۆتۆمبێل هات.**

**- ئەو دوێنێ ئێوارە بە ئۆتۆمبێل هات.**

**- ئەو دوێنێ ئێوارە لەگەڵ براکانی بە ئۆتۆمبێل هات.**

**- ئەو دوێنێ ئێوارە کاتژمێر حەوت لەگەڵ براکانی بە ئۆتۆمبێل هات.**

ئەگەر سەیرێکی ئەم ڕستانەی سەرەوە بکەین، دەبینین کاری ڕستەکە کارێکی تێنەپەڕە، کەواتە تەنیا پێویستی بە بکەر و کار هەیە، بە واتایەکی تر جگە لەم دوو کەرەسەیە، ئەوە هەموو کەرەسەکانی نێو ڕستەکە بە لاوەکی دادەنرێن، چونکە بۆ مەبەستی فراوانکردن بەکارهاتوون.

٥ـ جیاکردنەوەی کەرەسەکانی ڕستەسازی لە کەرەسەکانی وشەسازی. بەو واتایەی ڕستەسازی خاوەنی کەرەسەی تایبەت بە

خــۆیەتی، کەواتە ڕستەســازی لە ئەرکــی وشــەکانی نێــو ڕســتە دەکــۆڵێتەوە، نەوەک لە فەرهەنگــی وشــەکان، چــونکە وشەســازی فەرهەنگی وشەکان دەخاتەڕوو.

## کەرەسەکانی ڕستەسازی

ـ بکەر و جۆرەکانی:(بکەری ڕێزمانی، بکەری لۆجیکی، بکەردیار، بکەرنادیار، بکەرنادیاری ئاماژەپێکراو).

ـــ بەرکـــار و جۆرەکانی:(بەرکـــاری ڕاســـتەوخۆ، بەرکـــاری ناڕاستەوخۆ).

ـ نیـهاد و گــوزارە.

ــ تەواوکەر :(تەواوکەری کــاری ڕابــوردوو، تەواوکەری کــاری ڕانەبوردوو، تەواوکەری کاری فەرماندان، تەواوکەری کاری ناتەواو، تــەواوکــەری نــاو، تەواوکەری جێناو، تەواوکەری ئاوەڵناو.....).

ـ دیارخەر.

ـ دیارخراو.

## کەرەسەکـانی وشەسازی

ـ نــاو و جۆرەکــانی (ژمــارە، ناسـین، هەبوون، نــاوەرۆک، پێکهــاتن، ڕەگەز).

ـ کار و جۆرەکـانی (کـات، هێز، پێکهـاتن، تـەواوی، ڕێژە، ئـەرێنی).

ـ ئاوەڵناو و جۆرەکانی (واتا، پێکهاتن، پلە).

ـ جێناو و جۆرەکانی (واتا، پێکهاتن،.....)

...........هتد.

**کەرەسەکانی ڕستەسازی**

**ـ ئەحمەد زیرەکە.**

ئەحمەد: نیهاد

زیرەکە: گوزارە

**ـ کاروان هـات.**

کاروان: بکەر

هات: کاری تێنەپەڕ

**ـ نـازدار وانـەکەی خـوێند.**

نازدار: بکەر

وانەکە: بەرکاری ڕاستەوخۆ

خوێند: کاری تێپەڕ

**کەرەسەکانی وشـەسـازی:**

ئەحمەد: ناوە، ناسراوە، تایبەتییە، نێرە،...

زیرەکـ:ئاوەڵناوە، چەسپاوە، چۆنیەتییە، سادەیە....

کـاروان: ناوە،ناسراوە، تـایبەتییە،....

هـات: کـارە، ڕابوردووە، تەواوە، ئەرێیە....

نـازدار: ناوە، مێیە، ناسراوە، تایبەتییە....

وانـەکە: ناوە، گشتییـە، ناسراوە، بێلایەنە..

خـوێند: کارە، ڕابوردووە، ئەرێیە، تـــەواوە.....

٦ـ ڕستەسازی دەتوانێت ڕستە لە ڕووی پێکهاتنەوە دیاری بکات:

١ـ ڕستەی سادە: (أ/ سادەترین ڕستە، ب/ ڕستەی سادەی ئاسایی، جـ/ڕستەی سادەی فراوانکراو).

٢ـ ڕستەی لێکدراو:(أ/ ڕستەی لێکدراوی هاوڕێک، ب/ ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردن، جـ/ ڕستەی لێکدراوی پێچەوانەیی، د/ ڕستەی لێکدراوی نەرێنی).

٣. ڕستەی ئاڵۆز: (أ/ شارستە، ب/ پارستە).

٧. ڕستەسازی دەتوانێت ڕستە لە ڕووی ناوەرۆکەوە دیاری بکات: (ڕستەی هەواڵگەیاندن، ڕستەی پرسیاری، ڕستەی فەرماندان، ڕستەی سەرسوڕمان، ڕستەی بانگکردن).

٨ـ ڕستەسازی دوو دیوی ڕستە دیاریدەکات، ڕۆنانی سەرەوە و ڕۆنانی ژێرەوە. مەبەست لە ڕۆنانی سەرەوە، دیوی دەرەوەی ڕستە و دیوی ڕووخسار دەگرێتەوە. مەبەست لە ڕۆنانی ژێرەوە، بنجی ڕستە و دیوی ناوەوە و ناوەرۆکی ڕستە دەگرێتەوە، کە پەیوەندی بە واتاوە هەیە.

# بەشی دووەم
# جۆرەکانی ڕستە

## جــۆرەکانی ڕستە

**یەکەم: جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکــەوە:**

١. ڕستەی هەواڵگەیاندن
٢. ڕستەی پرسیـــاری
٣. ڕستەی فــەرماندان
٤. ڕستەی سەرسوڕمــان
٥. ڕستەی بانگکردن

**دووەم: جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی پێکهـاتنـەوە:**

١. ڕستەی ســـــادە: أ/ سادەترین ڕستە
ب/ ڕستەی سادەی ئاسایی
جـ/ ڕستەی سادەی فراوانکراو

٢. ڕستەی لـێکدراو: أ/ ڕستەی لێکدراوی هاوڕێک
ب/ ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردن
جـ/ ڕستەی لێکدراوی پێچەوانەیی
د/ ڕستەی لێکدراوی نەرێنــی

٣. ڕستەی ئـاڵـۆز: أ/ شــاڕستە
ب/ پـاڕستە

## یەکەم: جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی ناوەرۆکەوە[1]

### ١. ڕستەی هەواڵگەیاندن

بەو ڕستانە دەگوترێت، کە قسەکەر زانیاری یان هەواڵ دەگەیەنێت و باسی دەوروبەری خۆی دەکات، واتە لە ڕستەی هەواڵگەیاندندا قسەکەر سەرچاوەی زانین و زانیارییە.

### تایبەتمەندییەکانی ڕستەی هەواڵگەیاندن:[2]

١. ڕستەی هەواڵگەیاندن دەشێ دروست بێت و دەشێ نادروست بێت، واتە دەشێ هەواڵەکە ڕاست بێت، یا دەشێ هەڵە بێت، وەک:

**هەنگوین تاڵە.** دروست نییە

**شەکر تاڵە.** دروست نییە

**کارزان زیرەکە.** ڕاستە

**مەلا مستەفای بارزانی سەرکردەیەکی کوردە.** ڕاستە

٢ـ لە هەندێ حاڵەتدا دەتوانرێت کەرەسەکانی نێو ڕستەی هەواڵگەیاندن جێگۆڕکێ بکرێن، بەبێ ئەوەی واتای سەرەکی ڕستەکە تێکبدات، وەک:

**کارزان دەچێت بۆ زانکۆ.**

**کارزان بۆ زانکۆ دەچێت.**

---

[1] ـ بۆ ئەم تەوەرەیە زیاتر پشت بەم سەرچاوەیە بەستراوە: قەیس کاکل تۆفیق(١٩٩٥)، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.

[2]. قەیس کاکل تۆفیق(١٩٩٥)، ل ١٨ ـ ١٩.

٣ــ بەڵام لە هەنــدێ حــاڵەتی تــردا، بەهــۆی جێگــۆڕکێی شــوێنی کەرەسەکانی نێو ڕستە، ئەوە واتای ڕستەکە تێکدەچێت، یان پێچەوانە دەبێتەوە، وەک:

**ئازاد لە نەوزادی دا.**

**نەوزاد لە ئازادی دا.**

٤ـ ڕسـتەی هەواڵگەیانـدن دەشـێ لە وشـەیەک پێک بێت و دەشـێ زیاتر لە وشەیەک پێک بێت، وەک:

**هــات.**

**ئەو هــات.**

**ئەو دوێنێ بەیانی هات.**

واتە بچـوکترین ڕسـتەی هەواڵگەیانـدن تـاکە وشـەیەکە، بەڵام گەورەتـرین و درێژتـرین ڕسـتەی هەواڵگەیانـدن لە زمانـدا ناتوانرێـت دەستنیشـــان بکرێـــت، بەهـــۆی فراوانکردنـــی ڕســـتە بە کەرەســـەی لاوەکییەوە.

٥ـ بە زۆری ڕستەی هەواڵگەیاندن بە بکەر یان نیهاد دەستپێدەکات و بە کار کۆتایی دێت، وەک:

**ـ شـیلان جــوانــە.**

**ـ کـاروان نانــەکەی خـوارد.**

**ـ سۆران مـردووە.**

٦ـ ڕستەی هەواڵگەیاندن شێوازی ئەرێ و نەرێی هەیە.

**ـ شـیلان جوانــە.**

**شیلان جوان نییە.**

**- کاوە دەبێت بە ئەندازیار.**

**کاوە نابێت بە ئەندازیار.**

**- کاوە ئەندازیار بوو.**

**کاوە ئەندازیار نەبوو.**

**- کاروان نانەکەی خـوارد.**

**کاروان نانەکەی نەخوارد.**

**- سـۆران دەمـرێت.**

**سۆران نامـرێت.**

٧ـ لە کۆتایی ڕستەی هەواڵگەیاندندا نیشانەی خاڵ (.) دادەنرێت.

**نەسرین هات.**

٨ـ قسەکەر سەرچاوەی زانین و زانیارییە.

## ٢ . ڕستەی پرسیاری

بەو ڕستانە دەگوترێت، کە قسەکەر بۆشاییەکی لە زانیارییەکانی هەیە، بەو واتایەی قسەکەر شتێک نازانێت، یان لە لای ڕوون نییە، بۆیە بەهۆی پرسیارکردنەوە زانیارییەکانی دەستدەکەوێت، کەواتە لە ڕستەی پرسیارکردندا گوێگر سەرچاوەی زانین و زانیارییە. هەروەها لە ڕستەی پرسیارکردندا نیشانەی پرسیاری (؟) لە کۆتایی ڕستەکە دادەنرێت.

### تایبەتمەندییەکانی ڕستەی پرسیاری

١ـ نیشانەی پرسیارکردن (؟) لە کۆتایی ڕستە دادەنرێت.
٢ـ گوێگر سەرچاوەی زانین و زانیارییە.
٣ـ قسەکەر زانیاری لا نییە، لەڕێگەی پرسیارکردنەوە دەگاتە زانیاری.
٤ـ ڕاست و هەڵەی تێناکەوێت، واتە پرسیار هەر پرسیارە و قسەکەر ناتوانێ پرسیارێکی هەڵە بکات، چونکە خۆی زانیاری دەربارەی شتەکە نییە(مەگەر بۆ گاڵتەکردن و شتی لەم شێوەیە بێت).
٥ـ مەرجی پرسیار ئەوەیە، دەبێ قسەکەر چاوەڕێی وەڵام بکات، ئەگەر چاوەڕێی نەکرد، ئەوە مەبەستی پرسیارکردن نییە.[١]
٦ـ کردەی قسەکردن لە ڕستەی پرسیاریدا، ئاوازەکەی لە نزمەوە بەرەو بەرزیی دەڕوات.

---

[١]ـ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ(د)(٢٠٠٦)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل٤٩.

٧. لە زمانی کوردیدا بە دوو شێواز ڕستەی پرسیارکردن دروست دەکرێت:

أ. بەهۆی جێناوەکانی پرس:(کێ، کام، بۆ، چۆن ...هتد)، واتە لێرەدا جێناوەکانی پرسیار و نیشانەی پرسیاری لە ڕستەدا دەردەکەون.

**چۆن یارییەکەتان بردەوە؟**

**کێ شاری سلێمانی دروستکرد؟**

ب. بەهۆی ئاوازەوە ڕستەی پرسیاری دروست دەبێت، واتە لەم جۆرەدا جێناوەکانی پرسیاری بەشداری لە دروستکردنی ڕستەی پرسیاری ناکەن، بەڵکو تەنیا نیشانەی پرسیار لە ڕستەدا دەبینرێت. ئاوازەش زیادە پاڵەپەستۆیەکە دەکەوێتە سەر وشەیەک لە وشەکانی نێو ڕستە، ئەم پاڵەپەستۆیەش بکەوێتە سەر هەر وشەیەک لە وشەکانی ڕستەکە، ئەوە پرسیارەکە تایبەت دەبێت بەو وشەیە. بۆ نموونە:

**قۆناغی دووەم دوێنێ هەموویان ئامادەبوون.** ڕستەی هەواڵگەیاندن.

- **قۆناغی دووەم دوێنێ هەموویان ئامادەبوون؟** پرسیارکردنەکە لەبارەی (قۆناغی دووەم) دەکرێت.

- **قۆناغی دووەم دوێنێ هەموویان ئامادەبوون؟** پرسیارکردنەکە لەبارەی (دوێنێ) دەکرێت.

- **قۆناغی دووەم دوێنێ هەموویان ئامادەبوون؟** پرسیارکردنەکە لەبارەی (هەموویان) دەکرێت.

**- قۆناغی دووەم دوێنێ هەموویان ئامادەبوون ؟**[1] پرسیارکردنەکە لەبارەی (ئامادەبوون) دەکرێت.

ئەگەر سەیرێکی ئەم ڕستانەی سەرەوە بکەین، دەبینین پرسیارکردنەکە هەر جارەی لە وشەیەکەوە دەکرێت، هەر بۆیەش وەڵامدانەوەکەش دەبێت پەیوەست بێت بە هەمان وشەوە، هەروەکو لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

وەڵامی پرسیاری ڕستەی یەکەم:

**بەڵێ قۆناغی دووەم. نەخێر قۆناغی یەکەم.**

وەڵامی پرسیاری ڕستەی دووەم:

**بەڵێ دوێنێ. نەخێر پێرێ.**

وەڵامی پرسیاری ڕستەی سێیەم:

**بەڵێ هەموویان. نەخێر هەندێکیان.**

وەڵامی پرسیاری ڕستەی چوارەم:

**بەڵێ ئامادەبوون. نەخێر ئامادەنەبوون.**

### ٣. ڕستەی فەرماندان

بەو ڕستانە دەوترێت، کە کەسی یەکەم، واتە قسەکەر داوا لە کەسی دووەم، واتە گوێگر دەکات، کارێک ئەنجامبدات یان ئەنجامنەدات.

### جۆرەکانی ڕستەی فەرماندان

هەندێ لە زمانەوانان فەرماندان بەسەر دوو جۆردا دابەشدەکەن: [١]

**١ـ فەرماندانی بەهێز:** لێرەدا قسەکەر دەسەڵاتی بەسەر گوێگردا هەیە و دەڕوات و لە ڕووی پلە و پایە و تەمەنەوە قسەکەر لە گوێگر گەورەترە.

- **نەسرین بڕۆ.**
- **هەڵمەتبەرن.**
- **دەرگاکە داخە.**
- **شێرزاد دانیشە.**
- **ئەحمەد کتێبەکە هەڵگرە.**

**٢. فەرماندانی بەڕێز:** لێرەدا قسەکەر دەسەڵاتی بەسەر گوێگردا نییە و ناڕوات و لە ڕووی پلە و پایە و تەمەنەوە قسەکەر لە گوێگر بچووکترە یان هاوتەمەنن. هەندێ جاریش ئەگەر قسەکەر دەسەڵاتیشی بەسەر گوێگردا بڕوات، ئەوە نایەوێت فەرمانێکی بەهێز

---

[١] ـ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ(د)(٢٠٠٦)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل٥٠ ـ ٥٢.

بەسەر گوێگردا بچەسپێنێ، بەڵکو شێوازێکی ڕێزگرتن بەکاردێنێت. وەک:

- تکایە نەسرین بڕۆ.
- بە یارمەتیت جامێک ئاوم بۆ بێنە.
- بێزەحمەت دەرگاکە داخە.
- فەرموون، دانیشە.
- ببورە کتێبەکە هەڵگرە.

**تایبەتمەندییەکانی ڕستەی فەرمانـدان لە زمانی کوردیدا**

١ـ دەشێ ڕستەی فەرماندان تەنیا لە کاری فەرماندان پێکبێت، وەک:

**بڕۆ.**

**دانیشە.**

**بخوێنە.**

٢ـ لە زمانی کوردیدا دروستکردنی ڕستەی فەرماندان پەیوەستە بە کاری فەرماندان، وەک:

**ئازاد نامە دەنووسێت.**

**ئازاد نامە بنووسە.**

٣ـ لە ڕستەی فەرماندانـدا گوێگر بەدوای دروستی و نادروستی ڕستەکە ناگەڕێت، بەڵکو لەسەریەتی تەنیا کارەکە جێبەجێ بکات.

٤ـ لە ڕستەی فەرماندانـدا نیشانەی خاڵ(.) لە کۆتایی ڕستە دادەنرێت.

٥. کردەی قسەکردن لە ڕستەی فەرماندانداندا، ئاوازەکەی لە بەرزەوە بەرەو نزمییەوە دەڕوات.

## یاساکانی دروستکردنی ڕستەی فەرماندان لە زمانی کوردیدا

لە زمانی کوردیدا دروستکردنی ڕستەی فەرماندان پەیوەستە بە کاری فەرماندانەوە. دەستووری سەرەکی کاری فەرماندانیش لە زمانی کوردیدا بریتییە لە:

**١. بۆ حاڵەتی ئەرێ:**

**بـ + ڕەگی کار + جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی چوارەم(ە، ن)**

**خوێندن ←—— خوێن ←—— بخوێنە ←—— بخوێنن**

ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی نەبزوێن هاتبێت، ئەوە جێناوە لکاوەکانی (ە، ن) بە ڕەوانی بە ڕەگەکەوە دەلکێن، بەهۆیەوە کاری فەرماندان دروستدەکرێت، بەڵام ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبێت، ئەوە جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک (ە) دەرناکەوێت، کەچی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ (ن) دەردەکەوێت، وەک:

| چاوگ | ڕەگی کار | کاری فەرماندان |
|---|---|---|
| کردن | کە | بکە، بکەن |
| بردن | بە | ببە، ببەن |
| شوشتن | شۆ | بشۆ، بشۆن |
| ڕۆیشتن | ڕۆ | بڕۆ، بڕۆن |
| خواردن | خۆ | بخۆ، بخۆن |

| | | |
|---|---|---|
| نووستن | نـوو | بنوو، بنوون |
| وتن (گوتن) | ڵـێ | بڵێ، بڵێن |

هەردوو چاوگی (هاتن، چوون) لەسەر دەستوور ناڕۆن:

| چـاوگ | ڕەگی کار | کاری فەرماندان |
|---|---|---|
| هـاتن | هێ (ێ) | وەرە، وەرن |
| چوون | چ | بچۆ، بچن |

تێبینی/ لە شارۆچکەی کەلار و شوێنەکانی تری ناوچەی گەرمیان، چاوگی(هـاتن) بـۆ کردنـی بە کـاری فەرمانـدان لەسـەر دەسـتوور دەڕوات، واتە بەمشێوەیەی لێدێت:

**هاتن ⟵ هێ(ێ) ⟵ بێ، بێن**

**٢- بۆ حاڵەتی نەرێ:**

**مە + ڕەگی کار + جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵـەی چوارەم(ە، ن)**

**بـخوێنە ⟵ مـەخوێنە**

چاوگی (هـاتن) وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد لە حـاڵەتی ئەرێـی فەرمانـدان لە دەسـتوور لادەدات، بەڵام لە حـاڵەتی نەرێـدا دەگەڕێتەوە سـەر دەسـتوور، بەمشێوەیە:

| چـاوگ | ڕەگی کار | کاری فەرماندان |
|---|---|---|
| **هـاتن** | **هێ (ێ)** | **مەیێ(مێ)، مەیێن(مێن)** |

لە کاری سادەدا، دەبێ نیشانەی(ب)ی فەرماندانی دەرکەوێت، بەڵام لە کاری داڕژاو و لێکدراودا نیشانەی (ب)ی فەرماندان دەشێ دەرنەکەوێت. وەک:

| کاری فەرماندان | ڕەگی کار | چاوگ |
|---|---|---|
| سەرکەوە، سەرکەون | سەرکەو | سەرکەوتن |
| دانیشە، دانیشن | دانیش | دانیشتن |
| دابەزە، دابەزن | دابەز | دابەزین |
| هەڵگرە، هەڵگرن | هەڵگر | هەڵگرتن |
| داخە، داخەن | داخە | داخستن |

بەڵام نیشانەی نەرێی فەرماندان(مە)، لە سادە و داڕژاو و لێکدراودا هەر دەبێت دەرکەوێت و بنووسرێت، وەک:

**بڕۆ ← مەڕۆ**

**دانیشە ← دامەنیشە**

**سەرکەوە ← سەرمەکەوە**

وەکو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد، کە کاری فەرماندان بەهۆی ڕەگی کارەوە دروستدەکرێت، کەچی لە هەندێ حاڵەتدا ڕەگی کار زیاتر لە شێوەیەکی هەیە، بە نموونە چاوگی (هاویشتن) یەکێکە لەو چاوگانەی، کە لە زمانی کوردیدا زیاتر لە ڕەگێکی هەیە، وەک:

هاویشتن[1]
- هاوێژ ← بهاوێژە، بهاوێژن
- هاوێ ← بهاوێ، بهاوێن
- اوێ ← باوێ، باوێن

لە زمانی کوردیدا هەندێ دەستەواژە و ڕستەمان هەیە، کە بەبێ ئەوەی مۆرفیمی فەرماندان لە ڕستەدا بوونی هەبێ، کەچی ڕستەکە بۆ مەبەستی فەرماندان بەکاردێت. وەک:

**- وەستان قەدەغەیە.**

**- جگەرەکێشان قەدەغەیە.**

لەم دوو ڕستەیەدا، وشەی (قەدەغە) ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە دروستکردنی ڕستەی فەرماندا.

1- قەیس کاکل تۆفیق(١٩٩٥)، ل ٣١.

### ٤. ڕستەی سەرسوڕمان

بەو ڕستانە دەوترێت، کە قسەکەر هەستی خۆی بەرانبەر دەوروبەری دەردەبڕێ، ئەم هەست دەربڕینەش یان بۆ حاڵەتی خۆشییە یان بۆ حاڵەتی ناخۆشییە.

### تایبەتمەندییەکانی ڕستەی سەرسوڕمان لە زمانی کوردیدا

١. لە ڕستەی سەرسوڕمانیدا نیشانەی سەرسوڕمانی(!) لە ڕستەدا دەبینرێت.

٢ـ لە ڕستەی سەرسوڕمانیدا وشەی سەرسوڕمانی بەشداری لە ڕستەدا دەکات.

٣ـ دەشێ وشەی سەرسوڕمانی لە ڕستەکەدا نەبینرێ، بەڵام نیشانەی سەرسوڕمانییەکە هەر دەمێنێ.

٤. قسەکەر بە بێ گرنگیدان بە بوونی یان نەبوونی گوێگر، هەستی خۆی بەرانبەر بە توخمێک بە چاک یان بە خراپ دەردەبڕێ.[١]

٥ـ کردەی قسەکردن لە ڕستەی سەرسوڕماندا، ئاوازەکەی لە نزمی بەرەو بەرزییەوە دەڕوات.

وەکو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد، کە ڕستەی سەرسوڕمانی بۆ دوو شێواز بەکاردێت:

**شێوازی یەکەم:** بۆ حاڵەتی خۆشییە، لەم جۆرەدا قسەکەر هەستی خۆشی خۆی بەرانبەر دیاردەیەکی دەوروبەری دەردەبڕێت، بۆیە

---

[١]- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ(د)(٢٠٠٦)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ٥٦.

لەمجۆرەدا وشەکانی (هەربژی، ئافەرین، ئۆخەی،دەستخۆش......) بەکاردێت، واتە لەمجۆرەدا قسەکەر هەستی خۆی بەڕاستی و بەبێ دەستکاری وەک چۆن لە دەروونیدا هەیە دەریدەبڕێت، بەجۆرێک ئەمجۆرەیان بۆ مەبەستی هاندان و دەستخۆشی کردنی بەکاردێت. وەک:

**ئۆخەی! لەم بابەتە ڕزگارمان بوو.**

**ئافەرین! بەیەکەم دەرچووی.**

**شێوازی دووەم:** ڕستەی سەرسوڕمانی کە بۆ حاڵەتی ناخۆشی بەکاردێت، لەم جۆرەدا قسەکەر هەستی ناخۆشی خۆی بەرانبەر بە دیاردەیەکی دەوروبەر دەردەبڕێت. لەم حاڵەتەشدا وشە سەرسوڕمانەکانی (ئاخ، ئۆف، پەکو، ئای،.....) بەکاردێ، ئەمجۆرە بۆ داشۆرین و شکاندن و لایەنی خراپەکاری بەکاردێت. وەک:

**ئاخ! لەم منداڵە.**

**ئۆف! لە کچی ئەم زەمانە.**

لە زمانی کوردیدا ڕستەی سەرسوڕمانی بە دوو حاڵەتی جیاواز دروست دەبێت:

یەکەم/ بەهۆی وشەی سەرسوڕمانییەوە ڕستەکە دروستدەکرێت، لەم جۆرە نیشانەی سەرسوڕمانی دەکەوێتە دوای وشەی سەرسوڕمانییەکەوە. وەک:

**ئافەرین! بە یەکەم دەرچووی.**

دووەم/ بەبێ بەشداربوونی وشەی سەرسوڕمانی ڕستەکە دروست دەکرێت، چونکە لەم جۆرەدا بەڕێگەی ئاوازەوە ڕستەکە

دروســتدەکرێت. لەم حاڵەتەشــدا نیشــانەی سەرســوڕمانی دەکەوێــتە کۆتایی ڕستەکەوە. وەک:

**خـانوویەکی گــەورەیــە!**

**ماڵێکی خۆشە!**

سەرســوڕمانی لەنێــو خۆیــدا بە چەنــدین شــێواز دەردەکەوێــت، لەوانە:[1]

١ـ سەرسوڕمانی: **وای! لەم منداڵە پیس و پۆخڵەی.**

٢ـ تووکلێکردن: **تەمەنت کورت بێت! ڕووت ڕەشبێت!**

٣ـ نەفرەتلێکردن: **ئەوەی ڕێگەی لە کوردان گۆڕی لەعنەتی خوا لە ئەلحەد و گۆڕی !**

٤ـ جنێوپێدان: **نامەرد! بێئابڕوو! بێشەرم!**

٥ـ پاڕانەوە: **خودایە ئەم زوڵمە قبووڵ نەکەی!**

٦ـ وەسفکردن: **کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش!**

---

[1] ـ عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ(د)(٢٠٠٦)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل٥٥ ـ ٥٦.

## ٥. ڕستەی بانگکردن

### چەمک و پێناسەی ڕستەی بانگکردن:

تا ئێستا کۆمەڵێ پێناسە لەبارەی بانگکردنەوە خراونەتەڕوو، لەوانە:

- بانگکردن دۆخێکی ڕێزمانییە، بۆ سەرنجڕاکێشان و ئاگادارکردنەوەی گوێگر بەکاردێ، بەهۆی هەندێ دەستەواژەی تایبەتەوە کاری پەیوەندیکردنەکە ئەنجام دەدرێ.

- بانگکردن بۆ ئاگادارکردنەوەی یەکێک بەکاردێ، هەروەها دەتوانرێ بۆ پیشاندانی پەیوەندی قسەکەر بە گوێگرەوە بەکاربهێنرێ، بەهۆی بەکارهاتنی فۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، کە پایەی کۆمەڵایەتی پیشاندەدەن.

- بانگکردن وەکو فرێزێکی ناوی بۆ ناونیشانی کەسێ بەکاردێ، لە دەربڕینی دەستووری پەیوەندیکردنی بانگکردندا گۆڕانی چینی دەنگ ئەرکەکە جێبەجێ دەکات و لە بەشێک لە زمانەکاندا وەکو دۆخێکی سەرەکی لەپاڵ دۆخەکانی تردا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ.

- بانگکردن بریتییە لە ئاگادارکردنەوەی بانگکراو، بۆ ئەوەی گوێت لێ بگرێ یان بەرەو لات بێت، واتە داوایەکە ئاراستەی بانگکراو دەکرێ، بە بەکارهێنانی یەکێ لەو مۆرفیمانەی تایبەتن بەم مەبەستە.

- بانگکردن بریتییە لە وریاکردنەوەی وەرگر لەلایەن نێرەرەوە، بە مەبەستی ئاراستەکردنی داوایەک یان ئامادەکردنی وەرگر بۆ

گوێگرتن لە زانیارییەک، ئینجا ئەم زانیارییە داوا بێ، یان فەرمان، یان دەربڕینی هەر مەبەستێک بێت لە مەبەستەکانی بانگکردن.

**مۆرفیم و ئامرازەکانی بانگکردن:**

**١. مۆرفیمی** (**ئەی**): ئەم مۆرفیمە چەند سیمایەکی هەیە، لەوانە:

- هەردەم دەکەوێتە پێش ناوی بانگکراو.
- بەزۆری لەگەڵ ناوی بانگکراوی گشتیی تاک و کۆ، گیاندار و بێگیان بەکاردێ.

**ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە.**

- بۆ دوعاکردن بەکاردێ، وەک:

**ئەی خودای گەورە، کوڕەکەم لە ئێش و ئازار ڕزگار بکەی.**

- بۆ هاندان بەکاردێ، وەک:

**ئەی پێشمەرگە قارەمانەکان، ئێوە ڕەمزی خۆڕاگرین.**

- بۆ هاوارکردن بەکاردێ، وەک:

**ئەی هاوار خەڵکینە فریامان کەون.**

- بە زۆری بۆ بانگکردنی نزیک بەکاردێ.

**٢. مۆرفیمی** (**هۆ**) **و شێوەکانی** (**هۆو، هۆهۆ، هۆی**)

- ئەم مۆرفیمە کاتێ بەکاردێ، کە دوورییەکی دیاریکراو لەنێوان نێرەر و وەرگردا هەبێت، بەپێی ئەم دوورییەش نێرەر یەکێ لەم شێوانە بەکاردێنێ:

**هۆو قادر ئاوەکەم بۆ بەردەوە.**

**هۆ کابرا هۆو، ولاغەکە لە دەغڵەکە دەرکە.**

- بۆ هەڕەشەکردن بەکاردێ، وەک:

**هۆی کوڕە لەگەڵ تۆمە، زمانت بگرە.**

- ئەم مۆرفیمە زیاتر لە ئاخاوتنی ئاسایی بەکاردێت نەک زمانی شیعریی.

**٣. مۆرفیمی (ئەرێ)**

- لە ڕستەی پرسیاریدا دێت، وەک:

**ئەرێ درەختەکانت ئاودا؟**

- لە ڕستەی فەرماندا دێت، وەک:

**ئەرێ دە وەرە لام.**

- بۆ هەڕەشەکردن بەکاردێ، وەک:

**ئەرێ خۆ تۆ گەورەی من نیت.**

- بۆ ئاگادارکردنەوە بەکاردێ، وەک:

**ئەرێ دەبا بەس بێت.**

- لە گۆڕینەوەی پەیامدا، ماوەی نێوان نێرەر و وەرگر نزیکە.

**٤. مۆرفیمی (هێ)**

- زیاتر لەگەڵ ڕەگەزی مێ دێت، بەڵام دەشێ لەگەڵ ڕەگەزی نێریش بێت، وەک:

**هێی کچێ دانیشە.**

**هێی کوڕە لەگەڵ تۆمە.**

ـ زیاتر لە ئاخاوتن و زمانی ئاسایی بەکاردێ و کەمتر لە زمانی نووسین و زمانی شیعر دەبینرێت.

**٥. مۆرفیمی (یا)**

ـ بۆ نزیک بەکاردێ.

ـ لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە.

ـ زیاتر لەگەڵ ئەو وشانە بەکاردێت، کە چەمکی ئایینیان هەڵگرتووە.

**یا ئەللا.. یا پێغەمبەر....**

ـ لەگەڵ شێوازی دوعاکردن بەکاردێ.

**یا ڕەبی خوا لێت خۆشبێ.**

**نیشانەکانی بانگکردن**

١ـ (ە،ۆ) بۆ تاکی نێر بەکاردێ.

**کوڕە وەرە بخوێنە.**

**خالۆ دانیشە.**

٢ـ (ێ) بۆ تاکی مێ بەکاردێ.

**کچێ کارەکە ئەنجام بدە.**

٣ـ (ینە) بۆ کۆی نێر و مێی بەکاردێ.

**ئەی کوڕینە وەرنە زانکۆ.**

**تایبەتمەندییەکانی ڕستەی بانگکردن**

١. بانگکردن لەنێوان دوو کەسدا (نێرەر و وەرگر) دەبێت.

٢. تەنیا کەسی دووەم بانگدەکرێت.

٣. بەگشتی بانگکردن هەواڵێک نییە لەسەر کەسێک، بەڵکو دەکرێ بوترێت هەواڵێکە لەسەر بانگکەر، بۆ ڕاکێشانی سەرنج و سۆزی بانگکراو، تا ئامادە بێ بۆ گوێگرتن.

٤. ڕستەی بانگکردن هەڵە و ڕاستی هەڵناگرێت.

٥. کاتی بانگکردن لەگەڵ قسەکردندا تەواو دەبێت، واتە کاتی ئێستایە.

٦. بانگکردن بە دەستپێک و سەرەتای ئاخاوتن دادەنرێت، بانگکردنەکە ئەو کاتە نامێنێت، کە بانگکراو داواکەی بانگکەری جێبەجێ کرد.

٧. بانگکردن کاردانەوە لە وەرگردا دروست دەکات، کارەکی بێت یان زارەکی، دەشێ هاتنی گوێگر بێت بۆ لای قسەکەر یان پیشاندانی هەر هەڵوێستێکی کارەکی و نواندنی هەر ڕەوشتێک یاخود تەنیا وەڵامدانەوە بە قسە بێت.

دووەم: جۆرەکـانی ڕسـتە لە ڕووی پێکهـاتنەوە (فـۆرم، ڕۆنـان، دروستبوون)

١. ڕستەی سادە:

أ.سادەترین ڕستە

ب.ڕستەی سادەی ئاسایی

جـ.ڕستەی سادەی فراوانکراو

٢. ڕستەی لێکدراو:

أ.ڕستەی لێکدراوی هـاوڕێک

ب.ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردن

جـ.ڕستەی لێکدراوی پێچەوانە

د.ڕستەی لێکدراوی نـەرێنی

٣. ڕستەی ئاڵۆز:

أ.شـاڕستە

ب.پاڕستە

## دووەم: جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی پێکهاتنەوە(فۆڕم، ڕۆنان، دروستبوون)

لە زمانی کوردیدا جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی پێکهاتنەوە دەبێتە سێ جۆر:

**١. ڕستەی سادە**

بەو ڕستانە دەوترێت، کە لە یەک ڕستە پێکدێن، یاخود بەو ڕستانە دەگوترێت، کە تەنیا کارێکیان تێدایە، یاخود بەو ڕستانە دەوترێت، کە لە ڕەگی کار و پێویستییەکانی پێکدێت. کەواتە ڕستەی سادە ڕستەیەکە تەنیا کارێکی تێدا ئەنجام دەدرێت.

ڕستەی سادەش سێ جۆرە:

**أ. سادەترین ڕستە:** بەو ڕستانە دەوترێت، کە لە یەک وشە پێکدێت، وەک:

**ڕۆیشت.**

**کەوت.**

**مرد.**

**ب . ڕستەی سادەی ئاسایی**

بەو ڕستانە دەوترێت، کە تەنیا کارێکیان تێدایە، لە هەمان کاتیشدا ئەم ڕستانە تەنیا کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە دەگرێتەخۆ، ئەم کەرەسە سەرەکیانەش لە هەر سێ حاڵەتی (کاری تێپەڕ، کاری تێنەپەڕ، کاری ناتەواو ) بەکاردێت.

**کاری تێپەڕ ⟵ بکەر + بەرکاری ڕاستەوخۆ + کاری تێپەڕ**

**كارزان ئۆتۆمبێلەكەی كــڕی.**

بكەر ب.ڕاستەوخۆ كاری تێپەڕ

**- سیروان وانــەكــەی خوێند.**

بكەر بەركاری ڕاستەوخۆ كاری تێپەڕ

**كاری تێنەپەڕ ← بكەر + كاری تێنەپەڕ**

**شـیلان هـــات.**

بكەر كاری تێنەپەڕ

**- نــازدار مــرد.**

بكەر كاری تێنەپەڕ

**- سۆران نوستووە.**

بكەر كاری تێنەپەڕ

**كاری ناتەواو ← نیهاد + گوزارە(وشە + كاری ناتەواو)**

**ئەحمەد زیـرەكـــە.**

نیهاد گوزارە كاری ناتەواو

**- بەناز جـوانـــە .**

نیهاد گوزارە كاری ناتەواو

### ج/ ڕستەی سادەی فراوانکراو

بەو ڕستانە دەگوترێت، کە جگە لە کەرەسە سەرەکییەکان، ئەوە کەرەسە لاوەکییەکان بەشداری لە فراوانکردنی ڕستەکەدا دەکەن، وەک:

**- دوێنێ ئێوارە ئەحمەد نانی بە کەوچک خوارد.**

**- بەناز لەڕێگەی ئۆتۆمبێلەکەوە هات.**

**- شەماڵ دوێنێ بەیانی زۆر بەخێرایی هات.**

## ٣. ڕستەی لێکدراو

بەو ڕستانە دەگوترێت، کە لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت، یاخود بەو ڕستانە دەوترێت، کە زیاتر لە کارێکیان تێدایە، یاخود بەو ڕستانە دەوترێت، کە ئامرازی لێکدەر بەشداری لە دروستکردنی ڕستەکە دەکات. لە ڕستەی لێکدراودا ئامرازەکانی لێکدەر ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە دەستنیشانکردنی جۆری ڕستە لێکدراوەکان.

### جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا

لە زمانی کوردیدا دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو بە ئامرازی لێکدراوەوە بەستراوەتەوە و چوار جۆر ڕستەمان هەیە:

### أ/ ڕستەی لێکدراوی هاوڕێک

جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو، لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت و بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە دروستدەکرێت. ئەم جۆرە ڕستەیە لە ڕووی ئەنجامدانی کاری ڕستەکانیان هاوڕێکن و بە زۆری

کــاری ڕســتەکان لە شــێوەی ئەرێــدا دەبینــرێن و هەمــان ئاراســتە وەردەگــرن.[1] ئەو ئــامرازانەی بەشــداری لە دروســتکردنی ڕســتەی لێکدراوی هاوڕێکدا دەکەن، بــریتین لـــــە: ( و ـ ، ـ هەرووەهــا ـ ئینجا ......هـتد).

**ئازاد ڕۆیشت و محەمەد هـــات.**

**بەناز، شیلان و ئەحمەد دەرچـوون.**

**کارزان مرد ئینجا ئەحمەد مرد.**

**شەماڵ و هەردی هـــــاتـن.**

**ب/ ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردن**

جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو، لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکـدێت، لەم جـۆرە ڕســتانەدا تەنیـا یەکێـک لە کارەکـان لە شــێوەی هەڵبـژاردن جێبەجێـدەکرێن. ئەوئـامرازانەی کە لە ڕســتەی لێکـدراوی هەڵبــژاردن بەشــداری دەکەن، بــریتین لـــە: (یـــان.....یـــان، یـــان، یـا.......یا، یا، چ.....چ).

**یان بــڕۆ یان دانیشـــــە.**

**یا بخوێنە یا واز لە خوێندن بێنە.**

**بــــڕۆ یا دانیشـــــە.**

---

[1] ـ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ(د)(٢٠٠٦)، ل ٤٧.

**چ گۆڤارەکەم بۆ بهێنی، چ کتێبەکە.**[1]

**ج/ ڕستەی لێکدراوی پێچەوانە**

جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو، لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت، ئەم ڕستەیە پێچەوانە و دژایەتی نێوان دوو دیاردە، ڕووداو، بیر نیشاندەدات.[2] بەو واتایەی ڕستەی دووەم پێچەوانەی ڕستەی یەکەم دەبێت، لەم جۆرە ڕستەیەدا ئامرازەکان بریتین لە: (بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەرچی، کەچی،......).وەک:

**شیلان زیرەکە بەڵام ناخوێنێ.**

**یانەی ڕیاڵ مەدرید یانەیەکی بەهێزە، لەگەڵ ئەوەشدا جامەکەی نەهێنا.**

**د/ ڕستەی لێکدراوی نەرێنی (نەفی)**

جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو، لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت، ئەم ڕستانە لە شێوەی نەرێدا دەبینرێن و هیچیان جێبەجێ ناکرێن، ئامرازی(نە ....نە) ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە دروستکردنی ڕستەی لێکدراوی نەرێنی. وەک:

**نە دەڕوات نە دادەنیشێ.**

---

[1]- یوسف نوری محەمەدئەمین(٢٠١٠)، هەندێ لایەنی ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا ـ بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، ل٦٥.

[2]- ئەورەحمانی حاجی مارف(د)(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، ل١٩١ .

**نـە دەخوێنێ نـە واز دەهێنێ.**
**نە شاییکەرم نە شاباشدەرم.**[1]

**٣. ڕستەی ئاڵـۆز**

لە زمــانی کوردیــدا جــگە لە زاراوەی ڕســتەی ئــاڵۆز، ئەوە زاراوەکـانی (ڕسـتەی تـێکەڵ، ڕسـتەی ئـاوێتە) بەکاردێـت، کە هەر هەمان مەبەست دەگەیەنن.

ڕسـتەی ئـاڵۆزیش بەو ڕسـتانە دەوترێـت، کە لە دوو ڕسـتە یـان زیاتر پێکدێن و بەهـۆی ئامرازی لێکدەرەوە ڕستەکان لێکدەدرێن. لە ڕسـتەی ئـاڵۆزدا دوو جـۆر ڕسـتە دەبینرێـت، کە بـریتین لــــــە: (شــارستە و پــارستە).

**شــاڕستە:** ڕسـتەیەکی سـەرەکییە و بە تەنیـا بەکاردێت و بە تەنیـا واتا دەبەخشێت.

**پــاڕستە (ڕسـتەی شـوێنکەوتوو، لاڕسـتە، ڕسـتەی دیـارخەر):** ڕسـتەیەکی ناسـەرەکییە، چـونکە تەنیـا ڕۆڵـی دیـارخەر دەبینـێ و بە تەنیـاش بەکارنـایەت و واتـا نابەخشـێ، بەڵکـو واتـاکەی بە واتـای شاڕستەوە بەستراوەتەوە و ئامرازی لێکدەری لەگەڵدایە.

وەکـو لەپێشـەوە ئاماژەمـان بـۆی کـرد، کە ڕسـتەی ئـاڵۆز دوو ڕسـتە دەگرێتەخـۆ، یەکێکیـان پێـی دەوترێـت (شــاڕستە)، ئەویتریـان (پاڕستە)، ئامرازە لێکدەرەکەش لە ڕستەدا دەچێتە پاڵ پاڕستەکەوە.

**ـ ئەحمەد کە هاندەرێکی سەرسەختی بەرشلۆنەیە، نەهاتبوو.**

---

[1]ـ یوسف نوری محەمەدئەمین(٢٠١٠)، ل ٦٥.

شاڕستە ⟵ ئەحمەد نەهاتبوو.

پاڕستە ⟵ کە هاندەرێکی سەر سەختی بەرشلۆنەیە.

**ـ کەرکـووک کە لە مێـژوودا بە ئارابخـا ناسـرابوو، شـارێکی کوردستانییە.**

شاڕستە ⟵ کەرکووک شارێکی کوردستانییە.

پاڕستە ⟵ کە لەمێژوودا بە ئارابخا ناسرابوو.

**ـ هەولێر کە پایتەختی کوردستانە،شارێکی خۆشـە.**

شاڕستە ⟵ هەولێر شارێکی خـۆشـە.

پاڕستە ⟵ کە پایتەختی کوردستانە.

**سلێمانی کە مەڵبەندی ڕۆشنبیرانە، شارێکی گەشتیارییە.**

شاڕستە ⟵ سلێمانی شارێکی گەشتیارییە.

پاڕستە ⟵ کە مەڵبەندی ڕۆشنبیرانـە.

پاڕسـتە هەمیشـە لە ڕسـتەدا دەبێـتە دیـارخەر بـۆ شاڕسـتە، بە واتـایەکی تـر پاڕسـتە لە ڕسـتەدا ڕۆڵـی ڕوونکـردنەوەی شاڕسـتە دەبینێت.

بەشێوەیەکی گشتی شاڕستە لە سـەرەتای ڕسـتەدا دێت، بەڵام دەشێ پاڕستەش لە سەرەتای ڕستەدا بێت، وەک:

**ـ کە بەهار هات، دەچینە سەیران.**

پاڕستە ⟵ کە بەهار هات

شاڕستە ⟵ دەچینە سەیران

## جۆرەکانی پاڕستە

لە زمانی کوردیدا پاڕستە بەسەر چوار جۆری سەرەکی دابەشدەکرێت، بەمشێوەیەی خوارەوە:

### یەکەم / پاڕستەی ناوی

ئەو جۆرە ڕستە لاوەکی و دیارخەرانە دەگرێتەوە، کە ناوێک لە ناوەکانی نێو شارستەکە پتر ڕووندەکاتەوە. پاڕستەی ناویش بەگوێرەی ئەرکی ناوی شارستەکەوە جۆرەکەی دیاری دەکرێت، کە بەمشێوەیە:[1]

#### ١. پاڕستەی دیارخەری بکەر

لەمجۆرەدا ناوی نێو شارستەکە ئەرکی بکەری هەیە، بۆیە پاڕستەکەش ئەم ناوە زیاتر ڕووندەکاتەوە و دیاری دەخات و ئەرکی بکەر دەبینێت. وەک:

**- ڕژێمی بەعس <u>کە ئێستا لە زبڵدانی مێژوودایە</u>، نیو سەدە کوردی چەوساندەوە.**

لەم ڕستەیەدا پاڕستەی (کە ئێستا لە زبڵدانی مێژوودایە)، بۆتە دیارخەری بکەری وشەی(ڕژێمی بەعس)ی نێو شارستەکە.

#### ٢. پاڕستەی دیارخەری بەرکاری ڕاستەوخۆ

لەمجۆرەدا ناوی نێو شارستەکە ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆی هەیە، بۆیە پاڕستەکەش ئەم ناوە زیاتر ڕووندەکاتەوە و دیاری دەخات و ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینێت. وەک:

---

[1]- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ(د)(٢٠٠٦)، ل ٣٧ ـ ٤٠.

**سەددام هەڵەبجەی بۆردوومانکرد، که هێرۆشیمای کوردستانە.**

لەم ڕستەیەدا پاڕستەی(کە هێرۆشیمای کوردستانە)، بۆتە دیارخەری بەرکاری ڕستەوخۆی وشەی (هەڵەبجە)ی نێو شاڕستەکە.

**٣. پاڕستەی دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ**

لەمجۆرەدا ناوی نێو شاڕستەکە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆی هەیە، بۆیە پاڕستەکەش ئەم ناوە زیاتر ڕووندەکاتەوە و دیاری دەخات و ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینێت. وەک:

**ئازاد بە ئۆتۆمبێلەکەی کە تازەی کڕیبوو، هات.**

لەم ڕستەیەدا پاڕستەی(کە تازەی کڕیبوو)، بۆتە دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆی وشەی (ئۆتۆمبێلەکە)ی نێو شاڕستەکە.

**٤. پاڕستەی دیارخەری نیهاد**

لەمجۆرەدا ناوی نێو شاڕستەکە ئەرکی نیهادی هەیە، بۆیە پاڕستەکەش ئەم ناوە زیاتر ڕووندەکاتەوە و دیاری دەخات و ئەرکی نیهاد دەبینێت. وەک:

**هەولێر کە پایتەختی کوردستانە، شارێکی خۆشە.**

لەم ڕستەیەدا پاڕستەی(کە پایتەختی کوردستانە)، بۆتە دیارخەری نیهادی وشەی (هەولێر)ی نێو شاڕستەکە.

## دووەم / پـاڕستەی کـاری

ئەو جـۆرە ڕسـتە لاوەکـی و دیـارخـەرانە دەگـرێتەوە، کە کـاری شاڕســــتەکە پتــــر ڕوونــــدەکاتەوە. بەگــــوێرەی چـــۆنیەتی ڕوونکــردنەوەکەش، پاڕســتەی کــاری بــۆ ئەم جــۆرانەی خــوارەوە دابەشدەکرێت:

### ١. پاڕستەی کــات

بەو پاڕســتانە دەوترێـت، کە کـاتی شاڕسـتەکە نیشـاندەدات،[1] لەمجۆرەدا کاتی ڕوودانی کاری پاڕستەکە زانراوە و بەهـۆی ئەوەوە کـاتی ڕوودانـی کـاری شاڕسـتەش دەزانـرێ و دەتـوانرێ پاڕسـتە و شاڕستە پاش و پێش بکرێن. لەمجۆرەدا بەزۆری ئامرازی لێکدەری (کە) بەکاردێت.[2] وەک:

**کە ئەو هات، من لەوێ نەبووم.**

پاڕستە　　　شاڕستە

**کە دەچم بۆ قوتابخانە، دەفتەرەکەم لە ناسکە وەردەگرمەوە.**

پاڕستە　　　شاڕستە

---

١ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، ل١٨٧ .

٢ـ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل٤١.

### ٢. پاڕستەی هــۆ

بەو پاڕستانە دەوترێت، کە هـۆی ڕوودانـی کـاری شاڕسـتەکە نیشـــاندەدەن. لەمجـــۆرەدا ئـــامرازە لێکـــدەرەکانی (چـــونکە، لەبەرئەوەی....) بەکاردێن.[1] وەک:

**چونکە یەکناگرین، سەرناکەوین.**

پاڕستە ـــــ شاڕستە

**ناکرێ بەجێی بێڵم، لەبەرئەوەی زۆر نەخۆشە.**

شاڕستە ـــــ پاڕستە

### ٣. پاڕستەی ئەنجام

بەو پاڕســـتانە دەوترێـــت، کە ئەنجـــامی کـــاری شاڕســـتەکە دەردەخات، لەمجۆرەدا ئامرازی لێکدەری (بۆیە) بەکاردێت. وەک:

**یەکناگرین، بۆیە سەرناکەوین.**

شاڕستە ـــــ پاڕستە

**نازەنین باش دەخوێنێ، بۆیە بەیەکەم دەردەچێ.**

شاڕستە ـــــ پاڕستە

### ٤. پاڕستەی ئامانج

بەو پاڕستانە دەوترێت، کە ئامانجی ڕوودانی کاری شاڕستەکە دەردەخات. لەمجۆرەدا ئامرازە لێکدەرەکانی(تا، هەتا، تاکو، هەتاکو، بۆ ئەوەی ......) بەکاردێن. وەک:[1]

---

[1]. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١.

**کورد تێدەکۆشێت، بۆ ئەوەی مافی خۆی بەدەست بهێنێت.**

شارستە پارستە

**٥. پارستەی مەرج**

بەو پارستانە دەوترێت، کە مەرجی ڕوودان و دیاردەی کاری شارستەکە ئاشکرا دەکات. لەمجۆرەدا ئامرازە لێکدەرەکانی (ئەگەر، گەر ......) بەکاردێت. وەک:

**ئەگەر گوڵ نیت، دڕکیش مەبە.**

پارستە شارستە

**٦. پارستەی نیاز**

بەو پارستانە دەوترێت، کە نیاز و مەبەستی کاری شارستەکە ئاشکرا و ڕووندەکاتەوە. لەمجۆرەدا ئامرازی لێکدەری (کە) بەکاردێت. وەک:

**ڕەنج رووی لە تۆ نا، کە یارمەتییەکی بدەی.**

شارستە پارستە

**٧. پارستەی پێوانە**

بەو پارستانە دەوترێت، کە ڕادە و پێوانەی کاری شارستەکە دەردەخەن، واتە بوار و سنووری کارکردنەکەی دەستنیشان دەکەن. لەمجۆرەدا ئامرازە لێکدەرەکانی (کە، ئەوەندە، بەڕادەیەک، تا، هەتا، تاکو، هەتاکو) بەکاردێت. وەک:[٢]

---

[١]ـ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل ٤٢.

[٢]ـ هەمان سەرچاوە، ل ٤٢.

**<u>هەولێر بە ڕادەیەک ڕازاوەیە، کە هەر باسی ناکرێت.</u>**

شارستە پارستە

**<u>نەسرین ئەوەندە جوان بوو، تا دراوسێی خۆشی حەیرانی دەبوو.</u>**

شارستە پارستە

**سێیەم / پارستەی ئاوەڵناوی**

ئەو جۆرە ڕستە لاوەکی و دیارخەرانە دەگرێتەوە، کە واتاکەی بەندە بە واتای شارستەکەوە و وەسفی ناوێک لە ناوەکانی نێو شارستەکە دەکات(دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە ئەمجۆرەیان لەگەڵ پارستەی ناوی یەکدەگرێتەوە). وەک:

**ئەو چرایەی کە ڕووناک بوو، کوژایەوە.**

شارستە ← ئەو چرایە کوژایەوە.

پارستە ← کە ڕووناک بوو.

**کچەکەم دیت کە دەشەلی.**

شارستە ← کچەم دیت.

پارستە ← کە دەشەلی.

**چوارەم / پارستەی ئاوەڵکاری**

ئەو جۆرە ڕستە لاوەکی و دیارخەرانە دەگرێتەوە، کە واتاکەی بەندە بە واتای شارستەکەوە و وەسفی کاری شارستەکە دەکات (دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە ئەمجۆرەیان لەگەڵ پارستەی کاری یەکدەگرێتەوە). وەک:

**كارزان دەرمانی خوارد، بەڵكو چاكبێتەوە.**

شارستە پارستە

**ئاواز نەهاتە قوتابخانە، چونكە نەخۆش بوو.**

شارستە پارستە

## بەراوردێک لە نێوان پاڕستە و شاڕستە

| پاڕستە | شاڕستە |
|---|---|
| ١. جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستەی ئاڵۆز. | ١. جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستەی ئاڵۆز. |
| ٢. ڕستەیەکی ناسەرەکییە. | ٢. ڕستەیەکی سەرەکییە. |
| ٣ـــ بە تەنیـــا بەکارناییێـــت و بە تەنیاش واتا نابەخشێت. | ٣ـــ بە تەنیـــا بەکاردێـــت و بە تەنیاش واتا دەبەخشێت. |
| ٤. ئامرازی لێکدەرەی لەگەڵدایە. | ٤ـ ئـامرازی لێکـدەرەی لەگەڵـدا نییە. |
| ٥ـ پاڕسـتە جـۆری هەیە: نـاوی، کاری، ئاوەڵناوی و ئاوەڵکاری. | ٥. شاڕستە جۆری نییە. |
| ٦ـ پاڕسـتە هەمیشـە شاڕسـتە ڕووندەکاتەوە. | ٦ـــــ شاڕســـــتە، پاڕســـــتە ڕووننا‌کاتەوە. |
| ٧ـ واتاکـانی بەنـدە بە واتاکـانی شاڕستەوە. | ٧ـ واتـاکەی بەنـدە بە خـودی خۆی. |
| **. کە بەهار هات** | **. دەچینە سەیران** |

## بەراوردێک لەنێوان ڕستەی سادە و ڕستەی لێکدراو

| ڕستەی سادە | ڕستەی لێکدراو |
|---|---|
| ١. جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی پێکهاتنەوە. | ١ـ جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی پێکهاتنەوە. |
| ٢. لە ڕستەیەک پێکدێت. | ٢. لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت. |
| ٣. تەنیا کارێکی تێدایە. | ٣. زیاتر لە کارێکی تێدایە. |
| ٤. ئامرازی لێکدەری تێدا نییە. | ٤ـ بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە ڕستەکان لێکدەدرێن. |
| ٥ـ ڕستەی سادە سێ جۆری هەیە:(سادەترین ڕستە، ڕستەی سادەی ئاسایی، ڕستەی سادەی فراوانکراو). | ٥ـ ڕستەی لێکدراو چوار جۆری هەیە:(هاوڕێک، هەڵبژاردن، پێچەوانە، نەرێنی). |
| ٦. ڕستەیەکە و واتادارە. | ٦. ڕستەکانی نێو ڕستەی لێکدراو واتا دەبەخشن، چونکە دەتوانین لە شوێنی تردا بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکاریان بێنین. |
| ٧ـ جۆرەکانی ڕستەی سادە بەهۆی کورتی و درێژییەوە دیاری دەکرێن. | ٧ـ جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو بەهۆی ئامرازەکانەوە دیاری دەکرێن. |
| **. ئازاد ڕۆیشت.** | **. ئازاد ڕۆیشت و محەمەد هات.** |

## بەراوردێک لە نێوان ڕستەی لێکدراو و ڕستەی ئاڵۆز

| ڕستەی لێکدراو | ڕستەی ئاڵۆز |
|---|---|
| ١ــ لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت. | ١ــ لە دوو ڕستە یان زیاتر پێکدێت. |
| ٢. زیاتر لە کارێکی تێدایە. | ٢. زیاتر لە کارێکی تێدایە. |
| ٣ـ بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە ڕستەکان لێکدەدرێن. | ٣ـ بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە ڕستەکان لێکدەدرێن. |
| ٤. ڕستەی لێکدراو چوار جۆری هەیە:(هاوڕێک، هەڵبژاردن، پێچەوانە، نەرێنی). | ٤. ڕستەی ئاڵۆز دوو جۆری هەیە(شاڕستە، پاڕستە). |
| ٥ــ ڕستەکانی نێو ڕستەی لێکدراو واتا دەبەخشن، چونکە دەتوانین لە شوێنی تردا بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکاریان بێنین. | ٥ــ لە ڕستەی ئاڵۆزدا تەنیا شاڕستە واتا دەبەخشێت، چونکە لە شوێنی تردا دەتوانین بەشێوەی سەربەخۆ بەکاری بێنین، کەچی پاڕستە واتا نابەخشێ، چونکە ناتوانێت بە تەنیا بەکاربێت. |
| ٦ـ ئامرازی لێکدەر پەیوەندی بە هیچ یەکێک لە ڕستەکانی نێو ڕستەی لێکدراوەوە نییە. | ٦ـ ئامرازی لێکدەر پەیوەندی بە پاڕستەوە هەیە و لەگەڵیدا دێت. |
| **. ئازاد ڕۆیشت و محەمەد هات.** | **. کە ئەو هات، من لەوێ نەبووم.** |

# بەشی سێیەم
# کەرەسە سەرەکییەکانی ڕستە

# کەرەسـەکانی ڕستە

## ١. کەرەسـە سـەرەکییەکـانی ڕستە

بەو کەرەسانە دەوترێت، کە لە ڕستەدا بوونیان هەیە، بەجۆرێک ئەگەر کەرەسەکان لە ڕۆنانی سەرەوەشدا دەرنەکەون، ئەوە دەبێ لە ڕۆنـــانی ژێـــرەوەدا دەرکەون و بوونیـــان هەبێـــت. کەرەســـە سەرەکییەکانیش لە زمانی کوردیدا بە خودی کارەوە بەستراونەتەوە و بەسەر سێ حاڵەت دابەشدەکرێن:

**١. لە کاری تێپەڕدا ←ــــ بکەر + بەرکاری ڕاستەوخۆ + کاری تێپەڕ**

**کارزان ئۆتۆمبێلەکەی کـــڕی.**

بکەر ب.ڕاستەوخۆ کاری تێپەڕ

**٢. لە کاری تێنەپەڕدا ــــــــ←بکەر + کاری تێنەپەڕ**

**شـیلان هـــات.**

بکەر کاری تێنەپەڕ

**٣. لە کاری ناتەواودا ــــــــ←نیهاد + گوزارە**

ئـەحـمـەد زیـرەکــــە.

نیهاد گوزارە

وەکو ئاماژەمان بۆی کرد، دەشێ ئەم کەرەسانە لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەرنەکەون، بەڵام لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بوونیان هەیە. وەک:

خواردی. کەوت. پاکە.
بردی. خەوت. جوانە.
هێنای. مرد. خراپە.

**٢. کەرەسە لاوەکییەکانی ڕستە**

بەو کەرەسانە دەوترێت، کە دەشێ لە ڕستەدا دەرنەکەون، یان ئەگەر لە ڕستەشدا بوونیان هەبێ، دەشێ لە ڕستەکە لایانبەرین، بەبێ ئەوەی واتای ڕستەکە تێکبدات، کەرەسەکانیش بریتین لە:(ئامراز، پێشبەند، ئاوەڵکار، ڕادە.......). وەک:

**کارزان بە کەوچک نان دەخوات.**

کەرەسەی سەرەکی ←—— کارزان نان دەخوات.
کەرەسەی لاوەکی ←—— بە کەوچک

**شیرین دوێنێ ئێوارە بە ئۆتۆمبێلێکی زۆر جوان هات.**

کەرەسەی سەرەکی ←—— شیرین هات.
کەرەسەی لاوەکی ←—— دوێنێ ئێوارە بە ئۆتۆمبێلێکی زۆر جوان

**شەونم کچێکی باڵابەرزی چاوشینی قژزەردی جوانە.**

کەرەسەی سەرەکی ←—— شەونم جوانە.
کەرەسەی لاوەکی ←—— کچێکی باڵابەرزی چاوشینی قژزەردی

# بکەر

بـکەر وەکـو حـاڵەتێکی زمـانی گشـتییە، بەهـۆیەوە لە زۆربەی زمانەکاندا هەمان پرۆسە ئەنجام دەدات. لە زمانی کوردیدا زمانەوانان و نووسەرانی کورد چەندین پێناسەی جودا جودایان بۆ ئەم دیاردەیە کردووە[1]، وەک ئەوەی (بکەر) دەبێت کەسێک یان شتێک بێت، کە ئەنجامدانی یان ئەنجامنەدانی کارێکی بکەوێتە ئەستۆ، یاخود تەنیا بۆشایی و شوێنی بکەر لە ڕستەی کوردیدا پڕدەکاتەوە.

کاتێک کە دەڵێین (کەسێک)ە، ئەوە مەبەستمان لە خودی (مرۆڤ ـ تاک)ە، کە پرۆسەی کارەکە ئەنجام دەدات، وەک:

**<u>شەوبۆ</u> بۆ دهۆک چوو.**

↓

بکەر

---

[1] لە زمانی کوردیدا چەندین پێناسە لەبارەی بکەر هەن، لەوانە:

نوری عەلی ئەمین دەڵێت:((**مسند اليه ئەو بەشەیە لە ڕستەدا، کە ئاخاوتنەکەی ئەدرێتە پاڵ، یەعنێ ئەو واژەیە یا دەستەواژەیەیە کە ئێمە لێ ی ئەدوێین**))، بڕوانە: قەواعدی زمانی کوردی لە صرف و نەحودا، بەرگی دووەم، ١٩٥٨، ل ١٥ .

ـ جگەر خوێن دەڵێت:((**دەستپێکراو ئەو پەرچە ناڤە کو هەردەم گەرەکە دپێشیا پەیڤی دەژێ بێ سالۆخ دان**))، بڕوانە: اوائو دەستورا زمانی کوردی، ١٩٧٦، ل٣.

ـ قەناتی کوردۆ دەڵێت: ((**خودان فێل ئەو خەبەرە یاکو نیشان دکە وی مەری یانی ژی وی شتی یێ کو دەرهەتاویدا تشتەک جوملێدا تێگوتنێ** ))، بڕوانە: گۆڤاری کۆڕێ زانیاری عێراق – دەستەی کورد، بەرگی چواردەهەم، ١٩٨٢، ل ١٧٤.

لەم ڕستەیەدا وشەی (شەوبۆ) ناوێکە، ناوی (مرۆڤ)ە، خۆی کارەکەی ئەنجامداوە و چووە بۆ شاری دهۆک، لێرەدا پێویستیمان بەوە نییە بزانین، کە چۆن چووە بۆ شاری دهۆک؟ یاخود بەچی چووە؟! بەڵکو تەنیا ئەوەمان گەرەکە بزانین ناوەکە ناوی مرۆڤێکە و کارەکەی ئەنجام داوە، یاخود بەپێچەوانەوە مرۆڤەکە کارەکە ناکات و ئەنجامی نادات، وەک:

**<u>سۆزان</u> کارەکە ناکات.**

↓

بکەر

لێرەدا (سۆزان) ناوی مرۆڤێکە، بکەری ڕستەکەی گرتۆتە ئەستۆ، بەڵام بەبێ بەجێگەیاندنی کارەکە، واتا کارەکەی جێبەجێ نەکردووە.

هەروەها کاتێک دەڵێین (شتێک)ە، ئەوە لێرەدا مەبەستمان (مرۆڤ) نییە، بەڵکو شتێکی دوور لە مرۆڤ و بێگیانە، کە کارەکە هەڵسوڕێنێت و ئەنجامی بدات، وەک:

**<u>بارانەکە</u> باخچەکەی تێکدا.**

**<u>تەزرەکە</u> میوەکەی لەناوبرد.**

**<u>ڕەشەباکە</u> کەپرەکەی ڕووخاند.**

لەم ڕستانەدا وشەکانی (بارانەکە، تەزرەکە و ڕەشەباکە) هەر یەکەیان ناوێکی ناسراون، بەڵام ناوی مرۆڤ نین و دەچنە خانەی ناوی شت و بێگیان، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان کارێکیان

هەڵسوڕاندووە و ئەنجامداوە، بەمەش ئەرکی بکەری ڕستەکەیان بەجێگەیاندووە، بەجۆرێک لە ڕستەی یەکەمدا (بارانەکە) وایکردووە ببێتە هۆکارێک، بۆ ئەوەی باخچەکە تێکبدات، لە ڕستەی دووەمدا وشەی (تەزرەکە) بکەری ڕستەکەیە، بۆتە هۆی ئەوەی میوەکان لەناو ببات، ئێمە لێرەدا گەرەکمان نییە بزانین (تەزرەکە) دانەی چەند گەورە بووە ؟ یان چەند کاتژمێری خایاندووە ؟ بەڵکو تەنیا مەبەستمان ئەوەیە، کە ئەم شتە شتێکی بێگیانە و مرۆڤ نییە و، ئەرکی بکەری لە ڕستەکەدا بەجێگەیاندووە. لە ڕستەی سێیەمدا وشەی (ڕەشەباکە) بۆتە هۆی ئەوەی کەپرەکە بڕووخێنێت، لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە بزانین ئەم ڕەشەبایە لە چ پلەیەکی بەهێزدا بووە؟ یان کەپرەکەی کامە ماڵی ڕووخاندووە، بەڵکو تەنیا گەرەکمانە دەستنیشانی بکەری ڕستەکە بکەین، کە شتێکی بێگیانە.

دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە لە ڕستەی ئاسایی زمانی کوردیدا، (بکەر) لە سەرەتای ڕستەدا دێت و کار دەکەوێتە بەشی دواوەی ڕستە، وەک:

**<u>گۆڤەند</u> <u>نانەکەی</u> <u>خوارد.</u>**

↓ ↓ ↓

بکەر بەرکار کار

بکەر لە زمانی کوردیدا دەشێت ناوێکی (تایبەتی، گشتی، ناسراو، نەناسراو، تاک، کۆ، .. هتد) بێت، هەر وەکو ئەم ڕستانەی خوارەوە:

**ڕێناز بۆ کۆلێژ ڕۆیشت.**

↓

بکەر (ناوی تایبەتی ناسراو)

**کوڕەکە دانیشت.**

↓

بکەر(ناوی تاکی ناسراو)

**کچێکی زۆر جوان ڕۆیشت.**

↓

بکەر(ناوی تاکی نەناسراو)

**منداڵەکان هاتن.**

↓

بکەر (ناوی کۆی ناسراو)

هەروەها دەشێت (بکەر) لەناو ڕستەدا جێناو بێت، ئینجا جێناوی سەربەخۆ بێت یان لکاو یان هەر جێناوێکی تر بێت، وەک :

**ئـــــەو گوڵ دەفرۆشێت.**

↓

بکەر (جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی تاک)

**نانم خوارد.**

↓

بکەر(جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک)

**<u>خۆم</u> کارەکە دەکەم.**

بکەر(جێناوی خۆیی بۆ کەسی یەکەمی تاک)

خاڵێکی گرنگ هەیە، دەمانەوێت لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، ئەویش ئەوەیە، کە (بکەر) دەچێتە ناو خانەی بەشە ئاخاوتنی (ناو)، هەروەها وەکو لە پێشەوەش ئاماژەمان بۆی کرد، (بکەر) لە زمانی کوردیدا لەپێش (کار) دێت، بەو مەرجەی جێناوی لکاو نەبێت، واتە وشەیەک بێت، وەک:

**<u>بێریڤان</u> گوڵ <u>دەفرۆشێ</u>.**

بکەر کار

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار دەکەوێتە دواوەی کار، ئەگەر هاتو بکەری ڕستەکە جێناوی لکاو بوو، وەک :

**سێو <u>دەخۆ</u> <u>م</u>.**

کار بکەر

## جۆرەکانی بکەر

بکەر لە زمانی کوردیدا بەسەر پێنج جۆر دابەشدەکرێت، کە ئەمانەن:

**١. بکەری ڕێزمانی**
**٢. بکەری لۆجیکی**
**٣. بکەردیار**
**٤. بکەرنادیار**
**٥. بکەرنادیاری ئاماژەپێکراو**

### ١. بکەری ڕێزمانی

بەو بکەرانە دەگوترێ، کە لە ڕووی ڕێزمانەوە بکەرن، واتە بکەری ڕاستەقینەی ڕستە نین، بەڵکو تەنیا شوێنی بکەریان لە ڕستەدا پڕکردۆتەوە. بۆ نموونە:

**پەنجەرەکە شکا.**
**کەپرەکە ڕووخا.**
**دۆیەکە ڕژا.**
**پوشەکە سوتا.**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا وشەکانی (پەنجەرەکە، کەپرەکە، دۆیەکە، پوشەکە) بکەری ڕێزمانی ڕستەکەن، بەڵام لە بنەڕەتدا خۆیان کارەکانیان ئەنجامنەداوە، چونکە لە ڕستەی یەکەمدا وشەی (پەنجەرەکە) کاری شکاندنی ئەنجام نەداوە، لە ڕستەی دووەمیشدا

بەهەمان شێوە وشەی (کەپرەکە) کاری ڕووخاندنی ئەنجامنەداوە، لە ڕستەی سێیەمیشدا وشەی (دۆیەکە) کاری ڕژاندنی ئەنجامنەداوە، لە ڕستەی چوارەمیشدا وشەی (پوشەکە) کاری سوتاندنی ئەنجامنەداوە. کەواتە لە هەر چوار ڕستەکەدا بکەری ڕاستەقینە و بکەری لۆجیکی دەرنەکەوتوون، بۆیە لێرەدا وشەکانی (پەنجەرەکە، کەپرەکە، دۆیەکە، پوشەکە) تەنیا لە ڕووی ڕێزمانەوە بکەرن.

کەواتە بکەری ڕێزمانی بەو بکەرە دەوترێت، کە تەنیا بۆشایی و شوێنی بکەر لەناو بنیادی ڕستەدا پڕدەکاتەوە و تەنیا خانەی بکەر دەگرێتەوە.[1]

## ٢. بکەری لۆجیکی

بەو بکەرانە دەوترێت، کە لە ڕووی واتاوە ئەرکی بکەر بەجێدەگەیەنن، بەو واتایەی بکەری ڕاستەقینەی کارەکەیە. ئەمجۆرە بکەرە هەندێکجار لە شوێنی ئاسایی خۆیان دێن، بەڵام هەندێجاری تر لە شوێنی بکەری ئاسایی بەکارنایێت[2]، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە با سەیری ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکەین:

**ئاهەنگ دەنگی ڕزگار دەبیستێ[3].**

---

[1] محمد علي الخولي(١٩٨٢)، معجم علم اللغه النظري، الانكليزي – عربي، مكتبة لبنان، بيروت، ص ١١١.

[2] هەمان سەرچاوە، ل١٦٠.

[3] وریا عمر امین، تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە، ل ١٩٧.

لەم ڕستەیەدا ئەگەر (بکەر) و(بەرکار) دەستنیشان بکەین، بەبێ لەبەرچاو گرتنی لایەنی واتایی ڕستە، ئەوە (ئاهەنگ) بکەری ڕستەکەیە و (ڕزگار) بەرکارە، بەڵام ئەگەر لە ڕووی واتاوە بۆ ڕستەکە بچین، ئەوە دەبینین (ڕزگار) بکەرە و، (ئاهەنگ) بەرکارە، چونکە (ڕزگار) قسە دەکات و کار لە (ئاهەنگ) دەکات دەنگەکە ببیسێت، بەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە (ئاهەنگ) بکەری ڕێزمانییە و، (ڕزگار) بکەری لۆجیکییە.

هەروەها دەشێ بکەر لە شوێنی ئاسایی خۆی بێت، وەک:

**کاروان هات.**

**شێرزاد ڕۆیشت.**

**ئەحمەد سەرکەوت.**

لەم ڕستانەدا وشەکانی (کاروان، شێرزاد، ئەحمەد) بکەری ڕاستەقینەی ڕستەن، چونکە خودی خۆیان کارەکانیان ئەنجام داوە.

## بەراوردێک لەنێوان بکەری ڕێزمانی و بکەری لۆجیکی

| بکەری ڕێزمانی | بکەری لۆجیکی |
| --- | --- |
| ١. جۆرێکە لە جۆرەکانی بکەر. | ١. جۆرێکە لە جۆرەکانی بکەر. |
| ٢. بکەر لە ڕستەدا بوونی هەیە. | ٢. بکەر لە ڕستەدا بوونی هەیە. |
| ٣ـ لە بکەری ڕێزمانیدا، بکەری ڕاستەقینە دەرنەکەوتووە، کە کاری ڕستەکەی ئەنجامداوە. | ٣ـ لە بکەری لۆجیکیدا، بکەری ڕاستەقینە دەرکەوتووە، کە کاری ڕستەکەی ئەنجامداوە. |
| ٤ـ بەزۆری بکەرە ڕێزمانییەکان لە کاری تێنەپەڕدا دەردەکەون. | ٤ـ بکەری لۆجیکی لە هەردوو جۆری کاری تێپەڕ و تێنەپەڕدا دەردەکەوێت. |
| ٥ـ هەموو بکەرێکی ڕێزمانی، بکەری لۆجیکی نییە. | ٥ـ هەموو بکەرێکی لۆجیکی، بکەری ڕێزمانییە. |
| **. پەنجەرەکە شکا.** | **. ئازاد پەنجەرەکەی شکاند.** |

**بەراوردێک لەنێوان بکەری ڕێزمانی و بکەر نادیار**

| بکەری ڕێزمانی | بکەر نادیار |
| --- | --- |
| ١. جۆرێکە لە جۆرەکانی بکەر. | ١. جۆرێکە لە جۆرەکانی بکەر. |
| ٢. بکەر لە ڕستەدا بوونی هەیە. | ٢. بکەر لە ڕستەدا بوونی نییە. |
| ٣. بکەری ڕاستەقینە و سەرەکی لە ڕستەدا نییە. | ٣. بکەری ڕاستەقینە و سەرەکی لە ڕستەدا دەرنەکەوتووە. |
| ٤. بکەرە ڕێزمانییەکە ئاماژەیەکە بۆ بکەری سەرەکی، کە دەرنەکەوتووە. | ٤ـ نیشانەی نادیاری (ر) ئاماژەیەکە بۆ ئەو بکەرەی، کە لە ڕستەکەدا دەرنەکەوتووە. |
| ٥ـ کاری ڕستەکە بەزۆری لە شێوەی تێنەپەڕدا دەبێت. | ٥ـ کاری ڕستەکە هەمیشە لە شێوەی تێپەڕدا دەبێت. |
| **. پەنجەرەکە شکا.** | **. پەنجەرەکە شکێنرا.** |

## ٣. بکەردیار

لە زمانی کوردیدا زماننناسان کۆمەڵێک پێناسەیان بۆ بکەردیار کردووە، کە هەر هەموویان لە چوارچێوەی یەک بنەما کۆدەبنەوە، ئەویش دەرکەوتنی ڕاستەوخۆی (بکەر)ەکەیە لەناو ڕستەدا، وەکو دەزانین کە ئەم جۆرە (بکەر)ە، یان (ناو)ە، یاخود (جێناو)ە، کە لەناو ڕستەدا بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی خۆی هەڵدەستێت((**فۆرمی کارا دیار نیشانی دەدا پرۆتسێسی دیاری کردنی کردار لەو شتەوە دێ، کە بۆ ئەو وشەیە تەرخان کرابێ و لەگەڵیدا فۆرمی کردارەکە هاوجووت بێ**

**و لێیەوە بەرەو ناوەوە بچێ))**[1]. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە با سەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکەین:

**ڕزگار سێوەکەی خوارد.**

**پۆڵا پەنجەرەکەی شکاند.**

**زانیار خانووەکەی ڕووخاند.**

**من چووم بۆ بازاڕ.**

**دەرگاکەم کردەوە.**

لەم ڕستانەی سەرەوەدا (ڕزگار، پۆڵا، زانیار، من،ـ م) هەریەکەیان لەناو ڕستەدا بکەرێکی دیارن، چونکە خۆیان کارەکەیان ئەنجامداوە. لە ڕستەی یەکەمدا (ڕزگار) ناوە و بکەری ڕستەکەیە و، خۆی کاری خواردنی سێوەکەی ئەنجامداوە، لە ڕستەی دووەمدا (پۆڵا) ناوە و بکەری ڕستەکەیە، شکاندنی پەنجەرەیەکی ئەنجامداوە، لە ڕستەی سێیەمدا (زانیار) ناوە و بکەری ناو ڕستەکەیە، کاری ڕووخاندنی خانووی ئەنجامداوە، لە ڕستەی چوارەمدا (من) جێناوی سەربەخۆیە و بکەری ڕستەکەیە، کارێکی ڕاپەڕاندووە، ئەویش ڕۆیشتنێتی بۆ بازاڕ، لە ڕستەی پێنجەمدا (ـ م) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک و، بکەری ناو ڕستەکەیە، کردنەوەی دەرگاکەی ئەنجامداوە.

هەردوو جۆری (بکەری ڕێزمانی و بکەری لۆجیکی) دەچنە ناو خانەی بکەردیار، چونکە لەنێو ڕستەدا دەردەکەون.

---

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف(د)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، کردار، ل٣١٥.

### ٤. بکەرنادیار

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک پێناسە بۆ بکەرنادیار هەیە، کە هەر هەموویان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، لەناو ڕستەدا تەنیا ونبوون و دەرنەکەوتنی بکەرە، ئەم دیاردەیەش تەنیا لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە نییە، بەڵکو لە هەموو زمانانی دنیا بە هەمان دەستووردا دەڕوات ((**دەستووری گشتی هەموو زمانێک لە گۆڕینی ڕستەییێکی کارا دیار بۆ کارا بزر بریتییە لە دەرهاویشتنی کارا و سپاردنی ئەرک بە بەرکار (بەڵام بەرکار هەمان ئەرک و مەفهوومی خۆی دەمێنێ**)))،[1] بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، با سەیری ئەم ڕستانە بکەین:

**سێوەکە خورا.**

**پەنجەرەکە شکێنرا.**

**خانووەکە دەڕووخێنرێت.**

لەم ڕستانەدا، کارەکانی (خورا، شکێنرا، دەڕووخێنرێت)، هەریەکەیان کارێکی بکەرنادیارن، لێرەدا نازانرێت کێ هەڵساوە؟ یان هەڵدەستێت بە ڕاپەڕاندن و ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانە، لە ڕستەی یەکەمدا نازانرێت (کێ سێوەکەی خواردووە؟)، واتا بکەرەکەی نادیارە، لە ڕستەی دووەمدا نازانرێت کێ پەنجەرەکەی شکاندووە؟)، لە ڕستەی سێیەمدا نازانرێت (کێ ڕووخاندنی خانووەکەی ئەنجامداوە). ئا بەم جۆرە ڕستانە دەوترێت بکەرنادیار. وەکو دەردەکەوێت لە هەموویاندا مەرجی بنەڕەتی ڕستەکە (بکەر) بووە،

---

[1] ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، ڕێزمانی کوردی، کردار، ل ٣٢٣.

واتە ((**پێوەندی ڕوودان بە بوون و نەبوونی کارا مەرجی بنەڕەتی دیاری کردنی کرداری کارا بزرە**)).[1]

هەروەهـــا لە زمـــانی کوردیـــدا، ئەگەر بمانەوێـــت ڕســـتەیەکی بکەردیـار بـۆ ڕسـتەی بکەرنادیـار بگـۆڕین، ئەوە دەبێت لەسـەر ئەم یاسایە بڕۆیین[2]:

١- بکەری ڕستە و جێناوەکەی لادەبرێت.

٢ـ بەرکـار جێـی بـکەر دەگـرێتەوە، بەڵام چەمکـی بەرکـاری خـۆی نادۆڕێنێت.

٣- ڕەگی ڕانەبوردووی کارەکە وەردەگیرێت.

٤- مۆرفیمی بکەرنادیار (ـ ر) دەخرێتە سەر ڕەگی کارەکە.

مۆرفیمی کـاتی کـارەکە دەچێتە سـەر ڕەگەکە، (ا) بۆ ڕابوردوو و، (ێ) بۆ ڕانەبوردوو.

٥ـ جێنـاوی لکـاو بەپێـی کەس و ژمـارەی بەرکـار، کە جێـی بـکەری گرتووە، دەچێتە سەر کارەکە.

٦- نیشانەی جۆری کات (دە، بوو، ...) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

بـۆ زیـاتر ڕوونکـردنەوە، بـا سـەیری ئەم نموونـانەی خـوارەوە بکەین:

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٢.

[2] وریا عومەر ئەمین، لە پەیوەندییەکانی بکەر نادیار، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١٢٩)، ل ١٨.

**ڕزگار سێوەکەی خواردبوو.** (بکەر دیار)

بکەر ← ڕزگار، بەرکاری ڕاستەوخۆ ← سێوەکەی، کاری ڕابوردووی دوور ← خواردبوو

**سێوەکە خورابوو.** (بکەر نادیار)

بەرکاری ڕاستەوخۆ ← سێوەکە، بکەر نادیار (ڕابوردووی دوور) ← خورابوو

**- ڕێبوار دیوارەکەی ڕووخاند.** (بکەر دیار)

**دیوارەکە ڕووخێنرا.** (بکەر نادیار بۆ ڕابوردوو)

**دیوارەکە دەڕووخێنرێ.** (بکەر نادیار بۆ ڕانەبوردوو)

ئەم ڕستانەی، کە خرانەڕوو، کارەکانیان تێپەڕ بوو، چونکە لە زمانی کوردیدا وەکو مەرجێکی سەرەکی لە گۆڕینی ڕستەی بکەردیار بۆ ڕستەی بکەرنادیار، دەبێت کارەکە تێپەڕ بێت، ئینجا پرۆسەی گۆڕینەکە ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بوو، ئەوە دەبێت لە سەرەتادا بکرێتە تێپەڕ، ئینجا ڕستەی بکەر نادیاری لێ سازدەکرێت، وەک:

**خانووەکە ڕووخا.**

لێرەدا (ڕووخا) تێنەپەڕە، ناکرێت بە بکەرنادیار، بەڵکو بە ڕێگەی تایبەتییەوە (ڕووخا) دەکرێتە کارێکی تێپەڕ، وەک:

ڕووخا + اندن = ڕووخاندن

**ئازاد خانووەکەی ڕووخاند.** (بکەر دیار)

**خانووەکە ڕووخێنرا.** (بکەر نادیار)

هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە مەرج نییە هەموو ڕستەیەکی بکەرنادیار هەردەم لە ڕستەی بکەر دیارەوە وەرگیرابێت، بە جۆرێک لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک ڕستەمان هەیە، کە وەک ڕستەی بکەر نادیار بەکاردێت، کەچی لە بنەڕەتدا لە ڕستەی بکەر دیارەوە وەرنەگیراوە، وەک:

**ئەستێرە بە ڕۆژ نابینرێ.**

لێرەدا هەرگیز لە ڕستەی (ئێمە بە ڕۆژ ئەستێرە نابینین) وەرنەگیراوە[1]. هەروەها حاڵەتی ئەوتۆش هەیە، کە ئەگەرچی ڕێژەکەی هی بکەر نادیارییە و بکەرەکە ناونەبراوە، کەچی سەرچاوە و بکەر ناسراوە، بۆ نموونە، کاتێک نووسەری کتێبێک دەڵێت: وەک پێشتر نیشاندرا (لە بریتی: وەک پێشتر نیشانم دا)، بێ دەنگی خۆنیشاندان لەم ڕاستییە، دەگەڕێتەوە بۆ لە خۆبووردوویی نووسەر.[2]

---

[1] فەرەیدوون عەبدول، هەمان سەرچاوە، ل٩.

[2] ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، کردار، ل ٣١٩.

## هۆکارەکانی پەنابردنە بەر بکەر نادیار

هەر کارێک کە ئەنجامدەدرێت، دەبێت کەسێک، یان شتێک بۆ ئەنجامدانی هەبێت، ئینجا لەبەر هەر هۆکارێک بێت، ئەوە بکەرەکە ون دەبێت و دەرناکەوێت، بەڵکو بە شاراوەیی دەردەبڕێت، دیارە کۆمەڵێک هۆکار لە پشتەوەی دەرنەکەوتنی بکەرەکەن[1]، کە بەم شێوەیەن:

[1]ـ بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

ـ محەمەد ئەمین هەورامانی، سەرەتاییێک لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، ١٩٧٤، ل ١٣٦.

ـ نەسرین فەخری(د) و کوردستان موکریانی(د)، ڕێزمانی کوردی، ١٩٨٢، ل١٦٥ـ ١٦٦.

ـ لیژنەی دەستووری زمانی کوردی، هەندێک لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا، ١٩٨٥، ل ٤٤.

ـ عومەر مەحموود کەریم، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا، ٢٠٠٤، ل ٧١ .

ـ عبدة الراجحي(د)، دروس في شروح الآلفية،١٩٨٠، ص ٣٦ـ٣٧.

ـ راجي الأسمر، مرجع الطلاب في اللغة العربية،١٩٩٥، ص ١٥٢.

ـ أنطوان الدحداح، معجم قواعد اللغة العربية في جداول و لوحات، ١٩٩٧، ص ١٤١ .

ـ أيةالله الشيخ مصطفى النوراني، قواعد الصرف، ٢٠٠١، ص ١٢٤.

ـ فاضل صالح السامرائي(د)، معاني النحو، جزء الثاني،٢٠٠٣، ص ٤٩٢ـ٤٩٣.

ـ شيخ مصطفى الغلاييني، جامع دروس العربية، ٢٠٠٤، ص ٢٥١.

١- لەبەرئەوەی تۆ لێی دەترسێیت(خوف منه)، لێرەدا تۆ دەزانی، کە ئەنجامدەری کارەکە کێیە، بەڵام ناوی ناهێنیت، نەبادا دوایی ئازارت بدات.

٢- لەبەرئەوەی تۆ لێی دەترسێیت (خوف علیه)، لێرەشدا دیسانەکە تۆ دەزانی، کە ئەنجامدەری کارەکە کێیە، بەڵام ناوی ناهێنیت، لەبەرئەوەی لەوە دەترسێیت، کە خەڵک ئازاری بدات، واتە تۆ لەبەر بەرژەوەندیی کەسەکە ناوی نابەیت، کە ئەمەش پێچەوانەی خاڵی یەکەمە.

٣- زۆرجار لەبەر ناسراوی و زانینەوە، تۆ ناوی بکەرەکە نابەیت، چونکە لە لای بەرانبەرەکەت ڕوونە.

٤- هەندێک جار پێوەندی بە هۆکاری شاردنەوە هەیە بۆ گوێگر، کە نایەوێت بیزانێت.

٥- یان لەبەر هۆکاری کورتکردنەوە دەبێت.

٦- هەندێک جاریش هەر بە ڕاستی پێوەندی بە (نەزانین)ەوە هەیە، واتە تۆ نازانیت ئەنجامدەری کارەکە کێیە.

٧- یاخود هەندێک جار ناوهێنانی هیچ سوودێکی نییە، بۆیە تۆ ناوی ناهێنیت.

٨- یاخود ناونەبردنی هەندێک جار پێوەندی بە لایەنی گەورەکردنەوە هەیە.

٩- یاخود بەپێچەوانەوە، ناونەبردنی پێوەندی بە کەمکردنەوە هەیە.

جگە لەم هۆکارانەی، کە ئاماژەمان بۆیان کرد، لەوانەیە چەندین هۆکاری تریش هەبن، لەبارەی دەرنەخستنی بکەر لەناو بونیادی

ڕستەدا، کە بەهۆیەوە چەندین وەڵامی جودا جودا لەلای هەریەک لە گوێگران دروست دەکات.

## سازکردنی بکەرنادیار لە کار

بکەرنادیـــــار لە هەردوو کــــاری ڕابـــــوردوو و ڕانەبـــــوردوو سازدەکرێت:

### کاری ڕابوردووی بکەر نادیار

لە دەستپێکدا دەبێت چەمک و پێناسەی کاری ڕابوردوو بزانین، کە چـۆنە و چـۆن ســازدەبێت، ئینجـا دەچینـە سـەر باسـی کـاری ڕابوردووی بکەر نادیار.

دەربـــارەی کـــاری ڕابـــوردوو، ئەو کـــارەیە، کە ڕوودانەکەی دەکەوێـتە پـێش ئاخـاوتنەوە، واتە ڕوودانـی کـارەکە بەسـەرچووە و ڕوویـداوە **((کــرداری ڕابــوردوو ئەو کــردارەیە، کە پرۆتسیێسـی ڕوودانەکەی پــێش ئاخــاوتن بــکەوێ))**[1]. لە زمــانی کوردیـدا بــۆ ســازکردنی کــاری ڕابــوردوو، پەنــادەبرێتە بەر چــاوگ، ئەمــیش بە لابردنــی (ن)ی چــاوگ ســاز دەبێـت **((لە زمــانی کوردیـدا فرمــانی ڕابــوردوو بە لابردنـــی (ن)ی چــاوگ دروســت دەکرێــت))**[2]، لەم حاڵەتەشدا کاری ڕابوردووی نزیک دروست دەبێت، کە بە یەکێک لەم پێنج مۆرفیمانە((وو، ی، د، ا، ت)) کۆتاییان دێت:

---

(1) ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، کردار، ل٢٠٠ .

(2) عبـدالله شـالی، ڕابەری قوتابیـان بـۆ چـاوگ و بـۆ فرمـان، چـاپی یەکەم، چاپخانەی(دار الجاحظ)، ١٩٧٦، بەغدا، ل٤.

**مۆرفێمی (وو):**

| چاوگ | لابردنی (ن) | کاری ڕابوردوو | مۆرفێمی ڕابوردوو |
|---|---|---|---|
| چوون | - ن | چوو | وو |
| بوون | - ن | بوو | وو |
| دروون | - ن | دروو | وو |
| جوون | - ن | جوو | وو |

**مۆرفێمی (ی):**

| چاوگ | لابردنی (ن) | کاری ڕابوردوو | مۆرفێمی ڕابوردوو |
|---|---|---|---|
| کڕین | - ن | کڕی | ی |
| فڕین | - ن | فڕی | ی |
| بڕین | - ن | بڕی | ی |
| سڕین | - ن | سڕی | ی |

**مۆرفێمی (د):**

| چاوگ | لابردنی (ن) | کاری ڕابوردوو | مۆرفێمی ڕابوردوو |
|---|---|---|---|
| مردن | - ن | مرد | د |
| کردن | - ن | کرد | د |
| بردن | - ن | برد | د |
| خواردن | - ن | خوارد | د |

**مۆرفێمی (ا):**

| چاوگ | لابردنی (ن) | کاری ڕابوردوو | مۆرفێمی ڕابوردوو |
|---|---|---|---|
| سوتان | - ن | سوتا | ا |
| ڕووخان | - ن | ڕووخا | ا |
| شکان | - ن | شکا | ا |
| ڕژان | - ن | ڕژا | ا |

**مۆرفێمی (ت):**

| چاوگ | لابردنی (ن) | کاری ڕابوردوو | مۆرفێمی ڕابوردوو |
|---|---|---|---|
| کەوتن | - ن | کەوت | ت |
| خەوتن | - ن | خەوت | ت |
| شوشتن | - ن | شوشت | ت |
| نوستن | - ن | نوست | ت |

لەبارەی کاری ڕابوردووی بکەر نادیار، ئەوە ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە لەلایەن کەسێکی نەناسراو و نادیارەوە ڕوویدابێت.

یاسای سەرەکی سازکردنی کاری ڕابوردووی بکەر نادیار لە زمانی کوردی (دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست)دا، بە وەرگرتنی ڕەگی کاری ڕانەبوردوو لەگەڵ مۆرفیمی نادیاری (ر) و مۆرفیمی (ا)ی ڕابوردوو سازدەبێت، بەم شێوەیە:

**ڕەگی ڕانەبوردوو + مۆرفیمی نادیاری (ـ ر) + مۆرفیمی ڕابوردوو**

وەک :

کێڵان ←—— کێڵ +ر + ا = کێڵرا

هێنان ←—— هێن + ر + ا = هێنرا

خوێندن ←——خوێن + ر + ا = خوێنرا

چنین ←—— چن + ر + ا = چنرا

هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە وا لە حاڵەتی کاری ڕابوردووی بکەر نادیاردا، مۆرفیمی کات هەروەک خۆی دەمێنێتەوە **((نیشانەی جۆری کات (دە ـ بوو ـ ووە.... هتد) شوێنی خۆی ئەگرێ))**،[1] هەروەک ئەم نموونانەی خوارەوە:

**- ئازاد زەوییەکەی کێڵاوە. (بکەر دیار)**

**زەوییەکە کێڵراوە. (بکەر نادیار)**

**- ئازاد زەوییەکەی دەکێڵا. (بکەر دیار)**

**زەوییەکە دەکێڵرا. (بکەر نادیار)**

**- ئازاد زەوییەکەی کێڵابوو. (بکەر دیار)**

**زەوییەکە کێڵرابوو. (بکەر نادیار) ..** [2]

ئەگەرچی وەک لەپێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد، کە سازکردنی کاری ڕابوردووی بکەر نادیار وەک یاسایەکی سەرەکی و بنچینەیی لە ڕەگی ڕانەبوردوو وەردەگیرێت، بەڵام دەشێت حاڵەتی ناوازەی تێدا بەدی بکرێت **((هەر چەندە بوونی ڕەگی کرداری ڕانەبوردوو بە**

---

[1] وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل ١٨٥

[2] نەریمان خۆشناو، چەمک و پێناسەی کارای نادیار، ل٥٩.

**بناغەی سازکردنی کرداری کارا بزر دەستورێکی گشتی زمانی کوردییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک حاڵەتی بیژۆک و هەندێک گۆڕانی فۆنەتیکی بەرچاو دەکەوێ))**[1]، لێرەدا هەندێک لەو حاڵەتانە دەخەینەڕوو:

١- ئەو کارانەی ڕەگی ڕانەبوردوویان بە (ە) یا (ێ) کۆتایی دێت، کاتێک دەکرێتە بکەرنادیار، (ە) و (ێ) تێدا دەچن، وەک:

| **چاوگ** | **ڕەگی ڕانەبوردوو** | **دوادەنگی ڕەگ** | **کاری ڕابوردووی بکەرنادیار** |
| --- | --- | --- | --- |
| کردن | کە | ە | کرا |
| بردن | بە | ە | برا[2] |
| (دا)نان | (دا)نێ | ێ | (دا)نرا[3] |

٢ـ ئەو کارانەی ڕەگی ڕانەبوردوویان بە (ۆ) کۆتایی هاتبێت، ئەوا دەبنە (و)[4]، وەک:

| **چاوگ** | **ڕەگی ڕانەبوردوو** | **دوادەنگی ڕەگ** | **گۆڕان** | **کاری ڕابوردووی بکەرنادیار** |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| خواردن | خۆ | ۆ | و | خورا |
| شوشتن | شۆ | ۆ | و | شورا |

---

[1]ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، کردار، ل٣٣٣.

[2]ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل٣٣٥.

[3]ـ وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل ٢٧٤.

[4]ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل٣٣٤.

کەچی (فەرەیدوون عەبدول محەمەد ) لە نامەی ماستەرەکەیدا بەهەڵەدا چووە، کاتێک دەڵێت:((**لە هەموو خراپ تر ئەوەیە کە یاساکانیان تەنیا لە نموونەکانیاندا ڕاستە و لە نموونەی تردا، کە لە هەمان باردان، یاساکە جێبەجێ نابێ، بۆ نموونە دەنگی / ۆ/ دەبێت بە / و/ لە خواردن دا، بەڵام هەمان دەنگ وەک خۆی بەبێ گۆڕان لە (شۆردن: شۆرا، دەشۆرێ)دا دەمێنێتەوە، شۆردن : شۆ ← دەشۆم ←دەشۆرێ**))[1]، چونکە لە زمانی کوردیدا تەنانەت لە دیالێکتی ناوەڕاست و شێوەزاری هەولێردا دەڵێین (شورا، دەشورێ)، کەسمان نەبینیوە بڵێت (شۆرا، دەشۆرێ)، بۆیە بڕیاردان لەسەر شتێک کارێکی سانا نییە، بەڵکو کارکردن و بەڵگەی زمانەوانی دەوێت، بۆیە دەبوایە لێکۆڵەر بە وردی بۆ ئەم حاڵەتە بچووبایە.

٣- ئەو کارانەی ڕەگی ڕانەبوردوویان بە دەنگی (ڕ) یان (ر) کۆتایی دێت، ئەوا بە سێ چەشن دەبینرێت[2]: -

أ- ئاخێوەری هەندێک ناوچە (د) دەخەنە نێوان ڕەگی ڕانەبوردوو و مۆرفێمی نادیاری (ـ ر) وەک:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | مۆرفێمی زیادکراو | مۆرفێمی نادیار | مۆرفێمی ڕابوردوو | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|---|---|
| گێڕان | گێڕ | د | ر | ا | گێڕدرا |
| گۆڕان | گۆڕ | د | ر | ا | گۆڕدرا |

[1]. فەرەیدوون عەبدول محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل٧٣.

[2]. ئەورەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٣٣٧-٣٣٩.

ب- لە هەندێک شێوەدا تەنیا یەک (ر) دەردەبڕێ و یەکێکیان تێدادەچێت، وەک :-

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | مۆرفیمی نادیار | مۆرفیمی ڕابوردوو | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| بڕین | بڕ | ر | ا | بڕا |
| گۆڕین | گۆڕ | ر | ا | گۆڕا |

ج- لە ئاخاوتنی گەلێک شێوەدا مۆرفیمی نادیاری (ر) بە ئاسانی بە دوای (ڕ) و (ر)ی کۆتایی ڕەگی کارەکەدا دەردەبڕرێت، وەک:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | مۆرفیمی نادیار | مۆرفیمی ڕابوردوو | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| بڕین | بڕ | ر | ا | بڕرا |
| گۆڕین | گۆڕ | ر | ا | گۆڕرا |

٤- کاری (گرتن ـ girtin) کاتێک کە دەکرێتە کاری ڕابوردووی بکەرنادیار، دەنگی (i) بزرۆکە دەگۆڕدرێت بە (ی)[1]، وەک:-

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار |
| --- | --- | --- |
| گرتن | گر | گیرا |

٥- بوونی ڕەگی ڕابوردوو بە بناغە بۆ سازکردنی کاری ڕابوردوو و ڕانەبوردووی بکەرنادیار، وەک:

[1]- وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل ٢٧٥.

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | ڕەگی ڕابوردوو | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|
| وتن (گوتن) | لێ | وت / گوت | وترا، گوترا |
| ویستن | ەوێ | ویست | ویسترا[1] |

**ئازاد قسەکەی بە ڕێبوار گوت.** **(بکەر دیار)**

**قسەکە بە ڕێبوار گوترا.** **(بکەرنادیار)**[2]

٦ـ بوونی ڕەگی ڕانەبوردوو و ڕابوردوو بە بناغە بۆ سازکردنی کاری ڕابوردووی بکەرنادیار، وەک:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار | ڕەگی ڕابوردوو | کاری ڕابوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|---|
| هاویشتن | هاوێژ | هاوێژرا | هاویشت | هاویشترا |
| خواستن | خواز | خوازرا | خواست | خواسترا |
| خستن | خە | خرا | خست | خسترا..[3] |

لەوانەشە هەندێک حاڵەتی ناوازەی تر هەبن، کە ئێمە درکمان پێنەکردبێت، بەڵام ئەوەی پێویستە باسبکرێت، کە حاڵەتی ناوازە هەیە لە خودی ئەو یاسایەی لەبارەی کاری ڕابوردووی بکەرنادیار دانراون.

[1]ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٣٣٣.

[2]ـ نەریمان خۆشناو، چەمک و پێناسەی کارای نادیار، ل٥٥.

[3]ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل٣٣٣-٣٣٤.

هەروەها بۆ نەرێ کردنی کاری ڕابوردووی بکەرنادیار، ئەوا (نە) وەردەگیرێت و دەکەوێتە بەشی پێشەوەی کارەکە، وەک:

**کێڵرا ← نەکێڵرا**

**زەوییەکە کێڵرابوو.** (ئەرێی ڕابوردووی بکەردیار)

**زەوییەکە نەکێڵرابوو.** (نەرێی ڕابوردووی بکەرنادیار)

## کاری ڕانەبوردووی بکەر نادیار

پێناسەی ڕانەبوردوو هەر لە ناوەکەیەوە دیارە، ئەو کارەیە ڕوودانەکەی دەکەوێتە دوای ئاخاوتن، واتە کارەکە ڕووینەداوە، یان ئێستا ڕوودەدات یان لە داهاتوودا.

لە زمانی کوردیدا بۆ سازکردنی کاری ڕانەبوردوو، پەنا دەبرێتە بەر (ڕەگی ڕانەبوردوو) و مۆرفیمی ئەرێی ڕانەبوردووش دەکەوێتە پێش ڕەگەکە و جێناوی لکاویش بە کارەکەوە دەنووسێت، واتە یاساکەی بەم شێوەیە :

**مۆرفیمی ئەرێ (دە) + ڕەگی ڕانەبوردوو + جێناوی لکاوی بێهێز**[1]

**خواردن ← دە + خۆ + م = دەخۆم**

**شوشتن ← دە + شۆ + ات = دەشوات**

**شکان ← دە +شکێ + م = دەشکێم**

[1]- جێناوی بێهێز ئەوانەن، کە لەگەڵ ڕابوردووی تێنەپەڕدا دەردەکەون و بە دوای ڕانەبوردووی تێپەڕ و تێنەپەڕدا دێن. بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی دووەم (جێناو)، ل ١٠٦.

بۆ جیاکردنەوەی کاری ڕانەبوردووی (ئێستا و داهاتوو) لە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستدا، ئەوە بەهۆی ئاوەڵکارە کاتییەکان جودا دەکرێنەوە ((**لە کرمانجیی خوارووودا بۆ جیاکردنەوەی کاتی ئێستا و ئایندە، هیچ نیشانەییێکی وشەسازی نییە، جیاکردنەوەیان بەڕێگەی لێکسیکی، واتا بەیاریدەی هەندێک وشە بە تایبەتی ئاوەڵکردارەوە مەبەست دەردەبڕن**))[1]، بە جۆرێک بۆ کاتی ئێستا (وا، ئەوا، ئێستا) بەکاردێت و، بۆ کاتی داهاتووش (بەیانی، هەفتەی داهاتوو، مانگێکی تر، هەفتەیەکی تر .....هتد) بەکاردێن، وەکو:

وا
ئێستا } <u>دەڕۆم</u> بۆ کۆلێژ.
ئەوا
↓
کاری ڕانەبوردووی ئێستا

بەیانی
دواتر } <u>دەڕۆم</u> بۆ کۆلێژ.
هەفتەیەکی تر
......
↓
کاری ڕانەبوردووی داهاتوو

بۆ نەرێکردنی کاری ڕانەبوردووش، ئەوە مۆرفیمی (نا) دەچێتە شوێنی (دە) و دەیکات بە نەرێ، وەک:

**دەڕۆم ←—— ناڕۆم**

---

[1]- ئەورەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ١٩٧.

**بەیانی دەچم بۆ بازاڕ.**
**بەیانی ناچم بۆ بازاڕ.**

ئەوەی پەیوەست بێت بە کاری ڕانەبوردووی بکەر نادیار، ئەوە ئەو کـارانە دەگـرێتەوە، کە ڕوویـنەداوە، یـان ئێسـتا ڕوودەدات، یـان دواتر لەلایەن کەسێکی نەناسراو و نادیارەوە ڕوودەدات.

یاسای سەرەکی سـازکردنی کاری ڕانەبـوردووی بکەر نادیار لە زمانی کوردی دیالێکتی ناوەڕاستدا، بە وەرگرتنـی ڕەگی ڕانەبـوردوو لەگەڵ مـۆرفیمی نادیـاری (ــ ر) و مـۆرفیمی (ــ ێ)ی ڕانەبـوردوو سازدەبێت، بەم شێوەیە:

دە + ڕەگی ڕانەبوردوو + مۆرفیمی نادیاری (ـ ر) + مۆرفیمی ڕانەبوردوو (ێ) وەک:

**کێڵان ← دە+ کێڵا + ر+ ێ = دەکێڵرێ**
**هێنان ← دە + هێن + ر+ ێ = دەهێنرێ**
**خوێندن ← دە + خوێن + ر + ێ = دەخوێنرێ**
**چنین ← دە + چن + ر + ێ = دەچنرێ**

**ئازاد زەوییەکە دەکێڵێ.** (کاری ڕانەبوردووی بکەر دیار)
**زەوییەکە دەکێڵرێ.** (کاری ڕانەبوردووی بکەر نادیار)

ئەگەرچـی وەک لەپێشـەوە ئاماژەمـان بـۆی کـرد، کە سـازکردنی کاری ڕانەبوردووی بکەر نادیار وەک یاسایەکی سەرەکی و بنچینەیی لە ڕەگی ڕانەبوردوو وەردەگیرێت، بەڵام دەشێت حاڵەتی ناوازەی تێدا بەدی بکرێت، لێرەدا هەندێک لەو حاڵەتانە دەخەینەڕوو:

١- ئەو کارانەی ڕەگی ڕانەبوردوویان بە (ە) یا (ێ) کۆتایی دێت، کە دەکرێنە بکەرنادیار، ئەوا (ە) و (ێ) یان دەبن بە (i) بزرۆکە، یانیش تێدا دەچن[١]، وەک:

| کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار | دوا دەنگی ڕەگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | چاوگ |
|---|---|---|---|
| دەکرێ | ە | کە | کردن |
| دەبرێ | ە | بە | بردن |
| دەنرێ[٢] | ێ | نێ | نان |

١- ئەو کارانەی ڕەگی ڕانەبوردوویان بە (ۆ) کۆتایی هاتبێت، ئەوا دەبنە (و)[٣]، وەک:-

| کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار | گۆڕان | دوا دەنگی ڕەگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | چاوگ |
|---|---|---|---|---|
| دەخورێ | و | ۆ | خۆ | خواردن |
| دەشورێ | و | ۆ | شۆ | شوشتن |

٣- ئەو کارانەی ڕەگی ڕانەبوردوویان بە دەنگی (ڕ) یان (ر) کۆتایی دێت، ئەوا بە سێ چەشن دەبینرێت[٤]:

---

[١]- زەرێ یوسوپۆڤا(د)(٢٠٠٥)، شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، وەرگێڕانی لە زمانی ڕووسییەوە د.کوردستان موکریانی، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل١٦٢.

[٢]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٣٣٤-٣٣٥.

[٣]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٣٣٤.

[٤]- هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٩.

أ- ئاخێوەری هەندێک ناوچە (د) دەخەنە نێوان ڕەگی ڕانەبوردوو ومۆرفیمی نادیاری (ــ ر) وەک:

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | زیادکراو | مۆرفیمی نادیار | مۆرفیمی ڕانەبوردوو | کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|---|---|
| گێڕان | گێڕ | د | ر | ێ | دەگێڕدرێ |
| گۆڕان | گۆڕ | د | ر | ێ | دەگۆڕدرێ |

ب- لە هەندێک شێوەدا تەنیا یەک (ر) دەردەبڕێت و یەکێکیان تێدا دەچێت، وەک:

| چاوگ | مۆرفیمی ئەرێی ڕانەبوردوو | ڕەگی ڕانەبوردوو | مۆرفیمی نادیار | مۆرفیمی ڕانەبوردوو | کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|---|---|
| بڕین | دە | بڕ | ر | ێ | دەبڕێ |
| گۆڕین | دە | گۆڕ | ر | ێ | دەگۆڕێ |

ج- لە ئاخاوتنی گەلێک شێوەدا مۆرفیمی نادیاری (-ر) بە ئاسانی بە دوای (ڕ) و (ر) ی کۆتایی ڕەگی کارەکەدا دەردەبڕێت، وەک :-

| چاوگ | مۆرفیمی ئەرێی ڕانەبوردوو | ڕەگی ڕانەبوردوو | مۆرفیمی نادیار | مۆرفیمی ڕانەبوردوو | کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|---|---|
| بڕین | دە | بڕ | ر | ێ | دەبڕرێ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گۆڕین | دە | گۆڕ | ر | ێ | دەگۆڕڕێ |

٤ـ کاری (گرتن - girtin) کاتێک کە دەکرێتە کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار، دەنگی (i) بزرۆکە دەگۆڕدرێت بە (ی)[1]، وەک:

| چاوگ | نیشانە ئەرێی ڕانەبوردوو | ڕەگی ڕانەبوردوو | کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|
| گرتن | دە | گر | دەگیرێ |

٥. بوونی ڕەگی ڕابوردوو بە بناغە بۆ سازکردنی کاری ڕابوردوو و ڕانەبوردووی بکەرنادیار، وەک:

| چاوگ | مۆرفێمی ئەرێی ڕانەبوردوو | ڕەگی ڕانەبوردوو | ڕەگی ڕابوردوو | کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|---|
| وتن(گوت) | دە | لێ | وت(گوت) | دەوترێ، دەگوترێ |
| ویستن | دە | ەوێ | ویست | دەویسترێ[2] |

**ئازاد قسەکەی بە ڕێبوار گووت.** (بکەردیار)

**قسەکە بە ڕێبوار دەگوترێ.** (بکەرنادیار)

٦- بوونی ڕەگی ڕانەبوردوو و ڕابوردوو بە بناغە بۆ سازکردنی کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار، وەک:

---

[1] - وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل٢٧٥.

[2] - ئەورەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٣٣٣.

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار | ڕەگی ڕابوردوو | کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار |
|---|---|---|---|---|
| هاویشتن | هاوێژ | دەهاوێژرێ | هاویشت | دەهاویشترێ |
| خواستن | خواز | دەخوازرێ | خواست | دەخواسترێ |
| خستن | خە | دەخرێ | خست | دەخسترێ..[1] |

لەوانەیە هەندێک حاڵەتی ناوازەی تر هەبن، ئێمە درکمان پێنەکردبێت، بەڵام ئەوەی پێویستە باسبکرێت، کە حاڵەتی ناوازە هەیە لە خودی ئەو یاسایەی لەبارەی کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار دانراوە.

هەروەها بۆ نەرێ کردنی کاری ڕانەبوردووی بکەرنادیار، ئەوا (نا) وەردەگرێت و دەچێتە شوێنی (دە)ی ئەرێی ڕانەبوردوو، وەک:

**دەکێڵرێ ← ناکێڵرێ**

- **زەوییەکە دەکێڵرێ.** (ئەرێی ڕانەبوردووی بکەرنادیار)
- **زەوییەکە ناکێڵرێ.** (نەرێی ڕانەبوردووی بکەرنادیار)

[1]. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٣-٣٣٤.

## مۆرفیمی بکەر نادیار

لە زمانی کوردی (دیالێکتی ناوەڕاست)دا، هەندێک لە نووسەران دەمێکە توانیویانە دەستنیشانی مۆرفیمی بکەر نادیار بکەن،[1] ئەویش مۆرفیمی (ر)یە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە نووسەران ئاویزانییەکی گەورەیان کردووە لە نێوان مۆرفیمی بکەر نادیار و مۆرفیمی کات، کەوا زیاتر مەبەستمان مۆرفیمی (ا) بۆ ڕابوردوو و مۆرفیمی(ێ)یە بۆ ڕانەبوردوو، کەچی نووسەران (را)یان بە یەکەوە بۆ ڕابوردووی نادیار بەکارهێناوە و(رێ)یان بۆ ڕانەبوردووی نادیار بەکارهێناوە.

سەبارەت بە شوێنی مۆرفیمی بکەر نادیار لەناو کارەکەشدا، ئەوە شوێنێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش دەکەوێتە دوای (ڕەگی کار) و پێش مۆرفیمی کاتی کارەکە، واتە ناوەڕاستی کارەکە لەخۆ دەگرێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، با سەیری ئەم دوو ڕستەیە بکەین:

نامەکە نووسرا.




---

[1] ئەو نووسەرانەی مۆرفێمی (ـ ر)یان بە مۆرفێمی بکەر نادیار داناوە، پێکهاتوون لە ((زەرێ یوسوپۆڤا، مەکارس، ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وریا عومەر ئەمین، فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، نەریمان خۆشناو،... هتد)).

نامەکە دەنووسرێ.

| | | | |
|---|---|---|---|
| دە | نووس | ر | ێ |
| مۆرفیمی ئەرێی ڕانەبوردوو | ڕەگی ڕانەبوردوو | مۆرفیمی بکەر نادیار | مۆرفیمی ڕانەبوردوو |

# کاری تێپەڕ

لە زمانی کوردیدا زمانەوانان و نووسەران چەندین پێناسەیان بۆ کاری تێپەڕ کردووە،[1] دەتوانین هەموو پێناسەکانیش لە چواردەوری یەک چەمکدا کۆبکەینەوە، بەو واتایەی بڵێین کاری تێپەڕ ئەو کارەیە، کە کاریگەریی هێزەکەی لە بکەرەوە تێدەپەڕێت بۆ سەر کەرەستەیەکی تر، ئەویش بەرکاری ڕاستەوخۆیە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە با سەیری ئەم نموونەیە بکەین:

[1] لە زمانی کوردیدا چەندین پێناسە بۆ کاری تێپەڕ کراون، لەوانە:

ـ سەعید سدقی دەڵێت:((**متعدی فعلیکە لە فاعلەکەی جوی ببیتەوە واحتیاجی ببی بە مفعول بە**))، بڕوانە: مختصر صرف و نحوی کوردی، ١٩٢٨، ل٤٤ .

ـ تەوفیق وەهبی دەڵێت:((**فیعلی موتەعەددی کارێ بەیان ئەکا کە لە باسلێکراوە و تەجاوەزی کەسێ یان شتێکیتر بکا**))، بڕوانە: دەستووری زمانی کوردی، ١٩٢٩، ل ٤٢.

ـ نوری عەلی ئەمین دەڵێت:((**چاوگی تێپەڕ ئەو چاوگەیە هەر کاتێ فرمانێکی لێ دروست کرا، فرمانەکە لە (مسندالیە)یەکەی جوێ ئەبێتەوە بۆ کەسێ یا شتێکی تر**))، بڕوانە: قواعدی زمانی کوردی لە صرف و نحودا، ١٩٦٠، ل٦١.

ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەڵێت:((**واتای چالاکی کاراو ڕێچکەی بەرەوبەرکار نیشان دەدات**))، بڕوانە: ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم (کردار)، ٢٠٠٠، ل٤٦ .

- گۆران سێوەکـەی خوارد.

بکەر ↓ — بەرکاری ڕاستەوخۆ ↓ — کاری ڕابوردووی تێپەڕ ↓

لەم ڕستەیەدا وشەی (گۆران) بکەری ناو ڕستەکەیە، شتێکی خواردووە، ئەویش (سێو)ە، هێزەکەش لێرەدا کەوتۆتە سەر بەرکاری ڕاستەوخۆ، کارەکەش (خوارد)ە، کارێکی تێپەڕە.

دەبێت ئەوەش بوترێت، کە لە زمانی کوردیدا هەموو کارێکی تێپەڕ لەناو ڕستەدا، یەک بەرکاری ڕاستەوخۆ وەردەگرێت، بەڵام بۆ بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ئەوە دەشێت لە ڕستەی کاری تێپەڕدا بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ یان زیاتر ببینرێت. لەم وێنەیەی خوارەوەدا فراوانترین سنووری کاری تێپەڕ بەپێی کەرەستە سەرەکییەکان لەناو ڕستەدا دەخەینەڕوو[1]:

[1] عومەر مەحموود کەریم، هەمان سەرچاوە، ل٤١.




لەگەڵ ئەوەشـدا زۆرجـاران لە ڕسـتەی کـاری تێپەڕدا، وا دەبێت بەرکـــارەکەی لە ڕووی ســـیما (ڕوخســـار)ەوە بە دیارنەکەوێـــت، کە ئەمەش وای لە زۆر کەس کردووە بە هەڵەدا بچن و بڵێن ئەم ڕسـتەیە بەرکاری تێدا نییە، بەڵام لە ڕووی واتـاوە بەرکارێک لەنـاو ڕسـتەکەدا دەبینرێـــت، وەک ( ئـــازاد دەتـــوانێ بنووســـێ)[1]، لێـــرەدا لە ڕووی ڕووخســـارەوە بەرکـــار دەرنەکەوتـــووە، بەڵام لە ڕووی واتـــاوە ئـــازاد دەتوانێ شتێ بنووسێ، جا ئەم شـتە: نـامەیە، وتـارە، شـیعرە، یـا هەر شتێکی ترە، دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەکە.

[1]. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، کردار، ل ٣١٦ .

کاری تێپەڕ لە ڕووی هەبوونەوە، بەسەر دوو جۆر دابەش دەبێت:

**١. تێپەڕی ڕەسەن** (**بنجی**): ئەو کارە تێپەڕانە دەگرێتەوە، کە لە بناغە و بنجدا تێپەڕن، وەک (برد، کرد، شوشت، خوارد،....).

**٢ـ تێپەڕی ناڕەسەن** (**نابنجی**): ئەو کارە تێپەڕانە دەگرێتەوە، کە لە بناغەدا تێنەپەڕن، بەڵام بەهۆی پاشگری (ـ اندن) بوونەتە کارێکی تێپەڕ،[1] وەک:

خەوتن ← خەو + اندن = خەواندن

مردن ← مر + اندن = مراندن

هەروەها کاری تێپەڕ لە زمانی کوردیدا، هەروەک زمانی عەرەبی دەشێت یەک بەرکار وەرگرێ و دەشێت زیاتر بێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:[2]

**یەکەم/** ئەو کارە تێپەڕانەی یەک بەرکار لەناو ڕستەدا وەردەگرن، وەک:

- مەریوان سێو دەخوات.

| مەریوان | سێو | دەخوات |
|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ |
| بکەر | بەرکاری ڕاستەوخۆ | کاری ڕانەبوردووی تێپەڕ |

---

[1] ـ مصطفى محمد زەنگنە، کار و ئەرکی لە سینتاکسدا، ل٢٤.

[2] ـ عومەر مەحموود کەریم، هەمان سەرچاوە، ل ٤١ .

**دووەم/** ئەو کارە تێپەڕانەی دوو بەرکار(یەکەکیان ڕاستەوخۆ، ئەویتریان ناڕاستەوخۆ، واتە تەواوکەری بەیاریدە) لە ڕستەدا وەردەگرن، وەک:

**من پارە دەدەمە تۆ.**

من: بکەر

پارە: بەرکاری ڕاستەوخۆ

دەدەم: کاری تێپەڕ

ە : پێشبەند

تۆ: بەرکاری ناڕاستەوخۆ

**سێیەم/** ئەو کارە تێپەڕانەی سێ بەرکار(یەکەکیان ڕاستەوخۆ، ئەوانی تریان ناڕاستەوخۆ، واتە تەواوکەری بەیاریدە) وەردەگرن، وەک کارەکانی (وەرگرتن، دان، بردن سەندن، کڕین )،[1] وەک:

**من پارە لە تۆ وەردەگرم بۆ ئازاد.**

من: بکەر

پارە: بەرکاری ڕاستەوخۆ

لە: پێشبەند

تۆ: بەرکاری ناڕاستەوخۆ

وەردەگرم: کاری تێپەڕ

بۆ:پێشبەند

---

[1]ـ نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، کاری تیپەڕ ـ لێکۆڵینەوەیەکی بەرانبەرییە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، گ ـ کاروان، ژ. (١٩٨)، ٢٠٠٥، ل ١٥٨ـ١٥٩ .

ئازاد: بەرکاری ناڕاستەوخۆ

لەمە زیاتر نامانەوێت لەسەر ئەم بابەتە بدوێین، چونکە ئەوەی زۆر گرنگە و گەرەکمانە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، کە لە زمانی کوردیدا دەبێت کاری ناو ڕستەکە تێپەڕ بێت، ئینجا دەتوانین ڕستەی بکەر دیار بگۆڕین بۆ ڕستەی بکەر نادیار، بەڵام ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بوو، ئەوە دەبێت لەپێشدا کارەکە بگۆڕین بۆ تێپەڕ، وەک:

شکا ←—— شکاندن

**کامەران پەنجەرەکەی شکاند.** (بکەر دیار)

کامەران ↓ بکەر، پەنجەرەکەی ↓ بەرکاری ڕاستەوخۆ، شکاند ↓ کاری تێپەڕ

**پەنجەرەکە شکێنرا.** (بکەر نادیار)

دیارە وەک لەپێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد، ڕستەی بکەر نادیار لە کاری تێنەپەڕ سازناکرێت، بەڵکو دەبێت کارەکە تێپەڕ بێت، بۆیە لە زمانی کوردیدا ڕێگەچارە دانراوە بۆ گۆڕینی کاری تێنەپەڕ بۆ کاری تێپەڕ، ئەویش بە زیادکردنی پاشگری (ـ اندن) و خستنە سەر ڕەگی کارەکە، کە بەهۆیەوە دەیکاتە تێپەڕ، وەک:

**خەوتن ← خەو + اندن = خەواندن**

**فڕین ← فڕ + اندن = فڕاندن**

**شکان ← شکا + اندن = شکاندن**

**ڕووخان ← ڕووخا + اندن = ڕووخاندن**

لەم کارانەی سەرەوەدا، کارەکانی (شکا، ڕووخا)، بە (ا) کۆتاییان هاتووە، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە لە ڕەگی ڕابوردووەوە وەرگیراون بۆ کردنی بە تێپەڕ، دیارە لە نێوان ئەم دوو (ا)ە، یەکەکیان لەناودەچێت، چونکە لە زمانی کوردیدا هەرگیز دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نایێن.

هەروەها هەندێک کاری تێنەپەڕمان هەیە، کە بەرانبەرەکەیان کاری تێپەڕی هەیە، لەوانە:[1]

| **تێنەپەڕ** | | **تێپەڕ** |
|---|---|---|
| **کەوتن** | ← | **خستن** |
| **هاتن** | ← | **هێنان، هانین** |
| **چوون** | ← | **بردن** |
| **ڕۆیشتن** | ← | **ناردن** |
| **ڕژان** | ← | **ڕشتن** |
| **گۆڕان** | ← | **گۆڕین** |
| **سڕانەوە** | ← | **سڕینەوە** |
| **پچڕان** | ← | **پچڕین** |
| **بزووتن** | ← | **بزاوتن** |
| **سوان** | ← | **سوین (سوون)** |

[1]- لیژنەی زمان و زانستەکانی، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، ل١٢٣.

قەلشتن ← قەڵاشتن

قڵیشان ← قەڵاشتن

مانەوە ← هێشتنەوە، هێڵانەوە

مان ← هێشتن، هێڵان

کشانەوە ← کێشانەوە

هەڵستان ← هەڵگرتن

هەروەها هەندێک کاری تێنەپەڕمان هەیە، دەشێت بەهۆی (ـ اندن)ەوە بکرێنە تێپەڕ، سەرەڕای ئەوەش تێپەڕی بەرانبەریان هەیە، وەک :

| تێنەپەڕ | | تێپەڕ |
| --- | --- | --- |
| کەوتن | ← | کەواندن، خستن |
| مردن | ← | مراندن، کوشتن |
| چوون | ← | چواندن، بردن |

لێرەدا لە زۆر حاڵەتدا مانای تێپەڕی بەرانبەر و بە تێپەڕکراوەکە وەکیەک نابن، وەک (مردن)، تێپەڕی بەرانبەری (کوشتن)ە و، دەکرێت بە (مراندن)، بەڵام لە ڕوویماناوە، مانای (مراندن) و (کوشتن) جیاوازن،[1] وەک:

- **پیاوەکە خۆی کوشت.** لێرەدا مردووە
- **پیاوەکە خۆی مراند.** لێرەدا نەمردووە

[1]- وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل١٨٨.

هەروەها هەندێک کاری تێنەپەڕمان هەیە، کە بەرانبەریان کاری تێپەڕی نییە و پاشگری (ـ اندن)یش وەرناگرن، وەک:[1]

**(سرەوتن، نیشتن، زان، گەنین)**

دیارە لێرەدا ئەم وشانە ڕوودانیان لەژێر ئارەزوو و دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە، چونکە ((**تۆ دەتوانی یەکێکی تر(بخەوێنی و یا بشێوێنی) بەهۆی ئەو ئامرازانەوە، کە خەوتن و شێوان پەیدا دەکەن، بەڵام ناتوانی لە دەروونی هەمان کەسدا (سرەوتن) پەیداکەیت، چونکە سرەوتنەکە لەلاوە نایەت بۆی، هەروەها هەرگیز مرۆڤ دەسەڵاتی ئەوەی نییە بتوانێ گوڵێ بپشکوێنێ یان ئاژەڵێک بزێنێ یان شتێ بگەنێ، واتە پشکواندن و زاندن و گەناندن و سرەوتن نییە و نابێت**)).[2]

هەروەها هەندێک کاری تێنەپەڕ، بە یارمەتی کاری یاریدەدەری (**هێنان**) و (**خستن**)ەوە دەکرێنە تێپەڕ، وەک:

**منداڵەکەی هێنایە پێکەنین.**

**منداڵەکەی خستە گریان.**[3]

ئەگەرچی لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد، کە پاشگری (ـ اندن) کاری تێنەپەڕ دەکاتە تێپەڕ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەوری ڕۆنانی کاری تێنەپەڕیش دەبینێت، بەتایبەتی کاتێک دەچێتە سەر ناوی دەنگە سروشتییەکان و دەیانکات بە کاری تێنەپەڕ، وەک:

---

[1]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٥٨.

[2]- وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل١٨٨.

[3]- عومەر مەحموود کەریم، هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.

**قیژە + اندن = قیژاندن**

**گرمە + اندن = گرماندن**

**باعە + اندن = باعاندن**

**زیرە + اندن = زیراندن**

**بارە + اندن = باراندن**[١]

هەروەها (ـ اندن) چەندین ئەرکی تری جودا جودا دەبینێت، لەوانە چاوگی لێکدراو دەکات بە چاوگی دارژاو، وەک :

**نەخشکردن ← نەخشاندن**[٢]

هەروەها کار و چاوگی بێگانەی تێپەڕ، بەتایبەتی لە زمانی عەرەبی دەکاتە کوردی و هەر بە تێپەڕیش دەمێنێتەوە و هەموو تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی وەردەگرێت، وەک :

**(( شبه )) + اندن = شوبهاندن**

**خلق + اندن = خولقاندن**[٣]

دیارە ئەم حاڵەتانەی، کە لەوەوپێش ئاماژەمان بۆی کرد، هەموو وەکخۆی سەداسەد بەبێ گۆڕانکاری بەکارناییێت، بەڵکو حاڵەتی تریش هەن و هەندێک گۆڕانکاریش دەبینیرێت، لە کاتی خستنەسەری پاشگری (ـ اندن) بۆ سەر کارەکان و، ئەرکی (ـ اندن) گەلێک زۆرە، بەڵام لێرەدا هەر ئەوەندە ئاماژەی بۆ دەکەین. لەگەڵ ئەمانەشدا

---

[١]ـ لیژنەی زمان و زانستەکانی، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، ل١٢٣.

[٢]ـ نەسرین فەخری، پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، بەغدا،١٩٧٤، ل ٢٢٧ .

[٣] ـ هەمان سەرچاوە، ل٢٢٣.

دەبێت ڕێکخستن و شێوازی پاشگری (ـ اندن) ڕوون بکەینەوە، کە چۆن سازبووە، چونکە وەک زانراوە، پاشگری (ـ اندن) هەر هەمووی مۆرفیمی تێپەڕاندنی کار نییە، بەڵکو بە تەنیا (ن)ی یەکەم مۆرفیمی تێپەڕاندنە، هەروەک لەم نموونەیە ڕوونی دەکەینەوە:[1]




له دەمی ڕانەبوردوو، (ان) دەبێتە (ێن)، واتە (ا) دەبێتە (ێ)، وەک:

مراندن ⟵ دەمرێنێت.

کەواتە دەبێت (ن)ەکە، مۆرفیمی تێپەڕاندن بێت، چونکە (ا) نیشانەی کاتە بۆ ڕابوردوو و،(ێ)ش نیشانەی کاتە بۆ ڕانەبوردوو.[2]

---

[1] ـ عومەر مەحموود کەریم، هەمان سەرچاوە، ل ٥٦ ـ ٥٧.

[2] ـ هەمان سەرچاوە، ل ٥٧.

# کاری تێنەپەڕ

لە زمانی کوردیدا نووسەران و زمانەوانان چەندین پێناسەیان بۆ کاری تێنەپەڕ کردووە،[1] دەتوانین هەموو پێناسەکان لە چواردەوری یەک چەمکدا کۆبکەینەوە، بەو واتایەی بڵێین کاری تێنەپەڕ ئەو کارەیە، کە کاریگەریی هێزەکەی لە بکەرەوە تێناپەڕێت بۆ سەر بەشێکی تر، بەو واتایەی ناچێتە سەر بەرکاری ڕاستەوخۆ، واتە خاڵی جیاکردنەوەی تێنەپەڕ لە تێپەڕ، بەرکاری ڕاستەوخۆیە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، با سەیری ئەم نموونەیە بکەین:

---

[1]- لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێ پێناسە بۆ کاری تێنەپەڕ کراون، لەوانە:

- سەعید سدقی دەڵێت: ((**لازم فعلیکە دەبی لازم فاعلەکەی لێ ی جوی نەبیتەوە و محتاج بە مفعول بە نەبی وکو حسن هات**))، بڕوانە: مختصر صرف ونحوی کوردی، ١٩٢٨، ل ٤٤.

- تەوفیق وەهبی دەڵێت: ((**فیعلی لازیم کارێ یان حاڵێ بەیان ئەکا کە لە باسلێکراوەوە ڕاستەوخۆ تەجاوەزی کەسێ یان شتێکیتر نەکا، وەکو قەل ئەفڕێ**))، بڕوانە: دەستووری زمانی کوردی، ١٩٢٩، ل ٤٢.

- نوری عەلی ئەمین دەڵێت: ((**چاوگی تێنەپەڕ ئەو چاوگەیە هەر کاتێ فرمانێکی لێ دروست کرا لە (مسندالیە)یەکەی جوێ نەبیتەوە بۆ کەسێ یان شتێکی تر، وەکو دۆیەکە ڕژا**))، بڕوانە: قواعدی زمانی کوردی لە صرف و نحودا، ١٩٦٠، ل٦٠.

- ئەورەحمانی حاجی مارف دەڵێت: ((**کرداری تێنەپەڕ پێوەندیی ڕوودان بە کاراوە ڕادەگەیەنن، وە ئەم جۆرە کردارانە پێویستیان بە بەرکار نییە**))، بڕوانە: ڕێزمانی کوردی، کردار، ٢٠٠٠، ل ٤٦.

- ڕزگار ڕۆیشت.
↓ ↓
بکەر کاری ڕابوردووی تێنەپەڕ

لەم ڕستەیەدا وشەی (ڕزگار) بکەری ناو ڕستەکەیە و، کارێکی ئەنجامداوە، ئەویش (ڕۆیشتن)ە و، هێزەکەی لەناو ڕستەدا تەنیا لە دەوری بکەر جێگیر بووە و نەچۆتە سەر کەرەستەیەکی تر و، کاری (ڕۆیشت)یش کارێکی ڕابوردووی تێنەپەڕە. ئەم ڕستەیەی سەرەوەش بە تەسکترین ڕستەی کاری تێنەپەڕ دەژمێردرێت، کە تەنیا (بکەر)ی لەناو ڕستەدا وەرگرتووە، بەڵام دەشێت لە شوێنی تردا کاری تێنەپەڕ، جگە لە (بکەر)، لەگەڵ چەندین کەرەستەی تردا دەرکەوێت، لەوانە (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)، هەروەکو لەم نموونەیەی خوارەوەدا ڕستەیەکی فراوانی سنووری کاری تێنەپەڕ دەخەینەڕوو:[(١)]

---

[١]- عومەر مەحموود کەریم، هەمان سەرچاوە، ل٤٣.




لە زمانی کوردیدا کاری تێنەپەڕ لە ڕووی هێزەوە دوو جۆرە:[1]

١ـ **تێنەپەڕی خوازەکی:** لەم جۆرە کارانەدا، دەوری (بکەر) شتێکی ئاشکرا و ئیرادییە، واتە بە ویستی بکەر، کارەکە ئەنجامدەدرێت، وەک:

**ئازاد هات.**

[1]ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٥٠.

**کوڕەکە ڕۆیشت.**

لێرەدا کارە تێنەپەڕەکانی (**هات، ڕۆیشت**)، پێویستییان بە بکەری ڕاستەقینەی ناو ڕستەکە هەیە، بۆ هەڵسوڕانی کارەکە.

**٢. تێنەپەڕی ڕوودان**: لەم جۆرەدا، بکەر دەورێکی تایبەتی خۆی نییە، بەو واتایەی ئیشەکە بەبێ ویستی بکەر دێتە دی، وەک :

**ئاوەکە ڕژا.**

**شوشەکە شکا.**

لەم ڕستانەدا کارە تێنەپەڕەکانی (**ڕژا، شکا**) پێویستییان بە دەرکەوتنی بکەرەکە نییە، هەروەها ڕۆڵی بکەر بە دەرناکەوێت، بەو واتایەی (**ئاوەکە، شوشەکە**) تەنیا لە ڕووی ڕێزمانەوە بکەرن.

دەبێت لێرەدا ئامـاژە بـۆ ئەوەش بکەیـن، کە لە زمـانی کوردیـدا ناشێت کارێکی تێپەڕ بۆ کاری تێنەپەڕ بگۆڕدرێت، واتە کارە تێنەپەڕەکان تەنیا ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە لە بنجدا تێنەپەڕن.

**بکەر نادیار لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا**

یاساکانی سازکردنی بکەر نادیار لە کرمانجی سەرووی زمانی کوردیدا لەگەڵ کرمانجی ناوەڕاست جیاوازە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. بکەر و ئەوەی پەیوەندی بە بکەرەوە هەیە لای دەبەین.

٢ـ بەرکاری ڕاستەوخۆ دێتە شوێنی بکەر، و هەر بە بەرکاری ڕاستەوخۆ دەمێنێتەوە.

٣. چاوگی کار وەردەگرین.

٤. کاری یاریدەدەری (هاتن) وەردەگرین:

أ. بۆ کاری ڕابوردوو (هاتە) بەکاردێت، بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| **أ. بۆ ڕابوردووی نزیک** | **هاتە + چاوگ** |
| **ب ـ بۆ ڕابوردووی بەردەوام** | **دهاتە + چاوگ** |
| **جـ ـ بۆ ڕابوردووی تەواو** | **هاتیە + چاوگ** |
| **د ـ بۆ ڕابوردووی دوور** | **هاتبوو + چاوگ** |

ب ـ بۆ کاری ڕانەبوردوو، بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| **أ. بۆ کاتی ئێستا** | **دهێتە + چاوگ** |
| **ب ـ بۆ کاتی داهاتوو** | **دێ هێتە + چاوگ** |

**ـ ئازادی سێڤ خار.**

**سێڤ هاتە خارن.** ڕابوردووی نزیک

**سێڤ دهاتە خارن.** ڕابوردووی بەردەوام

**سیڤ هاتیە خارن.** ڕابوردووی تەواو
**سیڤ هاتبوو خارن.** ڕابوردووی دوور
**سیڤ دهێتە خارن.** ڕانەبوردووی ئێستا
**سیڤ دێ هێتە خارن.** ڕانەبوردووی داهاتوو

**- وی چا گەرمکر.**
**چا هاتە گەرمکرن.** ڕابوردووی نزیک
**چا دهاتە گەرمکرن.** ڕابوردووی بەردەوام
**چا هاتیە گەرمکرن.** ڕابوردووی تەواو
**چا هاتبوو گەرمکرن.** ڕابوردووی دوور
**چا دهێتە گەرمکرن.** ڕانەبوردووی ئێستا
**چا دێ هێتە گەرمکرن.** ڕانەبوردووی داهاتوو

**- نەسرینێ نامە نڤیسی.**
**نامە هاتە نڤیسین.** ڕابوردووی نزیک
**نامە دهاتە نڤیسین.** ڕابوردووی بەردەوام
**نامە هاتیە نڤیسین.** ڕابوردووی تەواو
**نامە هاتبوو نڤیسین.** ڕابوردووی دوور
**نامە دهێتە نڤیسین.** ڕانەبوردووی ئێستا
**نامە دێ هێتە نڤیسین.** ڕانەبوردووی داهاتوو

بۆ حاڵەتی کۆ، دەستورەکان بەم شێوەیە دەبێت:

| | |
|---|---|
| **١- ڕابوردووی نزیک** | **هـاتنە + چاوگ** |
| **٢- ڕابوردووی دوور** | **هاتبوونە + چاوگ** |
| **٣- ڕابوردووی تـەواو** | **هـاتینە + چاوگ** |
| **٤- ڕابوردووی بەردەوام** | **دهـاتنە + چاوگ** |
| **٥- ڕانەبوردووی ئیستا** | **دهـێنە + چاوگ** |
| **٦- ڕانەبوردووی داهاتوو** | **دێ هێنە + چاوگ** |

**- وان کوڕان زەڤیێن خۆ کێلان.**

| | |
|---|---|
| **زەڤی هاتنە کێلان.** | ڕابوردووی نزیک |
| **زەڤی هاتبوونە کێلان.** | ڕابوردووی دوور |
| **زەڤی هاتینە کێلان.** | ڕابوردووی تەواو |
| **زەڤی دهاتنە کێلان.** | ڕابوردووی بەردەوام |
| **زەڤی دهـێنە کێلان.** | ڕانەبوردووی ئیستا |
| **زەڤی دێ هێنە کێلان.** | ڕانەبوردووی داهاتوو |

**- ئازادی سێڤ خار.**

| | |
|---|---|
| **سێڤ هاتنە خـارن.** | ڕابوردووی نزیک |
| **سێڤ هاتبوونە خارن.** | ڕابوردووی دوور |
| **سێڤ هاتینە خـارن.** | ڕابوردووی تەواو |
| **سێڤ دهاتنە خـارن.** | ڕابوردووی بەردەوام |
| **سێڤ دهـێنە خارن.** | ڕانەبوردووی ئێستا |
| **سێڤ دێ هێنە خارن.** | ڕانەبوردووی داهاتوو |

### ٥. بکەرنادیاری ئاماژەپێکراو

وەکو دەزانرێت ڕستەی بکەر نادیار ئەو ڕستەیە، کە بکەرەکەی لەناو ڕستەدا دەرنەکەوێت، کەچی ((**لە زمانی کوردیدا حاڵەتی ئەوتۆ بەرچاو دەکەوێ، کە بەڕێگەی وەسفی ڕستەسازیدا پەنجە بۆ کارا ڕابکێشرێ**))،[1] واتە لە شوێنێکی تری ناو ڕستەکە هەست بە بوونی (بکەر) دەکرێت. لێرەدا هەندێک لەو یاسایانە دەخەینەڕوو:

١. بەهۆی پێشبەندی (بە، لە، بۆ، پێ،.......)، وەک:

- **شاخەکە بە بەفر داپۆشراوە.**[2]
- **باج لە دەوڵەمەند دەستێنرێ.**[3]
- **ئیشم بۆ ناکرێ.**[4]
- **نانم پێ ناخورێ.**

٢. بەهۆی دەستەواژەی (بەدەستی)یەوە، وەک:[5]

- **کراسەکە بەدەستی ڕێناز شوشتراوە.**
- **پێنووسەکە بەدەستی ئاریان شکێنراوە.**

٣. بەهۆی دەستەواژەکانی (لەلایەن .....ەوە)، (لەڕێگەی.....ەوە)، (بەهۆی .. ەوە)، (لەڕێی ....ەوە)...هتد،[6] وەک:

- **شاسوار لەلایەن هەڵکەوتەوە کوژراوە.**

---

[1]. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٣٤١.

[2]. فەرەیدوون عەبدول محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٩٠.

[3]. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٣٤٢.

[4]. فەرەیدوون عەبدول محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٨٩.

[5]. هەمان سەرچاوە، ل ٩٠.

[6]. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، کردار، ل ٣٤١.

**- هاوناز لەڕێگەی بەنازەوە هێنراوە.**
**- نازەنین بەهۆی کارەباوە کوژراوە.**
**- سۆزان لەڕێی بەسۆزەوە نێردراوە.**

هەندێک لە نووسەران بەم جۆرە ڕستانە دەڵێن (نادیاری درێژ)، کە بکەرەکەی لە شێوەی سەرباردا دەرکەوتووە ((**ئەو ڕستە نادیارانەی کە بکەر، یان کارایان تێدایە و لە ڕستەکەدا لە شێوەی سەرباردا دەرکەوتۆتەوە (نادیاری درێژ)** ))،[١] دیارە گومان لەوەدا نییە، کە بکەرەکانی ئەم ڕستانە لە فۆرمدا نادیارن، بەڵام (بکەر) لە شوێنێکی تری ڕستەکەدا دەرکەوتووە، بۆیە بەم ڕستانە دەوترێت ڕستەی بکەر نادیاری ئاماژەپێکراوە.

کەواتە لەمجۆرەدا کاری ڕستەکە لەسەر شێوەی نادیارییە و، بەرکاری ڕاستەوخۆ لە سەرەتا و لە شوێنی بکەر هاتووە و، بکەریش لە شوێنێکی تری ڕستەکە هاتووە.

١- فەرەیدوون عەبدول محەمەد، هەمان سەرچاوە، ل ٨٨ .

# بـەرگـار

## چەمکی بەرکار

لە زمــانی کوردیــدا جــگە لە زاراوەی بەرکــار، ئەوە زاراوەی تەواوکەریــش بەکاردەهێنرێــت، بەڵام ئەوەی ڕاســتی بێــت، زاراوەی بەرکار زانستی ترە لەچاو زاراوەی تـەواوکەر.

## پێناسەی بـــەرکار

بــەو وشـانە(نــاو یـان جێنــاو) دەوتـرێت، کـە بـەر کـاریـگەریی کــار دەکەون، ئەویــش بە دوو شـێوە، شـێوەیەکیان ڕاســتەوخۆیە و شێوەکەی تریان ناڕاستەوخۆ.

## یەکەم / بەرکاری ڕاستەوخۆ

بەو وشــانە دەوترێ، کــە ڕاسـتەوخۆ دەکەونە ژێر کـاریگەریی کــاری ڕستەکــەوە و مەرجــی ســەرەکی لە پەیــدابوونی بەرکــاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەدا پەیوەستە بە کاری تێپەڕەوە.

بەگوێرەی یاسا لە زمانی کوردیدا هەمـوو کارێکی تێپەڕ یاخود هەموو ڕستەیەک دەبێت یـەک بـەرکاری ڕاسـتەوخۆی تێدا بێت، بەڵام لــە هەنـدێ حاڵەتــی زۆر دەگمەنـــدا دوو بەرکــاری ڕاســتەوخۆ دەردەکــەوێت(بەڵام لــە زمــانی عەرەبیـدا ئاســاییە دوو بـەرکــاری ڕاستەوخۆ یان سێ بەرکاری ڕاستەوخۆ لــە ڕستەدا دەربــکەوێت). وەکــو لــەپێشەوە ئـاماژەمان بـۆی کـرد کە بەرکــاری ڕاســتەوخۆ

پەیوەستە بە کاری تێپەڕەوە، هەر بۆیەشە کارە تێپەڕەکان بڕیار لەسەر چەندێتی دەرکەوتنی بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەدەن، چونکە دەشێ بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ڕستەدا بەیەکەوە بێن، **بۆیە لێرەدا ئەم پۆلێنکردنە بەهۆی کاری تێپەڕ دەکەین:**

**یەکەم /** ئەو کارە تێپەڕانەی یەک بەرکار لەناو ڕستەدا وەردەگرن، وەک:

- **مەریوان سێو دەخوات.**

بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ کاری تێپەڕ

- **بەناز نانی خوارد.**

بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ کاری تێپەڕ

- **شیلان کراسێکی کڕی.**

بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ کاری تێپەڕ

**دووەم/** ئەو کارە تێپەڕانەی دوو بەرکار (یەکێکیان ڕاستەوخۆ و ئەویتریان تەواوکەری بەیاریدە) لە ڕستەدا وەردەگرن، وەک:

- **من پارە دەدەمە تۆ.**
- **سۆزان بە کەوچک نان دەخوات.**

**سێیەم/** دەشێ لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا، کاری تێپەڕ زیاتر لە بەرکارێکی ڕاستەوخۆ وەرگرێت، وەک:

- مامۆستاکە ڕێزمانی کوردی فێرکردین.

↓ ↓ ↓

بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ(١) بەرکاری ڕاستەوخۆ(٢)

**چوارەم/** هەندێ‌جارکاری تێپەڕ لەڕستەدا چەندین بەرکار(یەکێکیان ڕاستەوخۆ و ئەوانی تریان تەواوکەری بەیاریدە) وەردەگرێ، وەک:

**ـ ئازاد شـەوێ لــەماڵــەوە پــارە لـــە باوکــم وەردەگـرێ بـــۆ شێرزاد.**

بەرکاری ڕاستەوخۆ لە هەندێ حاڵەتدا لەڕووی ڕووخسـارەوە دەرناکەوێت، بەڵام لــەڕووی ناوەڕۆکەوە بوونی هەیە، وەک:

**ڕزگار خواردی.**

**بەناز دەتوانێ بنووسێ.**

**ئەحمەد کوشتی.**

لەم ڕستانەی سـەرەوەدا وشـەکانی **(ڕزگار، بەناز، ئەحمەد)** بکەری ڕسـتەکانن، وشـەکانی **(خواردی، بنووسێ، کوشتی)** کـاری تێپەڕی ڕستەکانن. لێرەدا لەڕووی ڕووخسارەوە بەرکاری ڕاستەوخۆ دەرنەکەوتـووە، بەڵام لـــەڕووی نــاوەرۆک و ڕۆنانـــی ژێـــرەوەدا بـــەرکاری ڕاســـتەوخۆ بـــوونی هەیە، چـــونکە لە ڕســـتەی یەکەمـــدا **(ڕزگار)** شـتێکی خـواردووە، جا ئەم شـتە چایەیە، قاوەیە، یان هەر شتێک بێت، ئەوە دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەکە. لە ڕستەی دووەمـدا **(بەناز)** شـتێکی نوسـیوە، ئینجا ئەم شـتە شـیعرە، چیرۆکە، یان هەر شتێک بێت، ئەوە دەبێتە بەرکـاری ڕاسـتەوخۆی ڕسـتەکە. لە ڕسـتەی سـێیەمدا بەهەمـان شـێوە **(ئەحمەد)** کەسـێکی کوشـتووە، ئەم کەسەش دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆ.

لە هەندێ حاڵەتدا کاری تێنەپەڕ بەبێ **(اندن)** لە سنووری ڕستەدا دەبێتە کارێکی تێپەڕ، لەم حاڵەشدا کارە تێپەڕەکە دەبێتە کارێکی تێپەڕی نابنجی، چونکە وەکو دەزانین لە زمانی کوردیدا دوو جۆر کاری تێپەڕمان هەیە، یەکێکیان پێی دەوترێت (بنجی)، کە لە بنەڕەتدا کارێکی تێپەڕە، ئەویتریشیان پێی دەوترێت (نابنجی)، کە لە بنەڕەتدا کارێکی تێنەپەڕە، ئەوەی لەم حاڵەتەدا مەبەستمانە ئەوەیە، کە بەبێ (اندن) کارەکە بۆتە تێپەڕ و بەرکاری ڕاستەوخۆشی وەرگرتووە، وەک:

| بکەر | بەرکاری ڕاستەخۆ | بۆ بکەر دەگەڕێتەوە | کاری ڕابوردووی تێپەڕی نابنجی |
|---|---|---|---|
| من | ماڵەکە | م | سوتا |
| تۆ | ماڵەکە | ت | سوتا |
| ئەو | ماڵەکە | ی | سوتا |
| ئێمە | ماڵەکە | مان | سوتا |
| ئێوە | ماڵەکە | تان | سوتا |
| ئەوان | ماڵەکە | یان | سوتا |

ئەم ڕستانە تەنیا لە ڕووی ڕووخسارەوە، واتە لە ڕووی ڕێزمانەوە وشەکانیان بوونەتە بەرکاری ڕاستەوخۆ، ئەگەرنا لە ڕووی ناوەرۆکدا نابنە بەرکاری ڕاستەوخۆ.

**دووەم/ بەرکاری ناڕاستەوخۆ(تەواوکەری بەیاریدە)**

بەو وشانە دەوترێ، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەریی کارەوە، مەرجی دەرکەوتنی بەرکاری ناڕاستەوخۆش لە ڕستەدا پەیوەستە بە پێشبەندەکانەوە. دیارە ئەم دیاردەیەش وەنەبێت تەنها لە زمانی کوردیدا بوونی هەبێت، بەڵکو لە زمانی عەرەبیشدا دەبینرێت، ئەویش پێی دەوترێت (حرف جر، اسم مجرور).

- **نازەنین چوو بۆ زانکۆ.**

بکەر ڕابوردووی تێنەپەڕ پێشبەند ب.ناڕاستەوخۆ

- **فڕۆکەکە بە ئاسماندا دەسوڕێتەوە.**

بکەر پێشبەند ب.ناڕاستەوخۆ کاری ڕانەبوردووی تێنەپەڕ

- **نازدار بە ئۆتۆمبێل ڕۆیشت.**

بکەر پێشبەند ب.ناڕاستەوخۆ کاری ڕابوردووی تێنەپەڕ

- **ئەحمەد بە چەقۆ شەڕدەکات.**

بکەر پێشبەند ب.ناڕاستەوخۆ کاری ڕابوردووی تێنەپەڕ

- **کارزان بە پێنووس دەنووسێت.**

بکەر پێشبەند ب.ناڕاستەوخۆ کاری ڕانەبوردووی تێپەڕ

- **شیلان بە کەوچک نان دەخوات.**

بکەر پێشبەند ب.ناڕاستەوخۆ ب.ڕاستەوخۆ کاری ڕانەبوردووی تێپەڕ

**چەند تێبینییەک:**

**یەکەم/** ژمارە و ئاوەڵناو کاتێک لەدوای پێشبەندەوە دێن، ئەوە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ نابینن، بەڵکو لە شوێنێکی تری ڕستەکە بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، وەک:

- **بەناز لە یەکەمین ژوور دانیشتووە.**

بکەر پێشبەند ژمارەی ڕێکخستن ب.ناڕاستەوخۆ کاری ڕابوردووی تێنەپەڕ

- **شیلان لە جوانترین ژوور دانیشتووە.**

بکەر پێشبەند ئاوەڵناوی چۆنیەتی ب.ناڕاستەوخۆ کاری ڕابوردووی تێنەپەڕ

**دووەم /** لە هەندێ حاڵەتی بکەر نادیاری ئاماژەپێکراودا، لەدوای پێشبەندەکە، بەرکاری ناڕاستەوخۆ نایێت، وەک:

- **شاخەکە بە بەفر داپۆشراوە.**

بەرکاری ڕاستەوخۆ پێشبەند بکەرنادیاری ئاماژەپێکراو کاری ڕابوردووی بکەرنادیار

**سێیەم /** دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کە لەناو ڕستەدا، هەندێک جار پێشبەندەکان شێوەی خۆیان دەگۆڕن، بەو واتایەی لەشێوەی سەربەخۆوە دەگۆڕدرێن بۆ شێوەی لکاو. نموونە:

**بە من دەشکێ. بە تۆ دەڵێم. لە تۆ دەپرسم.**

**پێم دەشکێ. پێت دەڵێم. لێت دەپرسم.**

| | | |
|---|---|---|
| بە ← پێ | بە ← پێ | لە ← لێ |
| من ← م | تۆ ← ت | تۆ ← ت |

**چوارەم/** لابردنی بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ڕستەدا:

بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ دوو کەرەسەی سەرەکی ڕستەن، بەو واتایەی دەبێت لە ڕستەدا بوونیان هەبێت، بەجۆرێک بکەر لە هەردوو کاری تێپەڕ و تێنەپەڕی کاری تەواودا دەردەکەوێت، بەڵام بەرکاری ڕاستەوخۆ تەنیا لە کاری تێپەڕدا دەردەکەوێت. ئەم دوو کەرەسەیە

هەندێک جار دەشێ لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەرنەکەون یاخود لاببرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوەرۆکی ڕستەکەدا بوونیان هەیە، بەتایبەتی لە دابەشکردنی نەخشەی فرێزدا، نموونە:

**ئازاد هات. ←——— هات.**

**کامەران وانەکەی خوێند ←——— خوێندی.**

لە ڕستەی یەکەمدا **(ئازاد هات)** توانیمان لەڕوی ڕوخسارەوە بکەری ڕستەکە لابەرین و سادەترین جۆری ڕستەی لێ دروست بکەین، ئەویش بۆتە **(هات)**، کەچی لە ناوەرۆکەوە خودی وشەی **(هات)** واتای بکەریشی تێدایە. بەم شێوەیە:

هات.

ڕەگی کار ← هێ | کات ← ت | بکەر ← Ø

لە ڕستەی دووەمیشدا توانیمان بکەر و بەرکار لە ڕستەکە لابەرین، ئەگەرچی بکەرەکە لە شێوەی جێناوی لکاودا دەرکەوتۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوەرۆکی ڕستەکەدا کەرەسە سەرەکییەکان بوونیان هەیە، چونکە لەم ڕستەیەدا کاری ڕستەکە کارێکی تێپەڕە، کە پێویستی بە بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ هەیە، بەم شێوەیە:

خوێندی.

ڕەگی کار ← خوێن | کات ← د | بکەر ← ی | بەرکاری ڕاستەوخۆ ← Ø

دەربارەی پێشبەند و بەرکاری ناڕاستەوخۆش، دەشێ لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لایان بەرین، بەبێ ئەوەی واتای سەرەکی ڕستەکە تێکبدن، لە هەمان کاتیشدا هیچ مۆرفیمێک بۆ بەرکارە ناڕاستەوخۆکە لە کاری ڕستەکە وەرناگرێت، بەو واتایەی کارەکانی نێو ڕستەکە تەنیا هێما بۆ بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ دەکەن، وەکو:

**ئازاد بە ئۆتۆمبێل ڕۆیشت. ← ڕۆیشت. یان ئازاد ڕۆیشت.**

لەم ڕستەیەدا(**بە ئۆتۆمبێل**) پێشبەند و بەرکاری ناڕاستەوخۆی ڕستەکەن، توانراوە لە ڕستەکە لایانبەرین، بەبێ ئەوەی کاری (**ڕۆیشت**) هیچ هێمایەک بۆ بەرکارە ناڕاستەوخۆکە بکات. هەر وەکو لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:




بەڵام لە هەندێ حاڵەتی زۆر دەگمەندا بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەمێنێتەوە، کاتێ لە کاری ناتەواودا دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو و لەگەڵ کارە ناتەواوەکەش ئەرکی گوزارە دەبینێ. وەک:

**ـ ئازاد دەبێت بە ئەندازیار.**

ئازاد: نیهاد

دەبێت: کاری ناتەواو بۆ کاتی داهاتوو

بە: پێشبەند

ئەندازیار: بەرکاری ناڕاستەخۆ و تەواوکەری کاری ناتەواو

ئەندازیار دەبێت: گوزارە

**پێنجەم/** لە زمانی کوردیدا دەشێ چەندین وشە بەیەکەوە بێن و ئەرکی بکەر یان بەرکاری ڕاستەوخۆ یان بەرکاری ناڕاستەوخۆ ببینن، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە هەر هەموو وشەکان بەیەکەوە هەمان ئەرک دەبینن. بۆ نموونە:

- **<u>ئازاد و ئاواز و ئەحمەد و بەناز و ڕزگار و شیلان</u> .....هاتن.**

بکەر

- **من <u>ڕزگار و ئاواز و دلێر و بەناز و</u>.....دەبینم.**

بەرکاری ڕاستەوخۆ

- **من نامە بۆ <u>ئاواز و ئەحمەد و بەناز و ڕزگار</u>....دەنێرم.**

بەرکاری ناڕاستەوخۆ

# نیهاد و گـوزارە

نیهـــاد و گـــوزارە هەردووکیـــان لە ڕســـتەیەکدا کەرەســـەی سەرەکین، کە کارەکەیان ناتەواو بێت، واتە لە ڕستەیەکدا پەیدا نابن، ئەگەر کارەکانیان تەواو بێت.

## نیـهاد

وشەیەکە لە ڕستەدا کارێک ئەنجام نادات، بەڵکو تەنها شتێکی دەخـریتە پـاڵ. مەرجـی سـەرەکی لە پەیـدابوونی نیهـاد لە ڕسـتەدا پەیوەستە بە کارە ناتەواوەکانەوە.

**کەواتە کارە ناتەواوەکان چین؟**

بەو کـــارانە دەوتـــرێ کە بە تەنیـــا بەکـــار نـــایەن و لەڕووی هێزیشـــەوە تێـنەپەڕن. کـــارە ناتەواوەکـــان لە زمـــانی کوردیـــدا لە چاوگی(بوون ـ هـەبوون) وەرگیراون.

دیاردەی نیهاد و گوزارە وەنەبێت تەنیا لە زمانی کوردیدا هەبێت، بەڵکـو ئەم دیـاردەیە لە زمـانی عەرەبیشـدا بـوونی هەیە، لە زمـانی عەرەبیدا (مبتدأ ـ نیهاد) و (خبر ـ گوزارە)، کاتێ دەردەکەوێت، ئەگەر ڕستەکە بە (ناو) دەستی پێکردبێت یاخود ڕستەکە ڕستەیەکی ناوی (الجملة الاسمية) بێت.

ـ الرجلُ شـجاعٌ.

## گـوزارە

وشـــەیەکە هەمیشـــە لەگەڵ کـارێکی نـاتەواودا دێـت، بەیەکەوە شتێک دەخەنە پاڵ نیهادی ڕستەکەوە.

**بەراوردێک لە نێوان نیهاد و بکەری ڕێزمانی**

| نیـــهاد | بـکەری ڕێزمانی |
|---|---|
| ١ـــ ڕســـتەکە دەبێـــت کـــاری ناتەواوی تێدابێت. | ١. ڕستەکە دەبێت کاری تەواوی تێدابێت. |
| ٢. هیچ کارێک ئەنجام نادات. | ٢. هیچ کارێک ئەنجام نادات. |
| ٣ـــ بەشـــێوەیەکی ئاســـایی لە سەرەتای ڕستەدا دێت. | ٣ـــ بەشـــێوەیەکی ئاســـایی لە سەرەتای ڕستەدا دێت. |
| ٤ــ کەرەســـەیەکی ســـەرەکییە لە کاری ناتەواودا. | ٤ــ کەرەســـەیەکی ســـەرەکییە لە کاری تەواودا. |
| ٥. کاری ڕستەکەیان تێنەپەڕە. | ٥. کاری ڕستەکەیان تێنەپەڕە. |
| **ـ شەماڵ مامۆستایـــــە.** | **ـ پەنجـــەرەکە شـــکا.** |

## بەراوردێک لەنێوان کاری تەواو و کاری ناتەواو

| کاری تەواو | کاری ناتەواو |
|---|---|
| ١ـ کارە تەواوەکان کات و ڕوودانیان تێدایە. | ١. کارە ناتەواوەکان تەنیا کاتیان تێدایە. |
| ٢ـ لە ڕووی هێزەوە تێپەڕ یان تێنەپەڕن. | ٢ـ لە ڕووی هێزەوە تەنیا تێنەپەڕن. |
| ٣ـ کارە تەواوەکان کۆمەڵەیەکی کراوە پێکدێنن، بەو واتایەی وشەی نوێ وەردەگرن، هەر بۆیە ژمارەی کارە تەواوەکان زۆرە و لە زیادبووندایە. | ٣. کارە ناتەواوەکان کۆمەڵەیەکی داخراو پێکدێنن، بەو واتایەی وشەی نوێ وەرناگرن، هەر بۆیەشە ژمارەیان دیاریکراوە. |
| ٤ـ هەر کاتێک کاری تەواو لە ڕستەدا هەبێت، ئەوە بکەر یاخود بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەکەدا پەیدا دەبێت. | ٤ـ هەر کاتێک کاری ناتەواو لە ڕستەدا هەبێت، ئەوە نیهاد و گوزارە لە ڕستەکەدا پەیدا دەبێت. |
| ٥ـ کاری تەواو لە ڕستەدا بە تەنیا بەکاردێت و واتای تەواو دەبەخشێت، لەم حاڵەتەشدا تەنیا کارەکە دەتوانێت ڕستەیەکی سادە لە جۆری سادەترین | ٥ـ کارە ناتەواوەکان بە تەنیا ناتوانن لە ڕستەدا بەکاربهێنرێن، بەڵکو دەبێت هەمیشە وشەیەکیان لەگەڵدابێ، ئەم وشەیەش ئەرکی تەواوکەری |

| | |
|---|---|
| ڕستە دروست بکات. وەک:<br>**هات. ڕۆیشت. کەوت. مرد.** | دەگەیەنیّ، واتا کارە ناتەواوەکە دەشیّ لەگەڵ وشەیەکی تردا بیّ و ڕستەیەکی سادە پێکبێنێت. وەک:<br>**جوانە. باشە.** |

وەکو لەپێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد، کە کارە ناتەواوەکان ژمارەیان دیاریکراوە، چونکە هەر هەموویان لە چاوگی (هەبوون - بوون) وەرگیراون، کە بۆ کاتەکانی (ڕابوردوو، ئێستا، داهاتوو) بەکاردێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١- بۆ کاتی ڕابوردوو:** سازبوونی کارە ناتەواوەکان بۆ کاتی ڕابوردوو، لەسەر دەستوور دەڕوات، ئەمیش بە لابردنی (ن)ی چاوگ دروستدەبێت، بەمشێوەیە:

بوون - ن = بوو

**ئازاد مامۆستا <u>بوو</u>.**

**٢- بۆ کاتی ئێستا:** سازبوونی کارە ناتەواوەکان بۆ کاتی ئێستا، لەسەر دەستوور ناڕوات، چونکە نازانرێت چۆن چاوگی(بوون) بۆتە (ە). واتە بۆ کاتی ئێستا (ە) بەکاردێت.

چاوگی (بوون) ←——— (ە)

**ئازاد مامۆستای<u>ە</u>.**

**٣ــ بـۆ کـاتی داهــاتوو:** ســازبوونی کــارە ناتەواوەکــان بــۆ کــاتی ڕانەبــوردووی داهـــاتوو، لەســـەر دەســـتوور دەڕوات، ئەمـــیش بە وەرگرتنی ڕەگی (ب) دروستدەبێت، بەمشێوەیە:

**نیشانەی ئەرێی ڕانەبوردوو(دە) + ڕەگی کار (ب) + جێناوە لکاوەکان(م ـ ین، یت ـ ن، ێت ـ ن)**

**دەبم ـ دەبین**

**دەبیت ـ دەبن**

**دەبێت ـ دەبن**

**من دەبم بە ئەندازیـار.**

**ئێمە دەبین بە ئەندازیار.**

**تۆ دەبیت بە ئەندازیار.**

**ئێوە دەبن بە ئەندازیـار.**

**ئەو دەبێت بە ئەندازیـار.**

**ئەوان دەبن بە ئەندازیار.**

**هەندێ نموونەی تر لە بارەی کارە ناتەواوەکان:**

**ـ ئــازاد مــامۆستا بــوو.**

ئازاد: نیهاد

مامۆستا: تەواوکەری کاری ناتەواو

مامۆستا بوو : گوزارە

بوو: کاری ناتەواوە بۆ کاتی ڕابوردوو

**- ئــازاد مــامۆستایـــە.**

ئازاد : نیهاد

مامۆستا: تەواوکەری کاری ناتەواو

مامۆستایە: گوزارە

ە: کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا

**- ئــازاد دەبێــــت بـــە ئـەندازیار.**

ئازاد: نیـهاد

ئەندازیار دەبێت: گوزارە

دەبێت: کاری ناتەواو

بە: پێشبەند

ئەندازیار: بەرکاری ناڕاستەوخۆ، تەواوکەری کاری ناتەواو

دەبێت: کاری ناتەواوە بۆ کاتی داهاتوو

# بەشی چوارەم
# فـرێـز

# فــریــز

لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی فریز، ئەوە زاراوەکانی (گرێ، دەستەواژە، کورتیلە ڕستە ...) بەکاردەهێنرێت، کە هەر هەموویان هەمان واتا دەگەیەنن.

دەربارەی پێناسەی فریز، کۆمەڵێ ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە، کە هەندێکیان دەچێتە حاڵەتی بۆچوونی کۆن و کلاسیک لەبارەی فریزەوە، و هەندێکی تر بۆچوونی نوێیە لەبارەی فریز، لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێ لەو بۆچوونانە بخەینەڕوو:

تۆفیق وەهبی لە پەرتووکی (دەستوری زمانی کوردی)دا دەڵێت:((**گرێ کۆمەڵە وشەیەکی پەیوەندیدارە، کاری لەگەڵدا نییە**)).[1]

نوری عەلی ئەمین لە پەرتووکی (ڕێزمانی کوردی)دا دەڵێت:((**دەستەواژە بریتییە لە کۆمەڵە واژەییێکی لەیەکدی دانەبڕاو، کە نە مەعنایەکی تەواو ئەبەخشێ، نە فرمانێکیان لەتەکدا ئەبێ، پێکەوە لە ڕستەدا ئەرکی پارچەیەک لە پارچەکانی ئاخاوتن ئەبینێ**)).[2]

---

[1]- تۆفیق وەهبی، دەستوری زمانی کوردی، چاپخانەی (دار الطباعة الحديثة)، بەغدا، ١٩٢٩، ل ٦٢.

[2]- نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠، ل ٢٩.

لە کتێبی مەنهەجی قوتابخانەکان، وا پێناسەی فریز کراوە:((**گریێ بـڕیتییە لە دوو وشـە یـان زیـاتر، کە واتـای تەواو نەبەخشـێت و کاریشی لەگەڵـدا نەبێت**)).

ئەگەر سـەیرێکی ئەم پێناسـانەی سـەرەوە بکەیـن، دەبینـین چەنـد لایەنێکی کەموکوورِی تێدان، لەوانە:

١ / مەرج نییە هەمـوو فریزێـک لە دوو وشـە یـان زیـاتر پێکبێـت، چونکە دەشێ لە تاکە وشەیەکیش پێکبێت.

٢ / مەرج نییە فریز واتا نەبەخشێت، بەڵکو دەشێ واتا بدات.

٣ / جۆرێـک لە جۆرەکـانی فریـز، فریـزی کـارییە، ئەمەش ئەم بۆچـوونە پووچەڵـدەکاتەوە، کە دەڵێـت: نابێـت فریـز کـارێکی لەگەڵـدا بێت!.

چۆمسکی گەورە زمانەوانی ئەمریکی پێی وایە (فریز) دەشێ لە وشەیەک یان زیاتر پێکبێت ((**یەکێک لە خاسیەتەکانی فریز، ئەوەیە کە کـورت دەکـرێتەوە بـۆ تـاکە وشـەیەک**))،[1] بە واتـایەکی دیـکە ((**بە وشەیەک یان زیاتر فریز پێک دێت**)).[2] هەروەها چۆمسکی ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە سادەترین ڕسـتە لە زمانـدا لە دوو بەش پێکدێت: یەکیان پێی دەوترێ (فریزی ناوی)، ئەویتریان( فریزی کاری).

هەنـدێک لە زانایـان پێیـان وایە، ئەم بۆچـوونەی چۆمسـکی بۆچـوونێکی نـوێ نیـیە، بەڵکـو ئەم بۆچـوونە دەگەڕێـتەوە بـۆ

---

[1]- ئەوڕەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٦٥.

[2]- وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٤٨.

سەردەمانێکی زوو، بەتایبەتی لە سەردەمی یۆنانییەکان (ئەفلاتوون) یەکەم کەس بوو، کە(وتن)ی بەسەر دوو بەش دابەشکرد، کە ئەوانیش بریتین لە (ناو، کار)، هەر بۆیە ئەم زانایانە پێیان وایە، چۆمسکی ئەم بیرۆکەیەی لە ئەفلاتوونەوە وەرگرتووە و زیاتر پەرەی پێداوە. ئەم بۆچوونەی سەرەوە ڕاستییەک دەسەلمێنێ، کە ئەویش ئەوەیە بۆچوونەکەی چۆمسکی بۆچوونێکی تەواوە دەربارەی بابەتی فریز، ئینجا زادەی مێشکی خۆی بێ، یاخود لە کەسانی ترەوە وەریگرتبێ، کە ئەمە لێرەدا گرنگ نییە، بەڵکو گرنگییەکە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی زانستیی و ڕاستی بۆ چەمکی فریز.

## هەندێ تێبینی گرنگ

١ـ سادەترین ڕستە لە زماندا لە دوو فریز پێکدێت، ئەوانیش (ف. ن + ف. ک)، جگە لەم دوو فریزە، دەشێ ڕستە فریزی تریش لەتەکدا بێت، بە واتایەکی تر ڕستە دەکرێت (سێ فریز، چوار فریز، پێنج فریز... هتد) بێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ڕستە نابێت لە فریزێک پێکبێت.

٢ـ کار لە سادەترین حاڵەتیدا لە سێ مۆرفیم پێکدێت، ئەوانیش بریتین لە مۆرفیمەکانی (ڕەگ، کات، بکەر یان نیهاد)، بەڵام دەشێ کار لە چەندین مۆرفیم پێک بێت، لەوانە (پێشگر، پاشگر، ڕەگ، کات، بکەر، بەرکار، نیهاد،... هتد).

٣ـ لە فریزدا مۆرفیم ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە دابەشکردنی کەرەسە سەرەکییەکانی ڕستە.

٤- مۆرفیمە ڕێزمانییەکان بەو مۆرفیمانە دەوترێت، کە تەنیا حاڵەتی ڕێزمانی وشەکە دەگۆڕێت، مۆرفیمی ڕێزمانی ناتوانێت واتای وشە بگۆڕێت، بە واتایەکی تر نابێتە هۆی گۆڕینی واتای وشە و دروستکردنی وشەیەکی نوێ لە زماندا.

مۆرفیمە ڕێزمانییەکان لە زمانی کوردی بەم شێوەیەی خوارەوەن:

١- مۆرفیمی ناسراوی (ەکە، ە).

٢- مۆرفیمی نەناسراوی (ەک، ێک، ێ)

٣- مۆرفیمی کۆ (ان، ات، هات، جات، وات، گەل، ەها).

٤- مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو (ا، وو، ی، د، ت).

٥- مۆرفیمی ڕابوردوو بەردەوام (دە).

٦- مۆرفیمی ڕابوردوو دوور (بوو)

٧- مۆرفیمی ڕابوردووی تەواو (ووە، وە)

٨- مۆرفیمی ئەرێ و نەرێی ڕانەبوردوو (دە، نا)

٩- مۆرفیمی ئەرێ و نەرێی فەرماندان (ب، مە)

١٠- مۆرفیمی کاتی ئێستا (ە)

١١- مۆرفیمی پلەی بەراورد باڵای ئاوەڵناو (تر، ترین).

١٢- مۆرفیمی ژمارەی ڕێکخستن (ەم، ەمین).

١٣- مۆرفیمی نەرێی ڕابوردوو(نە)

## جۆرەکانی فرێز

وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد، کە فرێز چەند جۆرێکی هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

١ـ **فرێزی ناوی:** بەو فرێزانە دەگوترێت، کە سەرەی ناوە یان جێناوە.

٢. **فرێزی کاری:** بەو فرێزانە دەگوترێت، کە سەرەی کارە.

٣. **فرێزی ئاوەڵناوی** : بەو فرێزانە دەگوترێت، کە سەرەی ئاوەڵناوە.

٤. **فرێزی ئاوەڵکاری:** بەو فرێزانە دەگوترێت، کە سەرەی ئاوەڵکارە.

٥ـ **فرێزی بەند:** بەو فرێزانە دەگوترێت، کە سەرەی بریتییە لە پێشبەند یان ئامرازێک لەگەڵ بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ .

## تایبەتمەندییەکانی سەرە

سەرە لووتکەی فرێز لە خۆی کۆدەکاتەوە، بەجۆرێک هەموو فرێزێک سەرەیەکی هەیە، کە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە:

١. سەرە لە فرێزدا هەڵگری گرنگترین زانیاریی سیمانتیکییە.

٢ـ پۆلی وشەی سەرە، پۆلی وشەکانی ناو فرێزەکە دەستنیشان دەکات.

٣. سەرەکان هەمیشە بەخورتین.

٤ـ سەرە هەمان دابەشبوونی فرێزی هەیە، چونکە سەرە کۆی کەرەسە شوێنکەوتووەکانیەتی.

٥ـ سەرەکان کەرەسە شوێنکەوتووەکانی فرێز لە پۆلی وشەی تایبەت هەڵدەبژێرن.

٦ـ سەرەکان لەگەڵ کەرەسە شوێنکەوتووەکانی خۆیان لەسەر هەندێ یان هەموو نیشانە ڕێزمانییەکانی هەمان سەرە ڕێکدەکەون.

٧ـ سەرەکان لەوانەیە پێویستییان بەوە هەبێت، کە کەرەسە شوێنکەوتووەکان لە پێکهاتەی فریزی ناویدا لە دۆخێکی ڕێزمانی تایبەتدا بن.

٨ـ سەرە پلەیەکی مۆرفۆسینتاکسی هەیە و هەڵگری نیشانەیەکی ڕێزمانییە، کە بۆ هەموو فریزەکە دەگەڕێتەوە.

٩ـ سەرە دەسەڵات بەسەر کەرەسە شوێنکەوتووەکانی خۆیدا هەیە.

١٠ـ لە فریزدا دەتوانرێت کەرەسە لاوەکییەکان لاببرێت، بەبێ ئەوەی کار لە پێکهاتە و واتای فریزەکە بکەن، بەڵام ناشێ سەرەی فریز لە ڕستەدا لاببرێت، ئەگەر لاشببرێت، ئەوە لە ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستەدا دەمێنێت و بوونی هەیە.[1]

**فراوانکردنی فریزی ناوی**

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەمە کردبوو، کە لەنێو فریزی ناویدا، فریزی تر نایێت، بەڵکو لەنێو فریزی کاریدا فریزەکانی تر دێن.

لەنێو فریزی ناویدا کۆمەڵێک کەرستە دێن، بەهۆیەوە فریزەکە فراوان دەکەن، ئەم کەرستانەش لەپێشەوە و دواوەی سەرە دێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

[1]ـ ئومێد بەرزان برزۆ(٢٠١١)، دروستەی فریز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ل١٥ ـ ١٦.

**یەکەم: فراوانکردنی فرێزی ناوی لەپێش سەرە**

لەم جۆرەدا کۆمەڵێک کەرستە لەپێش سەرەی فرێزەکە دێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ـ جێناوی پرس:

**چەند قوتابی هاتن؟**

ف.ن

**کام قوتابی زیرەکە؟**

ف.ن

٢ـ ئامرازی تاکێتی (هەر):

**هەر ئازاد هاتووە.**

ف.ن

٣ـ جێناوی نەرێنی (هیچ):

**هیچ کەس نەهاتووە.**

ف.ن

٤ـ ئاوەڵناوی پلەی باڵا (ترین)

**باشترین کتێبم کڕیوە.**

ف.ن

٥ـ نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی (ڕێزگرتن و نازناو و پۆست و پلە و پایە)، وەکو(مامۆستا، وەستا، کاک،...) :

**مامۆستا نەسرین مردووە.**

ف.ن

**کاک ڕێبوار زیرەکە.**

ف.ن

**دکتۆر بەهار ڕۆیشت.**

ف.ن

٦. ڕادە (هەندێ، تۆزێک، کەمێک،... هتد):

**زۆر قوتابی هاتوون.**

ف.ن

**هەندێک کاغەزم بۆ بێنە.**

ف.ن

٧. زیاتر لە کەرستەیەک:

**کام دوو قوتابی هاتن.**

ف.ن

**هەر ئەم دوو نامەیە بێنە.**

ف.ن

٨. ژمارە:

**دوو کچ لێرەن.**

ف.ن

**دووەم: فراوانکردنی فرێزی ناوی لەدوای سەرە(پاش سەرە)**

ئەم کەرستانە لەپاش سەرەوە دێن، بریتین لە:

١. هاوەڵناو:

**هەناری شیرین بخۆ.**

ف.ن

**<u>کوڕی مەرد</u> هات.**

ف.ن

٢. جێناوی سەربەخۆ:

**<u>کچی تۆ</u> زیرەکە.**

ف.ن

٣. جێناوی لکاو:

**<u>کوڕەکەتان</u> نەهاتووە.**

ف.ن

٤. نیشانەی ناسراوی (ەکە، ە):

**<u>کوڕەکە</u> هات.**

ف.ن

**<u>کچە</u> هاتە ژوورەوە.**

ف.ن

٥. نیشانەی نەناسراوی (ێک، ەک، ێ)

**<u>کچێک</u> مردووە.**

ف.ن

**<u>کچەک</u> مردووە.**

ف.ن

**<u>کچێ</u> مردووە.**

ف.ن

٦. نیشانەکانی کۆ (ان، ات، هات، جات، وات، ەها، گەل)

**<u>کوڕان</u> زیرەکترن.**

ف.ن

٧ـ نیشانەکانی کۆ و ناسراوی:

**<u>کچەکان</u> دەخوێنن.**

ف.ن

٨ـ ناو:

**<u>کوڕی ڕزگار</u> هاتووە.**

ف.ن

٩ـ ژمارە:

**<u>ئۆتۆمبێلی دووەم</u> هەڵبژێرە.**

ف.ن

١٠ـ جێناوی نادیار:

**<u>کوڕی فلان</u> ڕۆیشت.**

ف.ن

١١ـ زیاتر لە کەرستەیەک:

**<u>قوتابیانی قۆناغی سێیەم</u> لە وانەی ڕستەسازی دەرنەچوون.**

ف. ن

١٢ـ چاوگ:

**<u>کاری خوێندن</u> پێویستە.**

ف. ن

## فرێزی بەند

فرێزی بەند یەکێکە لە جۆرەکانی فرێز، کە هەمیشە بەهۆی ئامرازی پەیوەندی (پێشبەند) دەناسرێتەوە، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین ئامرازە پەیوەندییەکان سەرەن لە فرێزی بەندا.

یاساکانی داڕشتنی فرێزی بەند بەم شێوەیەن:

١. ئامرازی پەیوەندی + ناو:

**ئازاد نامە <u>بە پێنووس</u> دەنووسێت.**

ف.بەند

٢. ئامرازی پەیوەندی + جێناو:

**نامە <u>بۆ تۆ</u> دەنێرم.**

ف.بەند

٣. ئامرازی پەیوەندی + جێناو + پاشبەند:

**شێرزاد <u>لە کەرکووکرا</u> هاتووە.**

ف.بەند

**نامە <u>بە تۆدا</u> دەنێرم.**

ف.بەند

(پاشبەندەکان لە زمانی کوردیدا بریتیین لە (را، ەوە، دا)، کە بەهیچ شێوەیەک بە تەنیا دەرناکەون، بەڵکو هەمیشە لەگەڵ پێشبەندەکان بەیەکەوە دێن).

٤. چاوگ:

**مرۆڤ <u>بە خوێندن</u> پێشدەکەوێت.**

ف.بەند

٥. ڕادە:

**کارەکە بۆ هەندێکیان باشە.**

ف.بەند

٦. ژمارە:

**ئازاد لە دوو کارگە کار دەکات.**

ف.بەند

**ئازاد بە دووەم دەرچوو.**

ف.بەند

٧. زیاتر لە وشەیەک:

**کتێبەکەم بە کچی خاڵم نارد.**

ف.بەند

**تایبەتمەندییەکانی فرێزی بەند**

١. فرێزی بەند بە ئامرازەوە دەناسرێتەوە.

٢. سەرەی فرێزی بەند ئامرازەکانن.

٣ـ ئامرازەکان لە وشەی ناتەواو و مۆرفیمی سەربەخۆ لە جۆری ئەرکی هەژمار دەکرێن.

## ئەرکەکانی فرێز

هەر وەکو ئاماژەمان بۆی کرد، دەشێ فرێز لە یەک وشە یان زیاتر پێک بێت، لەم حاڵەتەشدا وشەکە یان وشەکان دەتوانن لەناو ڕستەدا ئەرک ببینن، هەر وەکو لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

**١. بکەر:** فریز دەتوانێ ئەرکی بکەر لە ڕستەدا ببینێ، بەمەرجێک کاری ڕستەکە کارێکی تەواو بێت و خۆی کارەکەی ئەنجامدا بێ، یان شوێنی بکەری لە ڕستەدا پڕکردبێتەوە. وەک:

**ئەحمەد هات.**

ف.ناوی، ئەرکەکەی بکەرە

**٢. بەرکاری ڕاستەوخۆ:** فریز دەتوانێ ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەدا ببینێ، بەمەرجێ کاری تێپەڕ لە ڕستەکەدا هەبێت، وەک:

**کاروان وانەکەی خوێند.**

ف.ناوی، ئەرکەکەی بەرکاری ڕاستەوخۆیە

**٣ـ بەرکاری ناڕاستەوخۆ(تەواوکەری بەیاریدە):** فریز دەتوانێ ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە ڕستەدا ببینێ، لەم حاڵەتەشدا فریزی بەند لە پێشبەند و بەرکاری ناڕاستەوخۆ پێکدێت، ئەم ئەرکە دەبینێت، وەک:

**شیلان چوو بۆ زانکۆ.**

فریزی بەند، ئەرکەکەی بەرکاری ناڕاستەوخۆیە

**٤. نیهاد:** فریز دەتوانێ ئەرکی نیهاد لە ڕستەدا ببینێ، بە مەرجێ کاری ناتەواو لە ڕستەکەدا هەبێت، وەک:

**ئاواز جوانە.**

ف.ناوی، ئەرکی نیهادە

**٥ـ گوزارە:** فریز دەتوانێ لە ڕستەدا ئەرکی گوزارە ببینێ، بە مەرجێ کاری ناتەواو لە ڕستەدا بوونی هەبێت، لەم حاڵەتەشدا وشەکە لەگەڵ کارە ناتەواوەکە ئەرکی گوزارە دەبینێ.

**ئـــــاواز <u>جـوانــه</u>.**

ف.کاری، ئەرکی گوزارەیە

## یــاســاکــانی فـرێـز

یاســاکانی فریــز زۆرن، بەڵام ئــێمە لێــرەدا هەنــدێک لەو یاســایانە دەخــەیــنەڕوو:

**یاسای یەکەم: ڕ= ف.ن + ف.ک (دەبێت کارێکی تەواوی تێنەپەڕ بێت).**

**أ. ف.ن ⟵ ناو**



**ئازاد چوو.**




**ب ـ ف.ن ⟵ جێناو**

**ئەو ڕۆیشتبوو.**



**من هاتم.**




**ج/ ف.ن ⟵ زیاتر لە وشەیەک**

**کوڕی ڕزگار مردووە.**



**یاسای دووەم: ڕ= ف.ن + ف.ک (ف.ن + ف.ک)**

**کـارزان نـانی خـوارد.**




**کچەکە وانەکەی نووسیبوو.**



**یاسای سێیەم: ڕ= ف.ن + ف.ک(ف.ئاوەڵناوی + ف.ک) (زیاتر پەیوەستە بە کاری ناتەواو)**

**کوڕی ئەحمەد زیرەکە.**




**کچەکەی سۆران جوانە.**



## یاسای چوارەم: ڕ= ف.ن + ف.ک(ف.ئاوەڵکاوی + ف.ک)

**نـەسرین زۆر خـێرا هـات.**




**کاروان خێرا ڕۆیشتبوو.**



**یاسای پێنجەم: ڕ= ف.ن + ف.ک(ف.ئاوەڵکاوی + ف.ئاوەڵکاوی + ف.ک)**

**منداڵەکە دوێنێ بەپەلە ڕۆیشت.**




**شێرزاد ئەمڕۆ بەخێرایی هات.**



**یاسای شەشەم: ڕ= ف.ن+ ف.ک(ف.بەند + ف.ک)**

**کارزان به ئۆتۆمبیل هات.**




**گوڵناز به چەقۆ مرد.**



**یاسای حەوتەم: ڕ= ف.ن+ ف.ک(ف.ئاوەڵکاری+ ف.بەند + ف.ک)**

**نازەنین دوێنێ بە پایسکل هات.**




**بەناز ئەمڕۆ بە شەمەندەفەر دەچێت.**



**یاسای هەشتەم: ڕ= ف.ن+ ف.ک(ف.بەند + ف.ن + ف.ک)**

**شەرمین بە کەوچک نان دەخوات.**




**ئەحمەد بە چەقۆ نێرگزی کوشت.**



## کەموکوڕییەکانی فریز پێکهێنان

چۆمسکی ساڵی ١٩٥٧ کتێبی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان)ی دەرکرد، لەم کتێبەدا یاساکانی فریزی پێکهێنانی خستەڕوو، چۆمسکی ئەم یاسایانەی بە زمانی ئینگلیزی نووسی و هەر لەسەر ئەم زمانە پیادەی کردوون، بە جۆرێک پێی وابوو ئەم یاسایانە لەسەر هەموو زمانەکان وەکیەک و بەبێ کەموکوڕی جێبەجێدەکرێت، بەڵام ئەوها دەرنەچوو، بەڵکو کۆمەڵێ کەموکوڕی لە یاساکاندا هەبوون، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

١. یاساکانی فریز پێکهێنان وەکخۆی بەسەر هەموو زمانەکان جێبەجێ ناکرێ، بە واتایەکی تر ئەم یاسایانە نزیکی و دووری و پەیوەندی نێوان زمانەکان دەشێوێنن، چونکە بەگوێرەی یاساکانی فریز پێکهێنان دەبێت هەموو ڕستەیەک بە فریزی ناوی دەستپێبکات و بە فریزی کاری کۆتایی بێت، ئەمە بۆ زمانەکان (ئینگلیزی و فارسی و کوردی و بەشێکی زۆری زمانەکانی هیندۆ ئەوروپییەکان) گونجاون، چونکە ئەم زمانانە بە فریزی ناوی دەستپێدەکەن، بەڵام بۆ هەندێ زمانی تر ناگونجێن، چونکە بە فریزی ناوی دەستپێناکات، بە نموونە زمانی عەرەبی بە فریزی کاری دەستپێدەکات.

٢. یاساکان زیاتر لەسەر وشەی تەواو و سەربەخۆ و مۆرفیمی سەربەخۆ دەگونجێ و پەیدا دەبن، بەڵام گوێ نادەنە زمانە مۆرفۆسینتاکسییەکان، بۆ نموونە زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە مۆرفۆسینتاکسییەکان، کە کەرستەکانی هەم وشە و هەم ڕستەن،

واتە کەرستەکە تێکچرژاون و تێکەڵ بە یەکتری بوون و چوونەتە پاڵ یەکتری، وەک:

دەیانبەم.

دەتانبەم.

٣. دووبارەبوونەوەی زانیارییەکان ناو دەروازەی فەرهەنگی، بە واتایەکی تر زانیارییەکانی ناو یاساکان، چەند جارێک دووبارە دەبنەوە. وەک:

ڕ = ف. ن + ف. ک (ف. ن + ف. ک)

ف. ن = ناو

ف. ک = کار

٤ ـ یاساکانی سنووردار نین، چونکە بەگوێرەی وشە و فرێز فراوان دەکرێت، کە ئەمەش ئاڵۆزە و وا دەکات ژمارەی یاساکانی دیاری نەکرێن و نەزانین چەند یاسامان هەیە، بە واتایەکی تر پێویستمان بە ژمارەیەکی زۆری یاسا هەیە.

٥ـ یاساکان بۆ ڕستە سادەکان تاڕادەیەک باش و گونجاون، بەڵام بۆ ڕستە لێکدراو و ئاڵۆزەکان کێشەی هەیە، بە جۆرێک خودی چۆمسکی لە سەرەتادا یاساکانی تەنیا لەسەر ڕستە سادەکان ساغکردەوە و پیادەی کردوون، بە واتایەکی تر لە سەرەتادا چۆمسکی نەیتوانی ئەم یاسایانە لەسەر ڕستە لێکدراو و ئاڵۆزەکان پیادە بکات، بەڵام دواتر بە شێوازێکی تر و بە ئاڵۆزی یاساکانی چارەسەر کرد، ئەمیش لە پەیڕەوی سیستەمی (X bar).

٦ـ بە گوێرەی یاساکانی فریێز پێکهینان، کە چۆمسکی لەسەر زمانی ئینگلیزی پیادەی کردوون، نیشانەکانی ناسراوی و نەناسراوی دەکەونە پێش سەرەوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەمە ناگونجێ، چونکە نیشانەکانی ناسراوی و نەناسراوی دەکەونە دواوەی وشە، واتە دەکەونە پاش سەرەوە.

# بەشی پێنجەم

# سۆسـێر

## ژیانی فێردیناند دی سۆسێر

نــاوی تەواوی (فێردینانــد دی سۆســێر)ە، لە ســاڵی ١٨٥٧ لە شــاری جنێڤــی سویســرا لەدایکبــووە. بە دامەزرێـنەری قوتابخـانەی بونیـادگەریی دادەنرێت، هەروەهـا سۆسـێر بە بـاوکی زمـانەوانی نـوێ دادەنرێت. سۆسێر لە بنەماڵەیەکی ناودار هاتۆتە دنیاوە، چونکە بـاوک و بــاپیری سۆســێر لە بوارەکــانی فیزیــا و کیمیــا دوو زانــای گەورە بوون، بەجۆرێک هەردووکیان مامۆستای زانکۆ بوون.

سۆســێر لە ســەرەتای ژیانیــدا حەزی بە بــواری زمانــەوانی نەدەهـات، بەڵکو لە بـواری تـر کـاری دەکـرد، بەڵام دواتـر لەڕێـگەی کەســێکەوە بە نــاوی (بیکێــت) ئاشــنایەتی لە زمانــدا پەیــداکرد و، بەهـۆیەوە کـاریگەرییەکی زۆری بەسـەر سۆسـێردا هەبـوو، بەجۆرێـک سۆسێر بەرەو لای زمانەوانی ڕۆیشت و فێری زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی بوو، هەروەها هانیدا لێکۆڵینەوە لەبارەی زمـانی سانسکریتی کۆن بکات.

وەکـو ئاماژەمــان بـۆی کـرد ســەرەتای خوێنـدنی سۆسـێر لە زانکۆی (جنێف) بوو لە بواری کیمیا، پاشـان لە ساڵی ١٨٧٦ دەچێتە کـۆلیژی ئـاداب بـۆ خوێنـدنی زمانـەوانی، هەر لەوێشــەوە ئیتـر بیـری (زمـــان) لای سۆســـێر ســـەری هەڵـــدا، هەر لەو ساڵەشـــدا چەنـــد لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی زمانەکانی هیندی و ئەڵمانی بڵاوکردەوە.

سۆسێر لە ساڵی ١٨٨١ وەکو مامۆستا لە پەیمانگای خوێندنی باڵا لە پاریس، دەستی بە وانەوتنەوە کرد و وانەی (بەراوردکاریی زمانی هیندۆ ئەوروپی) دەگوتەوە. لە ساڵی ١٨٩١ گەڕایەوە سویسرا و لە زانکۆی جنێف کۆرسێکی دەرس وتنەوەی بۆ تەرخان کرا، بۆ ئەوەی کۆرساتی خوێندنی باڵا بە قوتابیان بڵێتەوە، ئەویش لە بوارەکانی زمانی سانسکریتی و ڕێزمانی بەراوردکاری. سۆسێر هەر لە جنێف ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، دوو کوڕی هەبوو. لە ساڵەکانی (١٩٠٦ـ ١٩٠٧)،(١٩٠٩ـ ١٩١٠)،(١٩١٠ـ ١٩١١) چەند کۆرسێکی خوێندنی باڵای گوتۆتەوە، سۆسێر لە ساڵی ١٩١٢ تووشی نەخۆشی بووە و لە ساڵی ١٩١٣ کۆچی دوایی کردووە.

دوای مردنی سۆسێر لە ساڵی ١٩١٦، دوو لە قوتابییەکانی بە ناوەکانی (ئەلبێرت و چارلس بالی) کتێبەکەیان بە ناونیشانی (کۆرسێ لەبارەی زمانەوانی گشتی) بە زمانی فەرەنسی بڵاوکردەوە، ئەم کتێبە بریتی بوو لەو تێبینیانەی قوتابییەکانی سۆسێر تۆماریان کردبوو، بەو واتایەی ئەم کتێبە بریتی بوو لە محازەرەکانی سۆسێر، کە لە نێوان ساڵانی(١٩٠٦ـ ١٩١١) وانەی زمانەوانی و فەلسەفەی پێ گوتبوون، دواتر بەهۆی ئەم کتێبەوە سۆسێر شۆڕشێکی گەورەی لە بواری زماندا بەرپاکرد. واتە سۆسێر خۆی ئەم کتێبەی نەنووسیوە، بەڵکو بیروبۆچوونەکانی لە تێبینی قوتابییەکانییەوە هەڵهێنجراون، سەرەڕای کەموکووڕی، ئەم کتێبە بە گرنگترین کتێب و ڕووداوی زمانەوانیی سەدەی بیستەم دەژمێردرێ، کەواتە ئەم کتێبە دەروازەیەکە لە بۆچوونەکانی سۆسێر لەبارەی زمانەوانییەوە، کە زۆرجار ئەم

بۆچوونانەی سۆسێر بە (دوانەکانی سۆسێر) یان (دوانەکانی زمان) ناودەبرێت.

## بیروبۆچوونەکانی سۆسێر لەبارەی زمانەوانییەوە

### یەکەم/ دانەکانی زمان

سۆسێر لەبارەی دانەکانی زمانەوە، بڕوای وایە، کە دەبێت لە بچووکترین دانەکانی زمانەوە دەستپێبکەین، تا گەورەترین دانەکانی زمان، واتە بەپێی بۆچوونی سۆسێر، دەبێ لە(فۆنیم)ەوە، کە بچووکترین دانەی زمانە، دەستپێبکەین، تا دەگەین بە (ڕستە)، کە گەورەترین دانەی زمانە. هەروەکو لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوونی دەکەینەوە:



وەکو دەزانین بە فۆنیمێک یان زیاتر، مۆرفیم دروستدەکرێت، بە مۆرفیمێک یان زیاتر، وشە دروستدەکرێت، بە وشەیەک یان زیاتر، فریز دروستدەکرێت، بە دوو فریز یان زیاتر، ڕستە دروستدەکرێت.

## دووەم/پەیوەندی ئاسۆیی(سینتاگماتیکی) و پەیوەندی ستوونی(پارادیگماتیکی)

هەردوو لایەنی ئاسۆیی و ستوونی لە زمان دەکۆڵنەوە، بەڵام بە دوو ئاراستەی جیاواز. پەیوەندی ئاسۆیی زیاتر دەچێتە حاڵەتی ئاستی ڕستەسازی، واتا بریتییە لە پەیوەندی نێوان وشەکان و دەرکەوتن و چۆنیەتی بەدوایەکدا هاتنیان لە سنووری ڕستەدا، بەجۆرێک لەو پەیوەندییەدا چەندێتی هاوڕێیەتی وشەکانی ناو ڕستە دەخاتەڕوو، بۆ نموونە (دار سێو) هاوڕێیەتی لەگەڵ (زیرەک) نییە، لە هەمان کاتیشدا وشەی (قوتابییەکە) لەگەڵ وشەی (شکا) پەیوەندییان نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە لەنێوان (قوتابییەکە) لەگەڵ (زیرەک)دا هەیە، بەهەمان شێوەش (دار سێو) لەگەڵ (شکا) پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە.

لەم پەیوەندییەدا دەبێت ئاگاداری (کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ) بین، چونکە (کاری تێپەڕ) پێویستی بە سێ کەرەسە هەیە، کە بریتین لە (بکەر و بەرکار و کار)، هەروەها (تێنەپەڕ)یش پێویستی بە دوو کەرەسە هەیە، کە بریتین لە (بکەر و کار)، واتە لە پەیوەندی ئاسۆییدا ئیشمان لەسەر بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و کاری ڕستەکە هەیە، هەر بۆیە ئەم پەیوەندییە دەچێتە حاڵەتی سینتاکسەوە، هەر وەکو ڕستەی (کاروان وانەکەی خوێند)، لێرەدا کارکردنەکە

شـێوەیەکی ئاسـۆیی دەگرێتەخـۆ، لەم ڕسـتەیەدا وشـەی (کـاروان) بکەری ڕستەکەیە، هەر کاتێکیش بکەرمان دۆزییەوە، ئەوە دەبێت بە دوای کارەکەدا بگەڕێین، کاری ڕستەکەش لەم ڕستەیەدا بریتییە لە (خوێند) و وشەی (خوێند)یش کارێکی تێپەڕە، هەر کاتێکیش کاری تێپەڕمان بەرچاوکەوت، ئەوە دەبێت بەدوای بەرکاری ڕاستەوخۆدا بگەڕێین، کە وشەی (وانەکە)یە. کەواتە پەیوەندی ئاسۆیی بە شێوەیەکی ئاسۆیی کاردەکات.




پەیوەندی ستوونیش بەو پەیوەندییە دەوترێت، کە بە شێوەیەکی ستوونی کاردەکات، ئەویش بریتییە لە دیاریکردنی فەرهەنگی نێوان وشەکان لە هەمان شوێنی وشەی نێو ڕستەکە، لەم جۆرەدا دەشێ وشەیەکی نێو ڕستەکە لابەرین و چەندین وشەی تری لە شوێن دابنێین، کە سەر بە هەمان فەرهەنگی وشەوە بن، چونکە کارکردنەکە لەسەر بنەمای وشەسازییە و کارکردنەکەش هێڵێکی ڕاست دەگرێتەخۆ.

یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی پەیوەندی ستوونی ئەوەیە، کە بەشە ئاخاوتنەکانی زمان دیاریدەکات، بە واتایەکی تر پۆلە زمانییەکان

دیاریدەکات، کە بریتین لــە:(نــاو، جێنــاو، ئــاوەڵناو،......)، هەروەک لەم ڕستەیە دەیخەینەڕوو:

| | | |
|---|---|---|
| **کارزان** نانی خوارد. | کارزان **نانی** خوارد. | کارزان نانی **خوارد.** |
| **بەناز** | **سێوی** | **کڕی** |
| **ئەحمەد** | **مۆزی** | **هێنا** |
| **شیلان** | **تەماتەی** | **برد** |

لەم نموونــانەی ســەرەوەدا بۆمــان دەردەکەوێــت، کە پەیوەنــدی ســتوونی، بەشــە ئاخــاوتنەکەی دەستنیشــانکردووە، بەجۆرێــک ئەو وشانەی، کە لەگەڵ هەمان بەشە ئاخاوتن دێت، خستویانەڕوو، چونکە لە خـانەی یەکەمـدا لەجیـاتی نـاوی (کـارزان)، چەنـدین نـاوی ترمـان هێناوە، کە ناوی تایبەتی و ناسراون، واتا سەر بە هەمـان پۆل بوون. لە خـانەی دووەمیشـدا لەجیـاتی نـاوی (نـان)، کۆمەڵێـک نـاوی تـری گشـتی نەناسـراومان هێنـاوە، لە خـانەی سێیەمیشـدا ئیشـکردنەکەمان لەسەر کاری ڕستەکە بووە، بۆیە کارێکمان هێناوە، کە لەگەڵ ڕستەکە بگونجێ. لێرەدا سنوری کـارکردنی پەیوەنـدی سـتوونی زۆر فـراوان بووە، چونکە توانیمـان دەیەهـا وشـە لە شـوێن خانەکان بەکاربهێنین، بەڵام ڕەنگە لە هەنـدێ حاڵەتدا سنورەکە ئاوهـا فراوان نەبێت، بەڵکو زۆر تەسک بێتەوە، واتە زۆر زەحـمەتە وشـە لە شـوێن وشـەیەکی تـر بەکار بێت، بۆ نموونە:

**- سـەگەکە وەڕی.**

لێرەدا ناتوانین لە خانەی یەکەمدا وشەی سەگەکە لابەرین، واتە پەیوەندی ستوونییەکە زۆر تەسک بۆتەوە، چونکە وەڕین تەنها بۆ سەگە، بەڵام دەشێ لەجیاتی وشەی(وەڕی)، وشەی تر دابنێین، وەک (ڕۆیشت، تۆپی، هات، خێرایە......هتد).

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، کە ئایا دەکرێت هەردوو پەیوەندی ستوونی و ئاسۆیی لەسەر یەک ڕستە ئەنجامبدرێت؟ لە وەڵامدا دەڵێین: بەڵێ دەکرێت هەردوو پەیوەندییەکە لەسەر یەک ڕستە جێبەجێ بکرێت، بەڵام هەریەکیان بە ئاراستەی خۆی، واتە پەیوەندی ستوونی بە ئاراستەی وشەسازی و پەیوەندی ئاسۆیی بە ئاراستەی ڕستەسازی.

## سێیەم/ ئاخاوتن و نووسین

ئاخاوتن و نووسین یەکێکن لە بۆچونەکانی سۆسێر، ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە لەپێش سۆسێر تەنیا گرنگی بە بواری نووسین دەدرا، بەتایبەتی نووسینی کەڵەپیاوان و ئەدیبان و شاعیران، بە واتایەکی تر بەهیچ شێوەیەک ئاوڕیان لە ئاخاوتن نەدەدایەوە، بەڵام سۆسێر بەپێچەوانەی سەردەمی پێش خۆی، زیاتر گرنگی بە ئاخاوتن دەدا، نەوەک نووسین، چونکە وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکرد، ئاخاوتن پێش نووسین پەیدابووە و لەژێر کاریگەریی ئاخاوتنەوە نووسین پەیدابووە، بەو واتایەی ئەوەی دەشنووسرێت، هەر لە ئاخاوتن وەردەگیرێت، هەروەها نووسین ڕەمزە بۆ ئاخاوتن، واتە دووجار لە ڕاستی دووردەکەوێتەوە، بۆ نموونە ئەو شتەی لە مێشکدا چەسپاوە، بە ئاخاوتن دەردەبڕێت، کە ڕەمزە بۆی، پاشانیش نووسین ڕەمزی

ئاخـــاوتنەکەیە،[1] هەر بــۆیە سۆســێر جیــاوازی لەنێــوان ئاخــاوتن و نووسین کردووە.

**بەراوردێک لەنێوان ئاخاوتن و نووسین**

| ئاخاوتن | نووسین |
|---|---|
| ١ـــ ئاخـــاوتن پـــێش نووســـین پەیدابووە. | ١ـــ نووســـین دوای ئاخـــاوتن پەیدابووە. |
| ٢ـ لە ئاخاوتنــدا پێویســتیمان بە قسەکەر و گوێگر هەیە. | ٢ـ لە نووســیندا پێویســتیمان بە خــوێنەر هـەیە. |
| ٣. ئاخاوتن لە دەنگ پێکـــدێت. | ٣ـــ نووســـین لە پیــت و هێمــا پێکــدێت. |
| ٤ـــ ئاخـــاوتن تـــاڕادەیەکی زۆر ڕەمەکییە. | ٤ـــ نووســـین تـــاڕادەیەکی زۆر ڕەمەکی نییە. |
| ٥ـ لە ئاخاوتنـدا زمـانی سـتاندارد نییە. | ٥ـ لە نووسـیندا زمـانی سـتاندارد هەیە. |
| ٦ـ هێــز و ئـــاواز لە ئاخاوتنـــدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن. | ٦ـ لە نووســیندا زیـــاتر لایـــەنی خـالْبەندی ڕۆڵدەگێڕێت . |
| ٧ـــ ئاخـــاوتن بەهـــۆی گوێـــوە وەردەگیرێت. | ٧ـ نووســـین بەهـــۆی چـــاوەوە وەردەگیرێت. |
| ٨ـــ کەمتـــر دەمێنێـــتەوە، واتە تاڕادەیەکی زۆر کاتییە. | ٨ـــ زیـــاتر دەمێنێـــتەوە، واتە تاڕادەیەکی زۆر کاتی نییە. |

[1]ـ عەلـی تـاهیر حسـەین(د)(٢٠٠٨)، ڕەخـنەی بونیـادگەری لە تیـۆرەوە بـۆ پراکتیزەکردن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٤٧.

## چوارەم/ هێما و هێمابۆکراو

بە بۆچوونی سۆسێر وشە دوو ڕووی هەیە، کە ئەویش (ناوەوەی زمان) و (دەرەوەی زمان)ن. ناوەوەی زمان هێماکەیە، یاخود وشەکە دەگریتەوە، واتە هێما وێنەی دەنگییە، ئەم وێنە دەنگییەش دەکریێ شێوەی گۆکردن و دەربڕینی وشە بێت، بەڵام دەرەوەی زمان هێمابۆکراو دەگریتەوە، واتە تەن یان چەمک یان واتا دەگریتەوە، هێمابۆکراویش خۆی ئەو شتانەیە، کە هێماکە دەینوێنێ، بۆ نموونە وشەی (دار) دەچێتە حاڵەتی هێما و ناوەوەی زمان، کەچی پێکهاتەی دارەکەن، واتە (دار) لە دەرەوەی زمان، هێمابۆکراو دەگریتەوە، کەواتە وشە ئەم دوو ڕەگەزە لەخۆدەگرێت:

١. وێنەی دەنگی، کە بریتییە لە هێما.

٢ـ هێمابۆکراو، کە چەمک و واتا دەگەیەنێت، ئەو شتانەیە کە هێماکە دەینوێنێت.

لەپێش سۆسێر پەیوەندی هێما و هێمابۆکراو باسکراوە، لای یۆنانییەکان بەتایبەتی لای ئەفلاتوون و ئەرستۆ ئاماژە بەم دوو کەرەسە کراوە، هەریەکەیان بە بۆچوونێک ئەم پەیوەندیەیان خستۆتە ڕوو، ئەفلاتوون پێی وایە پەیوەندی لەنێوان هێما و هێمابۆکراو هەیە.

بە گوێرەی بۆچوونی ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەبێت هەموو وشەیەک یاخود هێمایەک لە بەرانبەریدا هێمابۆکراوێک یان تەنێک داگیربکات، کە ئەمەش مەرج نییە وابێت، چونکە دەیەها وشەمان لە زماندا هەیە، لە بەرانبەریاندا هێمابۆکراویان نییە و تەنێک داگیر

نـــاکەن، وەک ئـــامرازی پەیوەنـــدی و پێشـــبەند و ئاوەڵکـــار و ئاوەڵناو........

کەچی سۆسێر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: پەیوەندی نێوان هێمـا و هێمـابۆکراو سروشـتی و لەخـۆوەیە، هەروەهـا هەردووکیـان تەواو یەکتـر نـانوێنن، و سروشـتێکی دەروونییـان هەیە، ئەمەش لە دیدی سۆسێر وا دەگەیەنێت، کە هێمـا و هێمـابۆکراو هـیچ بـوونێکی فیزیکییـان نیـیە.[1] بـە واتایـەکی تـر بـە بۆچـوونی سۆسـێر هێمـا و هێمـابۆکراو دوو ڕووی یـەک دراون، نـاتوانین دەسـتبەرداری هـیچ یـەکێکیان بـین، چونکـە پەیوەندییـەکی لـەخۆوە بـە یەکـەوەیان دەبەسـتێتەوە، کەواتـە هـیچ پەیوەندییـەک لەنێوانیانـدا نییـە، تـەنیا پەیوەستە بە ڕێککەوتنی قسەکەران لەنێو کۆمەڵگەدا.

لە دوای (سۆسـێر)یش، (ڕیچـاردز و ئۆگـدن) لە کتێـبەکەی خۆیاندا، کە لە ساڵی ١٩٢٣ بە ناونیشانی (واتای واتا) بڵاوکراوەتەوە، تیایدا سوودیان لە بۆچوونەکەی سۆسێر بینیوە، بەڵام ڕیچاردز و ئۆگـدن پەیوەنـدییەکەیان خسـتۆتە نێـو سێگۆشـەیەکەوە، کە بە سێگۆشـەی (واتـایی) نـاوی دەرکـردووە، کە یەکێکە لە گریمـانەکانی واتـاسـازی.

**بـۆچوونی سۆسێر**

هـێما ←—— هێمابۆکـراو

وشـــە ←—— ناولێنراو، تـەن

---

[1] ـ سەلام ناوخۆش بەکر(٢٠٠٥)، پوختەیەک دەربارەی زمانناسی ـ مێژوویی ـ بونیادگەریی ـ چۆمسکی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ل ٣٦.

**بۆچوونی ڕیچاردز و ئۆگدن**




**پێنجەم/ زمان، زبان، گوتن:**

سۆسێر توانی جیاوازی لەنێوان (زمان و زبان و گوتن) بکات، کە ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی خستە ناو زمانەوانییەوە، سۆسێر بەم شێوەیەی خوارەوە جیاوازی لەنێوان ئەم سێ کەرەسەیەدا کرد:

**١ـ زمان/** زمان لای مرۆڤ لایەنێکی گشتییە، واتە بریتییە لەو توانایەی، کە لە مرۆڤدا هەیە، (زمان) لای سۆسێر هەروەکو (توانست)ە، لای چۆمسکی، واتە ئەم دوو زانایە لەم خاڵەدا هاوبەشن و باوەڕیان وایە، کە مرۆڤ کاتێک لەدایکدەبێت، ئەوە لەگەڵ لەدایکبوونی، توانایەکی گشتی یاخود دیاردەیەکی گشتی لەگەڵیدا لەدایکدەبێت، بەهۆیەوە توانای ئەوەی هەیە ئەو مرۆڤە فێری زمان ببێت، ئەم فێربوونەش وەنەبێت لەسەر زمانێکی دیاریکراو، یان تاکە زمانێک بێت، بەڵکو ئەم توانایە ئەوەش دەردەخات، کە هەموو مرۆڤێک توانای ئەوەی هەیە، فێری هەر زمانێک لە زمانەکانی جیهان بێت، ئەم جۆرە لای سۆسێر بە کەڵکی زمانەوانی نایەت، واتە

گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادات، چونکە کاری زمانەوانی دۆزینەوەی یاسا و کەرەسەکانی زمان و پەیوەندی نێوانیانە.

**٢ـ زبـــان/** ئەمەیان دیاردە و لایەنێکی تایبەتی، یاخود لایەنێکی کۆمەڵایەتی دەگرێتەخۆ، لەم جۆرەدا تاکەکەس ناتوانێت کاری تێدا بکات یان بیگۆڕێت، چونکە زبان لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە، واتە بەشێوەیەکی گشتی زبان بریتییە لە (گۆکردن، ڕێزمان، وشە). زبان لە گوتندا نەبێت دەرناکەوێت، چونکە زبان کەرەسە و یاساکانی تێدایە، ئەم بەشەیان یاساکانی زمان دەگرێتەخۆ، هەر بۆیە سۆسێر گرنگییەکی زۆر بەم بەشەیان دەدات و کردوویەتی بە بنەمای لێکۆڵینەوەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەشە بوونێکی فیزیاوی نییە، یاساکانی تێدا بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بەکارهاتوون.

**٣ـ گوتـن/** ئەو چالاکییە هەستپێکراوە کەسییەیە، کە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دێتە دەربڕین، ئەمەیان لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە، هەر بۆیە مرۆڤ تاڕادەیەکی زۆر سەربەستە لە هەڵبژاردنی وشەکان، کەواتە گوتن ئەو زمانەیە، کە مرۆڤ بەکاری دێنێ و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ، بەڵام هەموویان ڕێزمان و بنەما و یاساکانی زمان و لایەنە گشتییەکان بەیەکەوەیان دەبەستێ، سۆسێر گرنگی و بایەخ بەم لایەنەش دەدات.

## شەشەم/ پەیوەندی ئێستایی(سینکرۆنی) و پەیوەندی مێژوویی(دایکرۆنی)

سۆسێر ئەم دوو زاراوەیەی لە بواری زمان بەکاری هێناون، هەردووکیان لێکۆڵینەوەن لەبارەی زمان. لایەنی مێژوویی(دایکرۆنی) شیکردنەوەی زمانە لەسەر بنەما و قۆناغە جۆر بە جۆرەکانی زمان، بە واتایەکی تر لایەنی مێژوویی لە گەشە و پەرەسەندن و گۆڕانەکانی زمان لە قۆناغە جۆربەجۆرەکان دەکۆڵێتەوە، واتە لایەنی مێژوویی لەو گۆڕانکارییانە دەکۆڵێتەوە، کە بەپێی تێپەڕبوونی کات بەسەر زماندا هاتووە، بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە زمانە زیندووەکانی ئێستا، دەبینین گۆڕانکاری زۆریان بەسەردا هاتووە، ڕێژەی گۆڕانکارییەکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ، بەجۆرێ ئێستا بە ئاسانی ناتوانین لە دەقێکی کۆنی ئاڤێستا تێبگەین و بە باشی بیخوێنینەوە، چونکە زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.[1]

پەیوەندی ئێستایی زمان یان لایەنی وەسفی(سینکرۆنی) بایەخ بە شیکردنەوە و پیشاندانی شێوە و چۆنیەتی کارکردنی زمان دەدات، کە لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێکەوە لە کاتێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێ، واتە جەخت لەسەر ڕەوشی ئێستای زمانەکە دەکات، و خۆی بەو هەموو گۆڕان و پەرەسەندنانەی قۆناغە یەک بەدوای یەکداهاتووەکانی زمان نابەستێتەوە.

---

[1]ـ عەلی تاهیر حسەین(د)(٢٠٠٨)، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٤٤.

سۆسـێر زیـاتر گرنگـی بە لایەنــی ئێســتایی زمــان دەدات، واتە بایەخێکی ئەوتۆ بە مێژووی نـادات، چونکە بە بڕوای سۆسێر لایەنی ئێستایی گرنگترە لە لایەنی مێژوویی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەگەر زمانێـک لایەنــی ئێســتایی نەبێـت، نــاتوانین لێکـۆڵینەوە لە مێژوویی زمانەکە ئەنجام بدەین، هەر بۆیە سۆسێر سێ تەوەرە بۆ لایەنی ئێستایی زمان دیـاریدەکـات:

**١ـ کـات/** دەبێت ئەو مـاوەیە دیاری بکرێت، کە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت، چونکە بە تێپەڕبوونی کات، زمان دەگۆڕێ، بەشێوەیەک کە هەسـتی پێناکرێـت، هەرچەنـدە گـۆڕان لە زمانـدا لەسـەرخۆیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشـــدا کـــارێکی بەردەوامە، بەجۆرێـــک ئـــێمە لە کـــاتی لێکـۆڵینەوەکەدا وا دەبینـین کە زمـانەکە نەگـۆڕ و چەسـپاوە، بـۆیە لێکۆڵەر کۆشش دەکات تاکو ماوەی لێکۆڵینەوەکە زۆر نەخایەنێت.[1]

**٢ـ شـوێن/** کـاتێ لێکـۆڵینەوە لەسـەر زمـانی کـۆمەڵگەیەک ئەنجـام دەدرێت، پێویستە شوێنی ئەو کۆمەڵگـەیە دەستنیشـان بکرێت، چونکە زمان بەپێی شوێن دەگۆڕێت.

**٣ـ چـین/** زمـان تەنیـا بە گـۆڕینی کـات و شـوێن ناگۆڕێت، بەڵکو هۆکاری تریش هەیە دەیگۆڕێ، ئەویش (ئاست یان چین)ە، واتە زمان لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر دەگۆڕێ، زمـان بەپێی ئاسـتی قسـەکەر

---

[1]ــ عەلـی تـاهیر حسـەین(د)(٢٠٠٨)، ڕەخـنەی بونیـادگەری لە تیـۆرەوە بـۆ پراکتیزەکردن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٤٣ ـ ٤٤.

دەگـۆڕێ، زمــانی ئەدەبـی لە زمــانی بـازاڕ و زمــانی قوتابخانەکــان جیاوازە.[1]

## حەوتەم: زمان

زمـان لای سۆسـێر سیسـتەمە، بەهـۆیەوە پەیـڕەوی سیسـتەمێک دەکات و ڕەگەزەکانی نێو زمانەکە لە پێوەندییەکی تەواودان، بەجۆری جێگۆڕکێی هەر دانەیەک لە دانەکانی زمانەوانی یاخود هەر ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکــانی نێــو زمــانەکە، شــیرازەی سیســتەمی زمــانەکە دەشێوێنێت.[2]

هەروەهــا سۆســێر زمــان بە شــەترەنج دەچوێنێــت، شــەترەنج بـریتییە لە سیسـتەم و کەرەسـەکان، کە تەختە و داشـەکانن، هەریەکە لەناو سیستەمەکەدا نرخی خۆی هەیە و بەپێی شوێن و پەیوەندییان بە یەکەوە نرخەکەیان دیاری دەکرێت، نەک بەهۆی ڕەنگ و سروشتی ئەو کەرەسەیەی لێی دروستکراوە، لە زێڕ بێت یاخود لە دار، بەڵگەش ئەوەیە ئەگەر هەر داشــێک ون بێــت، بــۆ نمــوونە (وەزیــر)، ئــەوە دەتــوانرێ بەردێکــی تــر لەجیــاتی بەکــاربهێنێ، ئەم بەردە لەنــاو سیستەمەکەدا ڕۆڵی وەزیر دەبینێ، زمانیش ئاوایە، بۆ نموونە ئەگەر وشـەیەک بۆ مەبەسـتێک نەبوو، ئەوە دەتـوانرێ وشـەیەکی تـری بـۆ

[1]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

[2]- سەلام ناوخۆش(٢٠٠٥)، دوانەکانی سۆسێر، گ.ڕامان، ژ.(١٠٠)، ٢٠٠٥/٩/٥، ل ٧٢.

دابڕێـژرێ، ئەو وشـەیە لەنـاو سیسـتەمی ئەو زمـانە تـایبەتییەدا لەو کاتەدا ئەو نرخەی دەبێ و دەداتێ.[1]

زمانەوانەکـانی پـێش سۆسـێر وا تەماشـای زمانیـان دەکـرد، کە کۆمەڵە دەنگێکە سیمای ماددییان هەیە، دەتوانین بیانبینین و قسـەیان پێبکەین، سـیمای فیزیاوییـان هەیە، بەڵام سۆسـێر ئەمەی ڕەتکـردەوە کە زمان تەنیا دەنگ بێت و بێ سیستەم کاربکات، بۆ نموونە زمـانی کـوردی خـاوەنی (٣٧) دەنـگە، بـۆیە ئـاخێوەری کـورد بەهـۆی ئەم دەنگانەوە دەتوانێ وشە و ڕستە دروست بکات.

[1] ــ عەلـی تـاهیر حسـەین(د)(٢٠٠٨)، ڕەخـنەی بونیـادگەری لە تیـۆرەوە بـۆ پراکتیزەکردن، ل ٤٥.

# چۆمسکی

## ژیانی نەوام چۆمسکی

ناوی تەواوی نەوام چۆمسکییە، لە ساڵی ١٩٢٨ لە ویلایەتی فیلادلفیای ئەمریکا لەدایکبووە، چۆمسکی لە بنەماڵەیەکی جولەکەی ڕۆشنبیرە، بەجۆرێک دایک و باوکی بە دوو ڕێزماننووسی گەورەی زمانی عیبری دادەنرێن، باوکی چۆمسکی ناوی (ڤیلیا چۆمسکی)یە و دایکیشی ناوی (ڤیکۆ ئیسرائیل)ە، باوکی چۆمسکی کاتی خۆی قوتابخانەیەکی تایبەتی زمانی عیبری لە (فیلادلفیا) دروستکرد، دواتر چووە کۆلیژ و لەوێ زمانی عیبری وتۆتەوە، ڤیلیا چۆمسکی بە ڕێنماییکەری جولەکەکانی فیلادلفیا دادەنرا، خاوەنی چەندین کتێبە، لەوانە:(زمان و یاسای عیبری لە سەدەی هەژدەهەمدا).

چۆمسکی هەر لە منداڵییەوە زیرەکی و بلیمەتی پێوە دیاربوو، چونکە لە تەمەنی (١٠) ساڵی خوێندنەوەیەکی بۆ کتێبەکەی باوکی کرد، بەڵام بڵاوی نەکردەوە. جێگای ئاماژەپێکردنە چۆمسکی دەرچووی بەشی ماتماتیکە لە زانکۆی (پەنسلڤانیا)، هەر لەم زانکۆیەش پەیوەندی بە ڕێکخراوێکی توندڕەوی جولەکە کرد و بووە کادیرێکی چالاکی ئەم ڕێکخراوە، هەر ئەوکاتیش هاتە (فەلەستین) بۆ پاڵپشتیکردنی بەرژەوەندییەکانی جولەکە. دواتر باوکی چۆمسکی هەوڵدەدات کوڕەکەی لە بواری زمانەوانی نزیک بکاتەوە، ئەمیش

لەڕێگەی زمانەوانیی بەناوبانگ (هاریس)، کە هەوڵیدا چۆمسکی لە بواری زمانەوانی نزیک بکاتەوە. واتە چۆمسکی لەڕێگەی هاریسەوە چۆتە ناو بواری زمانەوانی، چۆمسکی لەباری کاریگەربوونی خۆی بە بابەتی زمانەوانی دەڵێت: **ئەو کتێبەی کە زۆر کاریگەری خستەسەرم و زمانناسی پێ ناساندم، کتێبی (شێوەکانی زمانناسی)ی هاریس بوو، هەر ئەمەش وایکرد پەرە بە بواری زمانەوانی بدەم.**

چۆمسکی لە ساڵی ١٩٥١ بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی پەنسلڤانیا وەرگرتووە و ناونیشانی نامەکەشی (واژەناسی زمانی عیبری نوێ) بوو. چۆمسکی لە نامە ماستەرەکەیدا ڕەخنەیەکی زۆری لێگیرا، تەنانەت یەکێک لە ئەندامانی گفتوگۆی نامەکەی دەڵێت: **(ئەم نامەی ماستەرە هەموو شتێکە، تەنیا بابەتی زمانەوانی نەبێت).**

پاش تێپەڕبوونی (٤) ساڵ، واتە لە ساڵی ١٩٥٥ چۆمسکی بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە. چۆمسکی خاوەنی چەندین کتێب و وتاری زمانەوانی و ڕەخنەی سیاسییە، لێرەدا هەندێک لە کتێبەکانی چۆمسکی دەخەینەڕوو:

**١ــ ڕۆنانە سینتاکسییەکان:** ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٥٧ لەلایەن ناوەندی چاپ و پەخشی مۆتان بڵاوکراوەتەوە، ئەم کتێبە تا ئێستا وەرگێڕاوەتە سەر زۆربەی زمانەکانی جیهان.

**٢ـ بونیادی لۆژیکی تیۆری زمانەوانی:** ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٧٢ بڵاوکراوەتەوە.

**٣ـ گۆشە نیگاکانی تیۆری سینتاکسی:** ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٦٥ بڵاوکراوەتەوە.

٤. **زمانەوانی دیکارتی:** ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٦٦ بڵاوکراوەتەوە.

٥. **زمان و بیر:** ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٦٨ بڵاوکراوەتەوە.

٦ــ **مەسەلەکانی زانین و ئازادی:** ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٧١ بڵاوکراوەتەوە.

٧ـ **جۆرەکانی فۆنۆلۆژی لە زمانی ئینگلیزیدا:** ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٦٨ بڵاوکراوەتەوە.

٨ـ **لێکۆڵینەوەی واتاسازی لە ڕێزماندا:** ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٧٢ بڵاوکراوەتەوە.

٩. **زانینی زمانەوانی ـ سروشت و بنەما و بەکارهێنانەکانی:** ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٧٢بڵاوکراوەتەوە.

١٠. **زمان و عەقل:** ئەم کتێبە ساڵی ١٩٦٨ بڵاوکراوەتەوە.

١١ــ **دەسەڵاتی ئەمریکا و بەرپرسە نوێیەکان:** ئەم کتێبە ساڵی ١٩٦٧ بڵاوکراوەتەوە.

١٢ــ **ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا:** ئەم کتێبە ساڵی ١٩٧٤ بڵاوکراوەتەوە.

١٣. **تێرامان لە زمان:** ئەم کتێبە ساڵی ١٩٧٥ بڵاوکراوەتەوە.

١٤ـ **چەند وانەیەک دەربارەی حکوومەت:** ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨١ بڵاوکراوەتەوە.

١٥ــ **مافەکانی مرۆڤ و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:** ئەم کتێبە ساڵی ١٩٦٨ بڵاوکراوەتەوە.

١٦. **سێگۆشە گریکەکە:** ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٣ بڵاوکراوەتەوە.

**١٧ــــ خەفەکردنـــی دیموکراســـییەت:** ئەم کتێــبە ســـاڵی ١٩٩١ بڵاوکراوەتەوە.

**١٨ــ بە ڕاستی مـامە سـام چـی دەوێـت:** ئەم کتێـبە سـاڵی ١٩٩٢ بڵاوکراوەتەوە.

**١٩ــ زمـان و گیروگرفتەکـانی مەعـریفە:** ئەم کتێـبە سـاڵی ١٩٩٢ بڵاوکراوەتەوە.

**٢٠. جەنگی بەردەوام:** ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٣ بڵاوکراوەتەوە.

**٢١. هەژموونی ڕاگەیاندن:** ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە.

**٢٢. زاڵبوون و مانەوەی هەوڵی ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان:** ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە.

**٢٣. کلتووریی تیرۆریزم:** ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە.

چۆمسـکی تـا ئێسـتا چەنـدین بڕوانـامەی ڕێزلێنـانی لە بـواری زمـــانەوانی و سیاســـەت وەرگرتـــووە، دیـــارە ئەم بڕوانامـــانەش بەشێوەیەکی ڕەمەکیانە نەبووە، بەڵکو دوای هەڵسـەنگاندنی کارەکانی لەلایەن چەنـدین زانـــا و شـــارەزای نـــاودار لە زانکـــۆ و پەیمانگـــە گەورەکـانی جیهـان ئەنجامـدراوە، وەکـو (**زانکـۆی لەنـدەن، زانکـۆی شـــیکاگۆ، زانکـــۆی ئۆکســـفۆرد، زانکـــۆی کامبریـــدج، پەیمـــانگەی ماساچۆسێت.....،هتد**).

## بیروبۆچوونەکانی چۆمسکی لەبارەی زمانەوانییەوە

### ١. دانەکانی زمان

چۆمسکی پێی وایە دەبێت لە گەورەترین دانەکانی زمانەوە دەستپێبکەین، کە ڕستەیە، تا دەگەینە بچووکترین دانەی زمان، کە فۆنیمە، چونکە چۆمسکی هەموو شتێکی لە ڕوانگەی ڕستەوە سەیر دەکرد، بەهۆیەوە ڕستەی بە چەقی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دادەنا. لێرەدا جیاوازی نیوان چۆمسکی و سۆسێرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە ئاراستەکردنی دانەکانی زمان، چونکە سۆسێر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێیدا، پێی وابوو دەبێت لە بچوکترین دانەی زمانەوە دەستپێبکەین، کە فۆنیمە، بەڵام ئاراستەکە لای چۆمسکی لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەڕوات، واتە لە ڕستەوە تا دەگاتە فۆنیم یان دەنگ.






**٢. زمانی ستاندارد**

چۆمسـکی دەڵێـت لە نووسـین و نمـوونەی پراکتیکیـدا ئەگەر نموونەیەک بهێنینەوە، ئەوە نموونەکە دەبێت لە زمانی ستانداردەوە وەرگیرابێـت، بەو واتـایەی پەیوەنـدی بە (زار و بنـزار و گـۆڤەر)ەوە نەبێت، چونکە هەر کاتێک نموونەیەک بهێنیەوە لە زارێک لە زارەکانی زمانەکەوە وەرگیرابێت، ئەمە لای چۆمسکی بە هەڵە دادەنرێت.

هەندێ لە زمانەوانان دژی ئەم بۆچوونەی چۆمسکین، بە جۆرێک پێیان وایە چۆمسکی دژی زار و بنزارە، بەو واتـایەی چۆمسکی دژی زمانەوانی کۆمەڵایەتی (کۆزمـانەوانی) بێت. بەڵام چۆمسکی وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت: من لـە زمانەوانیدا دژی زار و شێوەزار نیم، بەڵام

لە بواری زماندا دەبێت ئێمە پەیڕەوی نووسین و نموونەی ستاندارد بین.

- لەکوێ دەژی. √
- لەکێندەری دەژی. X
- چۆلەکە بکرە. √
- کێشکە بکرە. x

## ٣. توانست و چالاکی

توانست ئەو یاسا و دەستوورە شاراوانەیە، کە پرۆسەی ڕێزمان بەگشتی پێکدێنن، واتە زانیاری قسەکەر و ئاخێوەری زمانەکەیە لەبارەی ڕێزمانی زمانەکەی. توانست لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤ لەدایک دەبێت، توانست نابینرێت و ناگوترێت و هەستی پێناکرێت، بەڵکو کۆمەڵێک زانست و زانیارییی، کە لەگەڵ لەدایکبوونەوە پەیدادەبێت، لە توانستدا هەڵە ناکرێت، بەڵام لە چالاکیدا هەڵە دەکرێت، چونکە دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت. لە توانست و چالاکیدا چۆمسکی نموونەیەک لە ژیانی ڕۆژانە دەهێنێتەوە، کە وەک ئەوەیە یەکێک بەشداری خوولی فێربوونی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بکات، ئەو کوڕاسەیەی کە لە خوولەکەدا وەریدەگرێت، هەمووی زانست و زانیارییە، ئەو زانست و زانیاریانە دەچنە بواری توانستەوە، بۆیە هەڵەیان تێدا نییە، لە کاتی جێبەجێکردنیدا مرۆڤ هەڵە دەکات.

توانست و چالاکی لای چۆمسکی هەردووکیان گرنگن، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا گرنگی چالاکییەکە دەکەوێتە پێش توانست، بۆ نموونە ئەگەر لە دوورگەیەکدا پیاو و ژنێکی کەڕ و لاڵ بژین، دواتر منداڵێکیان ببێت، ئەوە ئەو منداڵە فێری زمان نابێت، یاخود تەنیا فێری زمانی هێما دەبێت، ئەگەرچی ئەم منداڵە توانستەکەی لەگەڵدا لەدایکبووە، بۆ ئەوەی فێری زمان ببێ، بەڵام لەبەرئەوەی زمان پێویستی بە چالاکی هەیە، بۆ ئەوەی کردەی ئاخاوتن دروست بێت، بۆیە ئەم منداڵە لەبەر نەبوونی کەسانی تر تا قسەی لەگەڵدا بکەن، فێری زمان نابێت، هەر بۆیە یەکێک لە گریمانەکانی زمان پەیوەستە بە کۆمەڵگە، یان لایەنی کۆمەڵایەتییەوە.

چۆمسکی ئاماژە بە ئەوە دەکات، کە لە توانستدا فێری زمان دەبیت، جا ئەو زمانە زمانی کوردی بێت، یان هەر زمانێک بێت، بۆ نموونە کەسێک لە شارۆچکەی قەڵادزێ لە خێزانێکی کوردی موسوڵمان لەدایک بێت، دواتر ئەم منداڵە یەکسەر بگوازریتەوە بۆ لەندەن و بچێتە ناو خێزانێکی مەسیحی، دەبینین ئەو منداڵە فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت، واتە منداڵ فێری زمانی ئەو ژینگەیە دەبێت، کە قسەی پێدەکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە توانست زانست و زانیاری و دەستورە لەبارەی زمان.

بە بۆچوونی چۆمسکی، توانست لە ڕووی تێگەیشتن و ئاخاوتنەوە لە سێ شێوەی زمانیدا بەرجەستە دەبێت[١]:

---

[١]- دیار علی کەمال، ڕێزمانی کوردی لە ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنانی و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٢، ل ١٧ - ١٨.

**١ـ توانستی ڕستەسازی:** لێرەدا توانای خستنەسەری یەکتری کەرەستەکانە لە ڕووی ڕیزبوون و جۆردا، بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی ڕێزمانی.

**. هەموو قوتابییەکان هاتن.**

**. قوتابییەکان هاتن هەموو.***

توانستی سینتاکسی قسەکەری زمانی کوردی ڕێگە نادات ڕستەی دووەم لە بەرانبەر ڕستەی یەکەم هەبێت، چونکە لە ڕستەی دووەمدا ڕیزبوونی کەرەسەکان تێکچووە و پارێزگاری لە قاڵبەکانی ڕستەی کوردی نەکردووە.

**٢ـ توانستی واتایی:** قسەکەر توانای هەڵبژاردنی ئەو دانە فەرهەنگیانەی ڕستەی هەیە، تاکو واتایەکی فەرهەنگی و لۆژیکی دروستیان هەبێت و گوێگر و خوێنەر لێیان تێبگات.

**. باوکی ڕزگار تا ئێستا ڕەبەنە.***

**. ڕزگار تا ئێستا ڕەبەنە.**

لێرەدا توانستە فەرهەنگییەکە ناهێڵێت ڕستەی یەکەم مانا بدات.

**٣ـ توانستی فۆنۆلۆجی:** لێرەدا توانستی بە دوای یەکترهاتنی دەقەکان و چۆنیەتی ڕیزبوونی دەنگەکان و پێکهاتەی فۆنۆلۆجیانەی وشەکانی نێو ڕستەیە.

**. ئازاد بەردی خوارد.**

**. ئازاد ەردی خوارد.***

لێرەدا توانستی فۆنۆلۆجی قسەکەری زمانی کوردی ڕێگە بە دەربڕینی ڕستەی دووەم نادات، چونکە لە ڕستەی یەکەم (بەرد) لە

چوار پیت پێکهاتووە و واتای تەواوی بەخشیوە و گوێگر لێی تێدەگات، بەڵام لە بەشی دووەمدا (ەرد) لەلایەن ئاخێوەرانی کورد واتای بۆ دانەنراوە، بۆیە قسەکەر و گوێگر ئەم وشەیە وەرناگرن.

**٤. ئاستی ڕووکەش و ئاستی قووڵ**(ڕۆنانی سەرەوە و ڕۆنانی ژێرەوە)**(دیوی ڕوخسار و دیوی ناوەرۆک)**

چۆمسکی باس لە دوو ئاست دەکات، یەکێکیان ڕۆنانی سەرەوەیە، ئەویتریان ڕۆنانی ژێرەوەیە، ڕۆنانی سەرەوە ئەو کەرەسانەن لە سەرەوە دەردەکەون، کە مەرج نییە هەموو کەرەسەکان بگرێتەخۆ، ئاستی ژێرەوە ناوەرۆک و بنجی ڕستەکە دەگرێتەخۆ، ئەم ئاستە لەگەڵ واتادا پەیوەندیدارە، بەجۆرێ ناتوانرێت بدرکێنرێت، تاکو ئاراستەی ڕۆنانی سەرەوە نەکرێت، چونکە لە هەندێ حاڵەتدا هەندێ کەرەسە دەرناکەون، بەڵام لە ئاستی ژێرەوە بوونیان هەیە، وەک:

**- ئازاد دەتوانێ بنووسێ.**

لەم ڕستەیەدا یەکێک لە کەرەسە سەرەکییەکان دەرنەکەوتووە، ئەم کەرەسەیە لە ناوەرۆکدا بوونی هەیە، چونکە کاری تێپەڕ پێویستی بە دوو کەرەسەی سەرەکی هەیە، ئەویش بکەر و بەرکارە، بەو واتایەی لەو ڕستەیەدا ئازاد دەتوانێ شتێ بنووسێ، ئەویش دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەکە.

زۆر لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە هەموو زمانەکانی جیهان تەنیا لە ڕۆنانی سەرەوەدا جیاوازییان هەیە،

ئەگینا لە ڕۆنانی ژێرەوەدا وەکو یەکن و هیچ جیاوازییەکیان نییە، بەو واتـایەی هەمـوو زمانەکـانی مرۆڤـایەتی لەسـەر یەک پێـڕەو و یاسـا کاردەکەن و جیاوازییان تەنیا لە ڕووخساردا دەردەکەوێت.[1]

ڕۆنـانی سـەرەوە پەیوەنـدی بە ڕیزبـوونی کەرەسـەکانەوە هەیە، ئەم ڕۆنـانەی زمـان، ڕسـتە تێیدا دەردەکەوێت و دەکەوێتە سـەرووی ناوچەکانی یاساکانی گوێزانەوە، بۆ نموونە ئەگەر ڕستەیەک دوو واتـا یان زیـاتری بەخشـی، ئەوە ئەو ڕسـتەیە یەک ڕۆنـانی سـەرەوە و دوو یان زیاتر ڕۆنانی ژێرەوەی هەیە، وەک:

- **پێم دەشکێ.** ڕۆنانی سەرەوە
- **بە من دەشکێ.** ڕۆنانی ژێرەوە
- **قاچم دەشکێ.** ڕۆنانی ژێرەوە

ئەگەر بەپـێـچەوانەوە بێـت، واتە زیـاتر لە ڕسـتەیەک، هەمـان واتایـان هەبێـت، ئەوە ئەو ڕسـتانە یەک ڕۆنـانی ژێـرەوە و زیـاتر لە ڕۆنانێکی سەرەوەیان هەیە. وەک:[2]

- **ئێمە تۆمان بینی.** ڕۆنانی ژێرەوە
- **تۆمان بینی.** ڕۆنانی سەرەوە
- **بینیمانی.** ڕۆنانی سەرەوە

---

[1]- وریا عومەر ئەمین(١٩٨٩)، بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١٢١)، ل ٧٣.
[2]- دیار علی کەمال، ڕێزمانی کوردی لە ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنانی و گوێزانەوە، ل ٢٨.

ڕۆنانی ژێرەوەش چەندین خاسیەتی جۆراجۆری هەیە، لەوانە:

١ـ یەکەمین ڕۆنانی بەرهەمهاتووە، کە لەڕێگەی یاساکانی ڕۆنانی فرێزەوە بەرهەم دێت.

٢ـ تەنیا بوارە بۆ پڕکردنەوەی فەرهەنگی، واتە یاساکانی فەرهەنگ ڕۆڵ دەبینن لە گۆڕینی هێما بۆ دانەی فەرهەنگی.

٣ـ ئەو ڕۆنانەیە کە لەلایەن پێکهێنی سیماتیکەوە بە شێوەیەکی سیماتیکیانە شرۆڤە دەکرێت.

٤ـ لەڕێگەی ڕێزمانی گویزانەوە بۆ ڕۆنانی سەرەوە دەگوێزرێتەوە.[١]

## ٥. ڕێزمانی گشتی و ڕێزمانی تایبەتی

مەبەست لە ڕێزمانی گشتی ئەو دیاردە زمانیانە دەگرێتەوە، کە لە هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە، بەو واتایەی زۆربەی بابەت و کەرەسە ڕێزمانیەکان دەچنە ژێر باڵی ڕێزمانی گشتییەوە، بە بڕوای چۆمسکی ئەو کەرەسانە لە هەموو زمانەکاندا هاوبەشن، وەک: (ناو، جێناو، ئاوەڵناو ...، کار، بکەر، بەرکار...، ڕستەی سادە، ڕستەی لێکدراو، ڕستەی هەواڵگەیاندن)، بەو واتایەی لە هەموو زمانەکاندا هەن.

ڕێزمانی تایبەتی، تایبەتمەندی ئەو بابەتە زمانیانە دەگرێتەخۆ، کە تایبەتە بە زمانێکی دیاریکراو و مەرج نییە لە زمانێکی تردا بە هەمان

---

[١]ـ دیار علی کەمال، ڕێزمانی کوردی لە ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنانی و گوێزانەوە، ل ٢٧.

شێوە بوونیان هەبێت، بۆ نموونە نیشانەی شیکردنەوە، کە تایبەتە بە زمانی عەرەبی، وەک: (سەر ـ فتحة)،(ژێر ـ كسرة)،( بۆر ـ ضمة)...هتد.

## ٦. زمان و زمانەوانی

چۆمسکی لەبارەی پێناسەکردنی زماندا دەڵێت:**(زمان کۆمەڵە وشەیەکە ڕێزمان دەریان دەکات)**، چۆمسکی زمان لە کۆمەڵگە دادەبڕێت، کە هەر ئەمەش وایکرد پراگماتیکناسەکان ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی چۆمسکی بکەن، چونکە پراگماتیکناسەکان پێیان وایە زمان پەیوەستە بە کۆمەڵگە، لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ سۆسێریش یەکناگرێتەوە، سۆسێر پێی وایە زمان سیستەمە، بەڵام چۆمسکی پێی وایە زمان وەگەڕخەری سیستەمی ناو مێشکە.

هەروەها چۆمسکی پێی وایە زمان بریتییە لە پرۆسەیەکی پێکهێنانی کاریگەر لە هزری مرۆڤدا، کە دەتوانێ خولقێنەر و داهێنانی زمانیی ڕێکوپێک بکات، ئەمەش لەڕێگەی یاسایەکی ڕێزمانی گشتییەوە بۆ هەموو زمانەکانی مرۆڤ.

هەروەها چۆمسکی لە پێناسەیەکی تری زماندا دەڵێت: **زمان بریتییە لە کۆمەڵێک ڕستەی (سنووردار و بێ سنوور)، هەر ڕستەیەک درێژییەکەی سنووردارە، و هەر ڕستەیەک لە چەند یاسایەکی سنووردار پێکهاتووە.**[1] بە گوێرەی ئەم پێناسەیە ژمارەی یاساکانی پێکهێنەری ڕستە و ژمارەی ڕستەکان بە هیچ جۆرێ بە قەد

[1]ـ سەلام ناوخۆش(٢٠٠٥)، پوختەیەکی وردی زمانناسی، ل ٥٨.

یەک نین، بەڵکو بەهۆی تەنیا چەند یاسایەکەوە ژمارەیەکی بێکۆتا ڕستە دروست دەکرێت، کەواتە لای چۆمسکی ڕستە جەوهەر و ناوەرۆکی ڕێزمانەکەیەتی.

پرۆسەی زمانەوانی لای چۆمسکی لە سێ توخمی بونیادی پێکهاتووە:[1]

**یەکەمیان: توخمی ڕێزمانە**، کە گرنگترین توخمە لە پرۆسەکەدا، لە یەکە پێکهاتەییەکانی پێکدێت، کە هەموو ڕێزمانی ڕستەکەیە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک. ئامانجی ئەو توخمە زمانەوانییەش هەم ڕێکوپێک و هەم بەرهەمهێنانە، ڕێکوپێکە بەوەی توانای ڕێزمانی ڕێکوپێک بدات بە دەستەوە، بەرهەمهێنەرە بەو واتایەی لە توانایدا هەیە ژمارەیەکی بێکۆتا ڕستەی ڕێزمانی بەرهەم بهێنێت. **دووەمیان: گواستنەوەیە**، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم توخمە دەتوانێت ڕستە سەرەکییە بناغەییەکە بگۆڕێ بۆ کۆمەڵێک جۆری ڕستەی تری وەک (پرسیارکردن، سەرسوڕمانی، نەرێنی، مەرجی........هتد). ئەم توخمە توخمێکی ناچارییە لە دۆخی ڕستە سەرەکییەکاندا، و ئارەزوومەند و ناچارییە بۆ دۆخەکانی تر، کە لە ڕستە سەرەکییەکە پێکدێت. **توخمی سێیەم: پێکهاتەییە**، ئامانجی ئەم توخمەش بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕاست و دروستە، جا ئەم ڕستەیە لە شێوەی قسەکردن بێت، یان نووسین. چۆمسکی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە نموونەی ڕێزمانی، تاکە نموونە نییە بۆ سەلماندنی ڕاستی و

[1] ـ عەلی تاهیر حسەین(د)(٢٠٠٨)، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٥٤ ـ ٥٥.

دروستی ڕستەی زمانەوانی لە زمانێک لە زمانەکان، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە پرۆسەی ڕێزمانی لە پرۆسەی واتایی جیاوازە، هەرچەندە پەیوەندی نێوانیانڕێژەییە. ڕەنگە چۆمسکی چەند لایەنێکی پۆزەتیڤی هەبێت بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی، کە دەڵێت: هەندێ ڕستە هەن لە ڕووی لایەنی زمانەوانییەوە پەسند نین، کەچی لە ڕووی لایەنی واتاییەوە پەسندن، یاخود بە پێچەوانەوە ڕستە هەیە لە ڕووی ڕێزمانەوە پەسندە، بەڵام لە ڕووی واتاوە پەسند نییە.

### ٧. بەرهەمهێنانی ڕستە

چەمکی بەرهەمهێنان یەکێکە لە گرنگترین چەمکەکانی تیۆرەکەی چۆمسکی، بۆیە چۆمسکی زۆر گرنگی پێداوە. چۆمسکی پێی وایە مرۆڤ لە توانایدایە ژمارەیەکی زۆری ڕستە بەرهەم بهێنێ، بەجۆرێک ئەم ڕستانە پێشتر نەیبیستبێ و نەیوتبێ، واتە مرۆڤ توانستێکی لە ڕادەبەدەری هەیە ڕستە دروست بکات و لەنێو ڕستەکەشدا فریز و وشە بگرێتەخۆ، واتە((**بیری سەرەکی بەرهەمهێنانی زمان لەوەدایە، کە ئاخێوەری هەر زمانێک دەتوانێت ژمارەیەکی بێکۆتا ڕستە دروست بکات و بەرهەم بهێنێت و تێیانبگات، بێ ئەوەی ئەم ڕستانە لەپێشتردا بینیبێت**)).[1] جێگای ئاماژەپێکردنە بەرهەمهێنان یەکێکە لە تیۆرەکانی چۆمسکی، بەرهەمهێنانیش خۆی لە کۆمەڵێ یاسای جۆراوجۆر دەبینێتەوە.

[1]- محمد محمد یونس علي(٢٠٠٤)، مدخل الى اللسانيات، دار الكتب الوطنية، بنغازي ـ ليبيا، ص ٨٣.

## ٨. جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی و ناڕێزمانی

لە ڕستەسازیدا چۆمسکی ڕستەی ڕێزمانی و ناڕێزمانی لە یەکتر جیادەکاتەوە، ئەم جیاکردنەوەیەش پەیوەستە بە نزیکی و دووری دیارخەر و دیارخراوەکانی نێو ڕستە، بە جۆرێک تا دیارخەر و دیارخراو لە یەکەوە نزیک بن، ڕستەکە زیاتر ئاراستەکەی بەرەو ڕێزمانیبوون دەڕوات، بەپێچەوانەوە تا دیارخەر و دیارخراو لە یەکەوە دوور بن، ئەوە ڕستەکە بەرەو ناڕێزمانیبوون دەڕوات. وەک:

- **هەموو قوتابییەکان نانیان خوارد.** ڕێزمانی
- **قوتابییەکان نانیان خوارد هەموو.** ناڕێزمانی

هەروەها چۆمسکی لەنێوان ڕستەی ڕێزمانی و ڕستەی ناڕێزمانیدا، هەندێ پلە و قۆناغ دیاریدەکات، ئەم پلە و قۆناغانەش دەچنە نێو (ڕێزمانی و ناڕێزمانی)، ڕێزمانی و ناڕێزمانی ڕستەش لە ڕستەسازیدا پەیوەستە بە ڕیزبوونی کەرەسەکان نێو ڕستەکە، بەجۆرێک هەر زمانێک شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە لە ڕیزبوونی کەرەسەکان.

- **هەموو قوتابییەکان نانیان خوارد.** ڕێزمانی
- **قوتابییەکان هەموو نانیان خوارد.** نزیکە لە ڕێزمانی
- **قوتابییەکان نانیان هەموو خوارد.** نزیکە لە ڕێزمانی
- **قوتابییەکان نانیان خوارد هەموو.** ناڕێزمانی

### ٩. دەستنیشانکردنی لێڵی و چارەسەرکردنی

لە زماندا هەندێک ڕستەمان هەیە لێڵە، بەهۆیەوە چۆمسکی لێڵی ئەم ڕستانەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، ئاخۆ سەرچاوەکەی نزیکە لە لایەنی ڕێزمانییەوە، یان پەیوەستە بە لایەنی وشەوە.**(مەبەست لە لێڵیش بەو وشە و فرێز و پاڕستە و ڕستانە دەوترێت، کە زیاتر لە واتایەکیان هەیە)**، بۆیە چۆمسکی هەوڵدەدات چارەسەری لێڵی ئەو ڕستانە بکات و سەرچاوەی لێڵییەکانیش دەستنیشان بکات، وەک:

**- پێم دەشکێ.**

ئەم ڕستەیە دوو واتای هەیە:

واتای یەکەم: **بە من دەشکێ.**

لێرەدا سەرچاوەی لێڵییەکە پەیوەندی بە ڕێزمانەوە هەیە، چونکە پێشبەندی(بە) هەندێجار لە حاڵەتی سینتاکسدا شێوەی خۆی دەگۆڕێت و دەبێت بە (پێ).

واتای دووەم: **قاچم دەشکێ.**

لێرەدا سەرچاوەی لێڵییەکە پەیوەندی بە وشەوە هەیە، چونکە لە زمانی کوردیدا وشەی (پێ) لە هەندێ زار و شێوەزاردا بە واتای (قاچ)یش دێت، ئەگەرچی لە فەرهەنگ و لە بنەڕەتدا وشەکانی (پێ) و (قاچ) واتاکانیان وەک یەک نییە و جیاوازە.

پێ ← بە     م ← من     پێ ← قاچ

**- پێم دەخوری.**

ئەم ڕستەیە دوو واتای هەیە:

واتای یەکەم: **بە من دەخورێ.**

لێرەدا سەرچاوەی لێڵییەکە پەیوەندی بە ڕێزمانەوە هەیە، چونکە پێشبەندی(بە) هەندێجار لە حاڵەتی سینتاکسدا شێوەی خۆی دەگۆڕێت و دەبێت بە(پێ).

واتای دووەم: **قاچم دەخورێ.**

لێرەدا سەرچاوەی لێڵییەکە پەیوەندی بە وشەوە هەیە، چونکە لە زمانی کوردیدا وەکو لە نموونەی پێشوودا ڕوونمانکردەوە، وشەی (پێ) لە هەندێ زار و شێوەزاردا بە واتای (قاچ)یش دێت، ئەگەرچی لە فەرهەنگ و لە بنەڕەتدا وشەکانی (پێ) و (قاچ) واتاکانیان وەک یەک نییە و جیاوازە.

پێ ← بە پێ ← قاچ م ← من

هەروەها لێرەدا ئەوەش دەخەینەڕوو، کە لە ڕستەی یەکەمدا (دەخورێ)، لە چاوگی (خواردن)ەوە هاتووە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا(دەخورێ) لە چاوگی (خوران)ەوە هاتووە، واتە (خواردن) و (خوران) دوو چاوگی جیاوازن.

لەم ڕستانەدا تەمومژییەکان ڕێزمانی و وشەیین، هەر بۆیە ڕستەسازی توانیویەتی چارەسەریان بکات، بەڵام ڕستەسازی ناتوانێت چارەسەری تەمومژی فەرهەنگی بکات، وەک:

**شیر ← شمشێر یان شیری خواردن**

**شیرەکە بێنە ← شمشێرەکە بێنە. یان شیرەکە(شیری خواردن) بێنە.**

ڕستەسازی ناتوانێت چارەسـەری تەمومژی فەرهەنگیی وشـەی (شـیر) بکـات، چـونکە لە فەرهەنگدا وشـەی (شـیر) بـۆ دوو واتـای جیاوازی(شمشێر، شیری خواردن) بەکاردێت.

ئەگەرچی لە هەندێ ڕستەی تردا واتـای وشـەی (شـیر) ڕوون بـۆتەوە، بە واتـایەکی تـر تەمومژی وشـەی (شـیر) چارەسـەرکراوە، بەهۆیەوە گوێگر یان خوێنەر لە واتای ئەم ڕستانەی خوارەوە دەگات:

**شیرەکە خۆشە. ←── شیری خواردن**

**شیرەکە کوڵا. ←── شیری خواردن**

**شیرەکە شکا. ←── شمشێر**

# ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە

چەمکی بەرهەمهێنان وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆی کرد، یەکێکە لە گرنگترین چەمکەکانی تیۆرەکەی چۆمسکی، بۆیە چۆمسکی زۆر گرنگی پێداوە. مەبەست لە قوتابخانە و ڕێزمانی بەرهەمهێنان، ئەو کۆمەڵە تیۆرە زمانەوانییەیە، کە زمانەوانی ناسراوی ئەمریکی نەوام چۆمسکی و هۆگرانی لە کۆتایی پەنجاکاندا پێشیانخست، و کاریگەری ئەم هەنگاوە زانستییەش جگە لە بوارە زمانەوانییەکاندا، پەلی بۆ بوارەکانی دی، وەکو بواری فەلسەفە و دەروونناسیش کێشا، ئەم قوتابخانەیە لە ڕێبازەکانی خۆیدا، پشت بە بەکارهێنانی یاسا بەرهەمهێنەکان دەبەستێت، واتە((**بیری سەرەکی بەرهەمهێنانی زمان لەوەدایە، کە ئاخێوەری هەر زمانێک دەتوانێت ژمارەیەکی بێکۆتا ڕستە دروست بکات و بەرهەم بهێنێت و تێیانبگات، بێ ئەوەی ئەم ڕستانە لەپێشتردا بینیبێت**)).[1] کاریگەری ئەم قوتابخانەیە لە تیۆرەکانی ڕێزمانیشدا گەیشتە ڕادەیەک، کە دەتوانین بڵێین ڕێزمانی بەرهەمهێن لەم چل ساڵەی کۆتاییدا ڕێزمانێکی باو و باڵادەست بووە. هەروەها ئەو قەناعەتە باوەی لەنێو زۆربەی زۆری زمانناسەکانی ئەم سێ دەیەی دواییدا هەیە ئەوەیە، کە بوونی تیۆرێکی ڕێزمانی ئەوتۆ بەگوێرەی پابەندبوونی بەو بنەمایانەی گرنگ و پێویست بوو، کە بەرهەمهێنەکان دایانهێناوە.

---

[1]- محمد محمد يونس علي(٢٠٠٤)، مدخل الى اللسانيات، دار الكتب الوطنية، بنغازي ـ ليبيا، ص ٨٣.

ساڵی (١٩٥٧) ئەو ساڵەیە، کە نەوام چۆمسکی پەرتووکەکەی خۆی بە ناونیشانی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان) تێدا بڵاوکردەوە، ئەم ساڵەش لە بواری توێژینەوە زمانەوانییەکاندا بە خاڵێکی وەرچەرخانی سەدەی بیستەم هەژمار دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تۆسقاڵێک دادپەروەر بین و ئەوە بڵێین، کە هەندێ زمانەوان پێیان وایە ساڵی (١٩٥٩) لەم بوارەدا ساڵێکی زۆر گرنگە، ئەویش کاتێک چۆمسکی لە پێداچوونەوەیەکی توندا ئەو ڕێبازە ڕەوشتکارییەی لە بواری بەکارهێنانی زماندا ڕەتکردەوە، چونکە بەرهەمێکی پەسەندنەکراوی ئەزموونگەرایی یەکلاکەرەوەی قوتابخانەی ڕەوشتکاری (بلۆمفیلد)ییە.

(چۆمسکی) بنەمای فەلسەفی (یاسای بلۆمفیلد)ی خستە ژێر گورەشەی خۆیەوە و هەر لە ساڵی (١٩٥٧)ەوە پێشڤەچوونە زمانەوانییەکان خەریک بوو ببنە دەرەنجامێکی ئەو چاوپێداخشاندنە، یان هەموارکردنانەی بۆچوونەکانی چۆمسکی، بەجۆرێک زیاتر گۆڕانکارییە تایبەتییەکانی خۆی دەگرێتەوە، کە لە بواری تیۆری زمانەوانیدا ئەنجامیدا، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم چەرخی ڕێزمانی بەرهەمهێنی گۆێزانەوەیە.

بیرۆکەی سەرەکی ڕێبازی بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنانە لە بواری زماندا، کە بەپێی ئەم ڕێبازە قسەکەر دەتوانێ کۆمەڵێ ڕستە دروست بکات، بێ کۆتایین و پێشتریش گوێیان لێنەبووە. ئەمەش خودی ئەو مۆرکەیە، کە مرۆڤ لە ئامێر و ئاژەڵان جیادەکاتەوە، جا ئەگەر منداڵان توانیان کۆمەڵێ ڕستە بەکاربێنن، کە لەلای گەورەکان پەسند بن، ئەمەش مانای ئەوەیە مەسەلەکە تەنیا لاساییکردنەوەی ئەو

ڕستانە نییە، کە لە گەورەکانەوە گوێیان لێبووە، بەڵکو شتێک لە ئارادایە، ئەویش ئەوەیە منداڵان بە توانایەکی زمانەوانی لەدایک دەبن، کە وایان لێدەکات بتوانن قسە بکەن. جا ئەگەر مەسەلەکە وابێت، کەواتە پێویستە لەو توانایە بکۆڵینەوە، کە وا لە قسەکەر دەکات کۆمەڵێ ڕستەی تازە دروست بکات و لێی تێبگات، ئەویش لەجیاتی ئەوەی گرنگی بە کۆکردنەوەی ئەو ماددە زمانەوانییانە بدات، کە قسەکەران قسەی پێدەکەن، چونکە چەندە لە ڕووی کۆکردنەوەی ماددە زمانەوانییەکەوە فراوانخواز بین، ئەوە ئێمە ناتوانین سەرتاپای ئەو ماددە زمانەوانییە ڕووماڵ بکەین، کە پێویستیمان پێ هەیە، بگرە لەوانەیە تەنانەت ڕێژەیەکی کەمیشی ناتوانین لێ ڕووماڵ بکەین. ئینجا بە ڕادەی سەرکەوتنمان لە دۆزینەوەی ئەو یاسایانەی قسەکەران بۆ پیادەکردنی پێکهاتە زمانەوانییەکان پشتی پێدەبەستن، هەر بەو ڕادەیەش دەتوانین شرۆڤەیەکی زانستی پەسەندکراو بە تایبەتمەندییەتی بەرهەمهێنان لە زماندا پێشکەش بکەین.

واتە ڕێزمانی بەرهەمهێنان زاراوەیەکە بەو کۆمەڵە یاسایە دەوترێت، کە چەند جۆرێکی سیستەمەکانی زمان دەستنیشان دەکات، دەشتوانین وردتر بڵێین ڕێزمانی بەرهەمهێنان **(ئەو کۆمەڵە یاسایەیە، کە لەسەر فەرهەنگێکی سنووورداری یەکەکان پراکتیزە دەبن و کۆمەڵە پێکهاتەیەکی (بێسنوور یاخود سنووردار) بەرهەم دێنن)**، کە لە ژمارەیەکی کەمی یەکەکان دروست بوون، بە شێوەیەک بەم کۆمەڵە یاسایە هەموو پێکهاتەیەک تەواو وەسف بکەین، کە پیادەکردنەکەی ڕاست و دروستە، ئەویش لەو زمانەی کە ڕێزمان وەسفی دەداتێ،

ئینجا بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە ڕوون بکەینەوە، دەڵێین: ئەو شتەی لە کاتی پیادەکردنی ڕستەی ژمارە (١) ڕوودەدات ئەوەیە، لێرەدا کۆمەڵە یەکەیەکی زمانەوانیمان لەژێر دەستدایە، کە تیایاندا هەن ڕێزمانیین، وەکو (ەکە) لە وشەی (کۆششکارەکان)، و شێوازی (کار)ی (سەرکەوت)، هەروەها تیایاندا هەن فەرهەنگین، وەکو (ئازاد)، ئینجا لەبەر ئەوەی ئێمە دەتوانین پیادەی کۆمەڵە ڕستەیەک بکەین بە زمانی کوردی، ئەویش لەبەر زانینی یاسا و ڕێزمانیانەی زمانەکە، ئەوە مانای ئەوەیە ئێمە ئیتر کۆمەڵە یاسایەکی فۆنۆلۆجی و وشەسازی و ڕستەسازیمان پراکتیزەکردووە سەبارەت بە بەرهەمهێنانی ڕستە. وەک:

**١. کۆششکارەکان سەرکەوتن.**

ئەو یاسا فۆنۆلۆجی و وشەسازیيانەی لەسەر ئەو ڕستەیە پراکتیزەمان کرد، ئەمانەن:

١. دانانی ئەم یەکە فەرهەنگییە (سەرکەوت) لە شێوازی(کار) بۆ واتابەخشینە، سەبارەت بەوەی (کار) لە کاتێکی پێشوودا ڕوویداوە.

٢. دانانی یەکەی فەرهەنگی (کۆششکارەکان) لە شێوازی(بکەر) بۆ واتابەخشینە، لەسەر ئەو کەسەی (کار)ەکەی ئەنجامداوە و هیچ گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی لێ ڕوونەداوە.

٣. ناساندنی بکەرەکە (لە جیاتی نەناسراوکردنی)، کە وا پێویست دەکات (ەکە) لە کۆتایی وشەی (کۆششکار) دابنرێ و لە جێگایەکی دیدا دانەنرێ.

ئینجا لەو یاسا وشەسازی و ڕستەسازییانەی بۆ بەرهەمهێنانی ئەم ڕستەیە پراکتیزەکراوە، لەم پێکهاتەدا نەلکاندنی (جێناوی کۆ) بە کاری (سەرکەوت)ە، و لە هەمان کاتیشدا پێویستبوونی بەکارهێنانی نیشانەی (ان) بۆ ئاماژەکردنی بە (کۆ) و (بکەربوونی).

پاش پراکتیزەکردنی ئەم کۆمەڵە یاسایە لەسەر ئەم فەرهەنگە سنووردارەی یەکەکان (کە لە کۆمەڵە دانەی فەرهەنگی (سەرکەوت) و شێوازی (کار) و (ەکە) و یەکەی فەرهەنگی (کۆششکار) و شێوازی (بکەر) و نیشانەی (ان) پێکهاتوون).

بەم شێوەیە کۆمەڵە پێکهاتەیەک دروست دەبن، بۆ نموونە (سەرکەوت)،(کۆششکار)،(کۆششکاران)،(کۆششکارەکان)و (کۆششکارەکان سەرکەوتن)، جا بۆ زانینی ڕاستی و دروستی هەر پێکهاتەیەک لەم پێکهاتانەی باسمانکردوون، بۆ ئەمەش حوکمی کۆتاییان بەسەردا بدەین، تا چ ڕادەیەک ڕاست و دروستن، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ یاساکانی فۆنۆلۆجی و وشەسازی و ڕستەسازی، کە پێشووتر باسمانکرد، ئەمانەش کۆمەڵە یاسایەکی سەر بە ڕێزمانی کوردین، چونکە ئێمە لێرەدا باس لە ڕستەیەک لە ڕستەکانی زمانی کوردی دەکەین.

ڕێزمانی بەرهەمهێنان دەستنیشانکردنی وەسفی بونیادگەریی گونجاویش بۆ هەر یەکێک لەم پێکهاتانە دەگرێتەوە، هەموو جیاوازییەکەش لە بونیادی پێکهاتەیەک لێی بکۆڵرێتەوە، پێویستە بە شێوەی جیاوازییەک لە وەسفی بونیادگەری پەیوەست بە خودی ئەو بونیادەوە دەربکەوێت.

لێرەدا زۆر گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە بەرهەمهێنەکان هیچ ڕستەیەکی تۆمارکراو لە خودی ماددە زمانەوانییەکە وەسف ناکەن، واتە ئەوانەی قسەکەران بە کردەیی بەکاریانهێناوە، بەڵکو کۆمەڵە ڕستەیەکی گریمانەکراو پیادە دەکەن، ئەویش بە پیادەکردنی ڕێبازی بەرهەمهێنان، پاشان تەماشای واقیعی ئەو زمانە دەکەن، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ پێشبینی زمانەوانی و پرسیاری، ئەوەش ئاراستە دەکەن، کە ئایا ئەو ڕستەیەی بە بەرنامەی ماتماتیکی بەرهەمهاتووە، ئایا لەگەڵ زمانەکەدا یەکاویەکە، یان پیادەکردنەکەی ساغ و دروستە یا نا؟ لێرەوە زاراوەی (دروستی زمانەوانی) سەرهەڵدەدات، بەم شێوەیە زمانی سروشتی وەک زمانە وێنەییەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، کە زمانێکی داهێنراون، ئەمەش مەسەلەیەکە زۆر لە زمانناسەکان پەسەندی ناکەن.

هەر لەسەر بنەمای ئەم ڕێبازە ڕووتەی توێژینەوەی زمان، کۆمەڵە زاراوەیەک هاتنە ئاراوە و بەکارهێنراون، وەکو قسەکەری نموونەیی، کە هیچ بوونێکی لە واقیعی زمانەوانیدا نییە، بەڵکو زمانناسەکان ئەو گریمانەیە دەخەنەڕوو، ئەویش بە پشتبەستن بە گومان و توانستە زمانەوانییەکەی، واتە ناسینی یاساکانی زمان و فەرهەنگەکەی.

# قۆناغەکانی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە

## یەکەم/ تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان

قۆناغی یەکەمی ڕێزمانەکەی چۆمسکی، کە لە ساڵی ١٩٥٧دەستپێدەکات، ئەمیش بە دەرکەوتنی کتێبی (**ڕۆنانە سینتاکسییەکان**)، تا ساڵی ١٩٦٥بەردەوام دەبێت، لەم قۆناغەدا چۆمسکی زۆر ڕەخنە لە بونیادگەرەکان دەگرێت، و پێی وایە بونیادگەرەکان هەر خەریکی وەرگرتنی قسەن لە ئاخێوەران، بۆیە ڕستەی ڕێزمانی بەهۆی ئاخاوتنی قسەکەرێکەوە دیاری ناکرێت، هەروەها چۆمسکی لەم قۆناغەدا پێی وابوو ڕستەسازی سەربەخۆیە لە واتاسازی، بەو واتایەی گیروگرفتەکانی ڕستەسازی تەنیا بە ڕستەسازی جیادەکرێتەوە، نەک بە واتاسازی.[1] ئەم قۆناغەش سێ لایەن لەخۆدەگرێت:

### یەکەمیان: ڕێزمانی هەڵبژاردنی سنووردار

ئەمە سادەترین سینتاکسە، کە توانای بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی بێسنووری ڕستەی هەیە بە ژمارەیەکی کەم و سنوورداری کەرەسە، بەجۆرێک هەر کەرەسەیەک توانای ئەوەی هەیە کەرەسەی دوای خۆی هەڵبژێرێت.

---

[1]ـ سەلام ناوخۆش بەکر(٢٠٠٥)، پوختەیەک دەربارەی زمانناسی ـ مێژوویی ـ بونیادگەریی ـ چۆمسکی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ل ٦١ ـ ٦٢

**دووەمیان: ڕێزمانی فریز پێکهێنان**

ئەمەیان لە هی یەکەم بەهێزترە، ئەمیش خستەڕووی دیوی دەرەوەی کەرەسەکانە، کە مەبەستمان ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەیە، واتە دابەشکردنی بنجی کەرەسە پێکهێنەرەکانی ڕستە دەگرێتەخۆ.

**سێیەمیان: ڕێزمانی گوێزانەوەیە**

ئەمەیان لە هی یەکەم و دووەم بەهێزترە، لێرەدا یاساکانی فریز پێکهێنان و ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستە دەگرنەخۆ، چونکە بەهۆی یاساکانی گوێزانەوە چەندین ڕستەی تری لێ بەرهەمدەهێنرێت.[١]

**یاساکانی گوێزانەوە**

یاساکانی گوێزانەوە بەسەر دوو جۆر یاسا دابەشدەکرێن، ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم/ یاسا تایبەتییەکان:** ئەو یاسایانەن، کە لەسەر یەک پێکهاتەی بەرهەمهاتوو و یەک زنجیرە پێکهاتە کاردەکەن.

یاسا تایبەتییەکانیش دوو جۆرن:

**أ ـ یاسای گوێزانەوەی بەخورتی:** ئەو یاسایانە دەگرێتەوە، کە بە ئارەزووی قسەکەر ئەنجام نادرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەخورتی یاساکان جێبەجێبکرێن، واتە ئەم یاسایانە ناتوانرێت دەستیان لێ

[١] ـ ڤیان سلێمان حاجی(٢٠٠٩)، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل ١٤ ـ ١٥.

هەڵبگرین، بەڵکو دەبێ پیادە و پەیڕەوبکرێت، تاکو ڕستەیەکی ڕێزمانی و دروست دەربچێت.[1]

**ب ـ یاسای گوێزانەوەی ئارەزوومەندانە:** ئەو یاسایانەن، کە لە دارشتنەوەی ڕستەدا دەتوانین پیادەیان بکەین، یان پیادەیان نەکەین، بە پیادەکردن و نەکردنی ئەم یاسایانە، ئەوەی بەرهەم دێت، ڕستەیەکی ڕێزمانی دەبێت.

یاساکانی گوێزانەوەی بەئارەزوو چەند شێوەیەکی هەیە:

**١ـ کرتاندن:** مەبەست لە کرتاندن، کرتاندنی کەرەسەیەکە لە کەرەسەکانی ڕستە لە ڕۆنانی سەرەوەدا، بەبێ ئەوەی واتای ڕستەکە تێکبدات.

کرتاندنیش لەسەر کەرەسەکانی بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەخۆ و نیهاد و کار....هتد ئەنجامدەدرێن. وەک:

**ـ برنج دەخۆی؟ یان ساوار.**

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاری (دەخۆی) لە برگەی دووەمی ڕستەکە کرتێنراوە، بەڵام ئەم کرتاندنە تەنیا لە ڕۆنانی سەرەوە بووە، چونکە گوێگر و خوێنەر لە واتای ڕستەکە تێدەگات و دەزانێ کاری (دەخۆی) بۆ هەردوو جۆری خواردنەکە: (برنج)،(ساوار) دەگەڕێتەوە.

---

[1]- بڕوانە: أـ یوسف نوری محەمەد ئەمین (٢٠١٠)، هەندێ لایەنی ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بە پێی یاساکانی گوێزانەوە، نامەی ماستەر، ل ١٧، ب. میلکا افتیش (١٩٩٦)، اتجاهات البحث اللساني، ت. سعد عبدالعزیز مصلوح و وفاء کامل فاید، المطابع الامیریة، ص ٣٨٤.

**٢ــ جێگــۆڕکێ:** بــریتییە لە گــۆڕینی شــوێنی کەرەســەیەک لەگــەڵ کەرەســەیەکی تــری نێــو ڕســتەکە، بەبــێ ئەوەی واتــای ڕســتەکە تێکبچێــت، ئەم جێگــۆڕکێیەش تەنیــا لە ڕۆنــانی ســەرەوەدا ئەنجــام دەدرێت و لە ڕۆنانی ژێرەوەدا، ڕستەکان هەمان واتایان هەیە، وەکو:

**- کارزان دەچێت بۆ بازاڕ.**

**کارزان بۆ بازاڕ دەچێت.**

**- نەسرین کتێبەکەی بۆ هێنام.**

**کتێبەکە نەسرین بۆی هێنام.**

**٣. فراوانکردن:** بریتییە لە فراوانکردنی ڕستە بە کەرەسەی لاوەکی، بەو واتــایەی ئەم فراوانکــردن و زیــادکردنەی کەرەســەکان بــۆ ســەر ڕستە، نابێتە هۆی گۆڕینی واتای بنجی ڕستەکە، وەکو:

**- ڕۆیشت.**

**- ئەحمەد ڕۆیشت.**

**- ئەحمەد دوێنێ بەیانی ڕۆیشت.**

**- ئەحمەد دوێنێ بەیانی لەگەڵ ڕزگار ڕۆیشت.**

**.. هتد.**

**٤ــ لەبریــدانان:** بــریتییە لە جێگــرتنەوە و گــۆڕینی کەرەســەیەکی ڕێزمانی بە کەرەسەیەکی تری ڕێزمانی، واتە ئەمجۆرە گۆڕینە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای ڕستەکە لە ڕووی ئەرێنی و نەرێنییەوە.[١]

**- ئەوان ئێمە دەناسن.**

**- ئەوان ئێمە ناناسن.**

[١]- یوسف نوری محەمەد ئەمین (٢٠١٠)، هەمان سەرچاوە، ل ١٨.

**دووەم/ یاسا گشتییەکان:** ئەو یاسایانەن، کە کار لەسەر ڕۆنانی دوو ڕستە یان زیاتر دەکەن، ئەم کارکردنەش بەهۆی لێکدانی هەردوو ڕستەکان ئەنجام دەدرێت، واتە بەهۆی لێکدانی (شارڕستە) و (پاڕستە) لە (ڕستەی ئالۆز)دا، یان لە ڕستەی لێکدراودا، بەهۆی لێکدانی دوو ڕستە، یان زیاتر بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە ئەنجامدەدرێت.

**- کە بەهار هات دەچینە سەیران.**

**- یان برۆ یان دانیشە.**

لەم قۆناغەدا چۆمسکی هەندێ کەموکووڕی لە ڕێزمانەکەیدا هەبوو، لەوانە:

١- جیانەکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی و ڕستەی ناڕێزمانی لە یەکتر، بەو واتایەی چۆمسکی لەم قۆناغەدا تەنیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ڕستەسازی ڕستەی ڕێزمانی بەرهەم دێنێت، بەبێ ئەوەی باسی ڕستەی ناڕێزمانی بکات.[١]

٢- گرنگی نەدان بە هەندێ لایەنی لێڵی، لەوانە لێڵی سینتاکسی و لێڵی فەرهەنگی.[٢]

٣- پشتگوێ خستن و گرنگی پێنەدانی لایەنی واتایی.

---

[١]- سەلام ناوخۆش بەکر(٢٠٠٥)، پوختەیەک دەربارەی زمانناسی - میژوویی - بونیادگەریی - چۆمسکی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ل ٦١.

[٢]- ڤیان سلێمان حاجی(٢٠٠٩)، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، ل ١٥.

**دووەم/ تیۆری ستاندارد**

قۆناغی دووەمی تیۆرەکەی چۆمسکی لە ساڵی ١٩٦٥ دەستپێدەکات، ئەمیش لە کتێبی **(هەندێ لایەنی تیۆری سینتاکسی)** بۆچوونەکانی خستۆتەڕوو، لەم قۆناغەدا چۆمسکی هەوڵیداوە کەموکووڕی ڕێزمان و قۆناغی یەکەمی تیۆرەکەی پڕبکاتەوە،[١] ئەم ڕێزمانە سێ پێکهاتەی سەرەکی لەخۆدەگرێ: یەکەمیان پێکهاتەی ڕستەسازی، کە لە ڕستە دەدوێ و دوو بەشیش دەگرێتەوە، ئەوانیش بنکە و یاساکانی گوێزانەوە، دووەمیان پێکهاتەی فۆنۆلۆجییە، کە لە کۆمەڵێ یاسای فۆنۆلۆجی پێکدێت، ئەم یاسایانەش بۆ ئەوەیە ڕۆنانی سەرەوە بەرەو نواندنی فۆنەتیکی ببات، سێیەمیان پێکهاتەی واتاییە، کە لایەنی واتایی وشە و ڕستە دەگرێتەوە.[٢]

هەروەها لەم قۆناغەدا چۆمسکی زیاتر لە نموونەی زار و شێوەزارەکان دووردەکەوێتەوە و پەنا دەباتەبەر نموونەی ستانداردی زمانەکە، چونکە بە بۆچوونی چۆمسکی نموونەی ستاندارد پاککراوەتەوە لە هەڵە و گۆڕانی وشەی ئاخاوتنی قسەکەرانی زمانەکە. هەروەها چۆمسکی لەم قۆناغەدا توانی ڕستەی ڕێزمانی لە ڕستەی نارێزمانی لە یەکتر جیابکاتەوە، ئەویش بەهۆی نزیکی و دووری نێوان دیارخراو و دیارخەرەکانی نێو ڕستە ئەم حاڵەتە دیاریدەکرێت.

---

[١] ـ ڤیان سلێمان حاجی(٢٠٠٩)، هەمان سەرچاوە، ١٦.

[٢] ـ سەلام ناوخۆش بەکر(٢٠٠٥)، پوختەیەک دەربارەی زمانناسی ـ مێژوویی ـ بونیادگەریی ـ چۆمسکی، ل ٦٢.

واتە چۆمسـکی لەم کتێبەیـدا لە هەنـدێ لە بۆچوونەکـانی خـۆی پاشـگەز دەبێـتەوە و هەوڵـدەدات لەم بەرهەمەیـدا ڕاسـتیانبکاتەوە، ئەویــش بە دووبــارە ورووژانــدنەوەی ســەربەخۆیی کــردە سینتاکسییەکان لە کردە واتاییەکان.[1]

## سێیەم/تیۆری ستانداردی فراوانکراو

قۆناغی سێیەم پڕکردنەوەی ئەو کەموکووڕییانەیە، کە لە قۆناغی دووەمدا هەبووە، بەتایبەتی لە ڕوانگەی واتا و ئاواز و هێزەوە، ئەم قۆناغە ساڵی ١٩٧٠ دەستی پێکرد، بەڵام زیاتر لە ساڵی ١٩٧٢ دەرکەوت و ڕەنگی دایەوە.

لەم قۆناغەدا لایەنی واتایی پەیوەستبوو بە هەردوو ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوەی ڕستە، چونکە لە قۆناغی پێشووتری ڕێزمانەکەی چۆمسکی، لایەنی واتایی تەنیا لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەردەکەوت.

ئەم تیۆرە لە چەند ڕوویەکەوە لە تیۆری ستاندارد جیادەبێتەوە، بەتایبەتیش لەو ڕووەوە، کە ڕۆنانە سینتاکسییەکان لێکدانەوەیەکی واتایی بە خۆوە دەگرن، بە جۆرێک سەرهەڵدانی ئەم تیۆرەش وەکو وەڵامدانەوەیەک بوو، بۆ ئەو ڕەخنانەی لە تیۆری ستاندارد دەگیران.[2]

---

١ــــ حــاتەم ولیــا مــــحەمەد(د)(٢٠٠٩)،پەیوەنــدییە ڕۆنانییەکــانی نوانــدنە سینتاکسییەکان، ل ٥٧.

٢ ـ هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.

## چوارەم/ تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە

ئەم قۆناغە ساڵی ١٩٨١ دەستپێدەکات، ئەویش پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی **(تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە)** ساڵی ١٩٨١،[١] ئەم تیۆرەش بە (G.B) ناسراوە، بنەمای سەرەکی ئەم تیۆرە لە دەسەڵاتی کەرەسەیەکی نێو ڕستەیە بەسەر کەرەسەکانی تری نێو ڕستەکە، وەک لە کاری تێپەڕدا، کار دەسەڵاتی بەسەر کەرەسەی تر هەیە، ئەویش بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ، هەروەها لە کاری تێنەپەڕدا، کار دەسەڵاتی بەسەر کەرەسەی تر هەیە، ئەویش بکەرە، و لە کاری ناتەواودا، کار دەسەڵاتی بەسەر کەرەسەی تر هەیە، ئەویش نیهادە.

چۆمسکی لەم تیۆرەدا چەندین یەکەی پێوانەیی دەستنیشاندەکات، ئەوانیش بریتین لە:[٢]

**١- تیۆری ئێکس بار**

**٢- تیۆری سیتا**

**٣- تیۆری دۆخ**

**٤- تیۆری بەستنەوە**

**٥- تیۆری بەندیتی**

**٦- تیۆری کۆنترۆڵ**

**٧- تیۆری دەسەڵات**

**٨- تیۆری کەرەسە بەتاڵەکان**

---

[١]- سەلام ناوخۆش بەکر(٢٠٠٥)، هەمان سەرچاوە، ل ٨٨ - ٨٩.

[٢]- ڤیان سلێمان حاجی(٢٠٠٩)، هەمان سەرچاوە، ٣٥.

## پێنجەم/ تیۆری کەمترین بەرنامە(پرۆگرام)

ئەم تیۆره لە ساڵی ١٩٩٠ دەستپێدەکات، ئەمیش بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەند وتارێکی چۆمسکی لەسەر ئەم بابەتە، تا لە ساڵی ١٩٩٣ کتێبێکی بە ناونیشانی(**کەمترین بەرنامە بۆ تیۆری زمان**) بڵاوکردەوە و بنەماکانی ئەم تیۆرەی دەستنیشانکرد، کە ئەوانیش فۆرمی فۆنەتیک و فۆرمی لۆجیکن، بەو واتایەی لێکدانەوەی ڕستە تەنیا دوو ئاستی نواندن دیاریدەکات، ئەوانیش فۆرمی فۆنەتیک و فۆرمی لۆجیکە، هەر بۆیە پێی وتراوە کەمترین بەرنامە. کەواتە لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە فۆرمی لۆجیکی هەوڵدەدات ڕستە لە ڕووی واتاوە لێکبداتەوە و فۆرمی فۆنەتیکیش چۆنیەتی خستنەڕووی کۆئەندامی ئاخاوتنە، کە پرۆسەی ئاخاوتن بەرهەم دێنێ.[1]

---

[1]- ڤیان سلێمان حاجی(٢٠٠٩)، هەمان سەرچاوە، ٣٦ - ٣٧.

## بەراوردكارییەك لە نێوان بۆچوونەكانی سۆسێر و چۆمسكی

١ـ لای سۆسێر زمانەكان لە یەكتری جیاوازن، هەر زمانەی دەبێت بۆ خۆی بە تەنیا لێی بكۆڵدرێتەوە، واتە جەخت لەسەر لایەنە تایبەتییەكان دەكاتەوە، لای چۆمسكی زمانەكان لایەنی هاوبەشی لە نێوانیاندا زۆرە، واتە لێرەدا چەمكی ڕێزمانی گشتی و ڕێزمانی تایبەتی دێتە ئاراوە.

٢ـ لای سۆسێر ئاستەكانی زمان، لە بچووكترین دانەی زمانەوە دەستپێدەكات، كە فۆنیمە، تا دەگاتە گەورەترین دانەی زمان، كە ڕستەیە، بەڵام لای چۆمسكی لە گەورەترین دانەی زمانەوە دەستپێدەكات، تا دەگات بە بچووكترین دانەی زمان، واتە لای هەردووكیان دانەكانی زمان بوونی هەیە، بەڵام جیاوازییەكە تەنیا لە ئاراستەكەیە، لای سۆسێر لە بچووكەوە تا گەورە، بەڵام لای چۆمسكی لە گەورەوە بۆ بچووك.

٣ـ لای سۆسێر بۆ لێكۆڵینەوە لە زمان، دەبێت پشت بە شریتە دەنگییەكان ببەسترێت، واتە هەتا ئاخاوتنێك لە دەمەوە لە شێوەی دەنگدا نەیەتە دەرەوە، زمان لەئارادا نییە، بەڵام لای چۆمسكی بۆ لێكۆڵینەوە لە زمان، نابێت پشت بە شریتە دەنگییەكان ببەسترێت، لەبەر ئەوەی هەندێ لە ڕاستییە زمانییەكان لێرەدا ون دەبن، بەمە دەڵێ ڕۆنانی سەرەوە، بۆیە لای چۆمسكی بۆ لێكۆڵینەوە لە زمان پشت بە ڕۆنانی ژێرەوە دەبەسترێت، واتە لێكۆڵینەوە لە ڕستەكانی زمان لە مێشكدا.

# بلۆمفیلد

## ژیانی لیۆنارد بلۆمفیلد

نـاوی تەواوی (لیۆنــارد بلۆمفیلــد)ە، ســاڵی ١٨٨٧ لــە شــیکاگۆ لەدایکبــووە، خوێنــدنی لە زانکــۆی (هێرتبــارت) تەواوکــردووە، دوای تەواوکردنـی خوێنـدن دەچێـتە وڵاتـی ئەڵمانیـا، بەهـۆیەوە لە ئەڵمانیـا شارەزاییەکی تەواوی لەبارەی زمانەوانیی بەراوردکاری پەیدادەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٣٣ کتێبێکی بە نــــاوی **(زمـان)** بڵاودەکاتەوە، ئەم کتێبەی بلۆمفیلد زیاتر لە ڕوانگەیەکی ڕەوشتکارانە دەڕوانێتە زمان، بە واتـایەکی تـر لەم کتێبەیـدا بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ کەوتـۆتە ژێـر کاریگەری قوتابخانەی ڕەوشتکاری لە بواری دەروونناسـیدا، هەروەهـا بلۆمفیلد ئاماژە بەوەش دەکات، کە سوودێکی زۆری لە بۆچوونەکانی سۆسێر بینیوە. بلۆمفیلد لە ماوەی ژیانیدا مامۆستای زانکۆ بووە و لە زانکـۆی (شـیکاگۆ، بێـڵ)دەرسـی وتـۆتەوە، لە سـاڵی ١٩٤٩ بەهـۆی نەخۆشییەوە کـۆچـی دوایـی دەکات.

# کارەکانی بلۆمفیلد لە بـواری زمـانەوانـییەوە

## ١. ڕەوشتکاری

هەر کاتێک ناوی (بلۆمفیلد)مـان گـوێ لێدەبێت، یەکسـەر بیرمـان بۆ تیۆری ڕەوشتکاری دەچێـت، (تیۆری ڕەوشتکاری یەکێکە لە تیـۆرە گرنگەکانی بواری واتاسـازی)، بلۆمفیلد لەژێـر کـاریگەری قوتابخـانەی ڕەوشتکاری لە بواری دەروونناسـیدا بووە، بەو واتایەی ڕەوشـتکاری لەڕێـگەی دەرونناسـییەوە هێنـاوەتە نـاو بـواری زمـان، ئەم تیـۆرەی بلۆمفیلدیــش (تیـۆری ڕەوشـتکاری) بە تەواوکەر و درێژەپێـدەری لە بـواری دەرونناسـیدا دادەنرێت، بنەمـای ئەم تیـۆرە لەسـەر (کـار و کـاردانەوە) دامەزراوە، بەو واتایەی هیچ کاردانەوەیەک نایەتە ئاراوە، ئەگەر پێشتر کارێک نەکرابـێ، واتە هەموو کارێک لە ڕوانگەی تیۆری ڕەوشتکاریـدا پێویسـتی بە کـاردانەوە هەیە، بلۆمفیلـد لەم ڕوانـگەیەوە نموونەیەکمان بۆ دێنێتەوە:

**((جـاک و جـێڵ دوو بـرادەری یـەکترن، ڕۆژێکیـان لەکـاتی پیاسەکردنـدا لەناکاو جـێڵ چاوی بە دار سێوێک دەکـەوێت، یەکسەر جێڵ بە بینینی سـێوەکە هەست بە برسی بوون دەکات، بۆیە داوا لە جـاک دەکـات سـێوەکەی بـۆ بێنـێ، دواتـر جـاک بەسـەر دارەکـە دەکـەوێت و سێوەکـە بـۆ جـێڵ دەهێنێـت و جـێڵیش سێوەکـە دەخـوات)).**

لـەم گفتوگۆیەی سـەرەوەدا بنەمای کار و کاردانەوە ئەنجامدراوە، بە جۆرێـک بینینـی سـێوەکە و برسـێتی جێـڵ بە کارێـک دادەنرێـت، و

لێکردنەوەی سێوەکە و هێنانی بۆ جێڵ بە کاردانەوە دادەنرێت، لێرەدا کـاردانەوەکە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ ئەنجـامنەدراوە، چـونکە جـاک کـارەکەی ئەنجامـداوە، بـۆیە کـاردانەوەکە بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ ڕوویــداوە.

**کـــار ⟵ کاردانەوە**

**کـــار ⟵ بینینی سێو (برسێتی جێڵ)**

**کاردانـــەوە ⟵ لێکردنەوەی سێوەکە لەلایەن جاکەوە**

**کاردانەوەی ڕاستەخۆ ⟵ جـێڵ**

**کاردانەوەی نـاڕاستەوخۆ ⟵ جـاک**

وەک ئاماژەمـان بـۆی کـرد، قوتابخـانەی ڕەوشـتکاری لە بـواری زمانناسـیدا لەژێـر کـاریگەریی قوتابخـانەی ڕەوشـتکاری لەبـواری دەروونناســیدا پەرەی پێـدراوە، لەم بــارەوە (بافلــۆف) لە بــواری دەروونناسـیدا چەنـد تاقیکردنەوەیـەکی لەسـەر (ســەگ) ئەنجامـداوە، ئەم تاقیکردنەوانەی بافلۆف سوودێکی گەورەیان لە بواری زمانناسیدا لێبینراوە، بافلۆف لە تاقیکردنەوەکەیدا چەنـد جارێک لەسـەر یەک و لە یەک کـاتی دیـاریکراودا خـواردن بـۆ سـەگەکە دەهێنێـت، بەڵام پـێش ئەوەی خــواردنەکە بــدات بە ســەگەکە، زەنگێــک لێــدەدات، یــان لە تــاقیکردنەوەی تــر گلۆپێــک دادەگیرســێنێت، دووبــارەکردنەوەی ئەم حـاڵەتە بۆ چەنـد جارێک، کـاردانەوەیەک لای سـەگەکە دروسـتدەکات، بەجـۆرێ هەر کاتێـک زەنـگەکە لێـدەدرێت، یەکســەر ســەگەکە لیکــی

دێتەخواریَ، یان دەڕژێنیَ، بە واتایەکی تر لێدانی زەنگەکە، یان داگیرساندنی گلۆپەکە، بە (کارێک) هەژماردەکرێت، لە بەرانبەریشدا لیک ڕژاندنی سەگەکە، بە کاردانەوەیەک هەژماردەکرێت، ئەگەرچی ئەم لیک ڕژاندنە بە خواردنەکەوە پەیوەستە، بەڵام وەکو ئاگادارکردنەوەیەک لەگەڵ لێدانی زەنگەکە ئەم کارە ئەنجام دەدرێت.

٢. بلۆمفیلد بە یەکێ لە دامەزرێنەر و ڕابەرانی دۆزینەوەی دانەکانی (فۆنیم، مۆرفیم، ئەلۆفۆن، ئەلۆمۆرف) دادەنرێت، ئەگەر چی جگە لە بلۆمفیلدیش زانایانی تریش ڕۆڵیان لە دۆزینەوە و شیکردنەوەی ئەم دانانەی زمان بینیوە.

مۆرفیم / بچوکترین دانەی واتاداری زمان، یان خاوەن ئەرکی زمانە، کەواتە مۆرفیم یان ئەرکی دەبێت یان واتا، مۆرفیمیش چەند جۆرێکە (مۆرفیمی ئازاد، مۆرفیمی بەند)، هەروەکو ئەم نموونەیەی خوارەوە:



## جۆرەکانی مۆرفیم

تا ئێستا مۆرفیم بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر لای زمانناسان خراونەتەڕوو، بەڵام باشترین دابەشکردن، ئەو دابەشکردنەیە، کە هەموو کەرەسەکان دەگرێتەخۆ و هیچ کەلێنێک ناهێڵێتەوە، کە بەمشێوەیەی خوارەوەیە:[١]

یەکەم: مۆرفیمی سەربەخۆ

ا- مۆرفیمی لێکسیکی(فەرهەنگی)

ب - مۆرفیمی ئەرکی

دووەم: مۆرفیمی بەند

١- گیرەک:

ا- ڕێزمانی (نیشانە ڕێزمانییەکان)

ب - وشەداڕێژ (پێشگر، پاشگر، ناوبەند)

٢- بنکەی بەند(ڕەگ)

٣- نووسەک

### ١- مۆرفیمی سەربەخۆ(ئازاد، سەربەست)

مۆرفیمی سەربەخۆ بەو مۆرفیمانە دەوترێت، کە بە تەنیا وەک دانەیەکی سەربەخۆ دەردەکەوێت و خاوەن ڕواڵەتێکی سەربەخۆیە، وەک (گوڵ، دار، بەرد، ئاسن، پیاو، کچ،..........هتد).

---

١- محەمەد مەعروف فەتاح(د) و سەباح ڕەشید(د)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، ل ٢٩ .

مۆرفیمە سەربەخۆکانیش دوو جۆرە:

**أ- مۆرفیمی لێکسیکی(فەرهەنگی)**

بەو مۆرفیمانە دەوترێت، کە دەتوانن بە شێوەی سەربەخۆ و ڕاستەخۆ واتا ببەخشن،[1] ئەمجۆرەیان زۆرجار وشەی تەواو پێکدێنن و ژمارەیەکی زۆری وشەکانی زمان پێکدێنن، ئەمجۆرەیان بەشە ئاخاوتنەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ژمارە،...) دەگرێتەوە.

**ب - مۆرفیمی ئەرکی**

ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە، کە وەک مۆرفیمێکی سەربەخۆ ئەرکی ڕێزمانی دەبینن، بەڵام بە تەنیا هیچ واتایەکی ئەوتۆیان نییە، تاکو نەخرێنە پاڵ وشەی تر، واتە ئەم مۆرفیمانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دیاردەی واقعییەوە نییە و سەربەخۆ ناتوانن وەک ئەندامێکی ڕستە خۆیان بنوێنن، بەڵکو دەوریان یارمەتیدانی وشە و مۆرفیمە فەرهەنگییەکانە.[2]مۆرفیمە ئەرکییەکانیش وەک ئامرازەکان و جێناوەکان.

**دووەم: مۆرفیمی بەند**

مۆرفیمی بەند بەو مۆرفیمانە دەوترێت، کە بە تەنیا وەک دانەیەکی سەربەخۆ دەرناکەوێت، بەڵکو لە شێوەی بەندا

---

١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی، ل٧٢.

٢ - هەمان سەرچاوە، ل ٧٢.

دەردەکەوێت و پێویستی بە مۆرفیمی سەربەخۆ هەیە، بۆ ئەوەی دەرکەوێت و بەکاربێت، واتە خاوەن ڕواڵەتێکی سەربەخۆ نییە، وەک (ڕا، هەڵ، ەکە، ان، ........هتد). مۆرفیمە بەندەکانیش بە چەند شێوەیەک دەبینرێت:

**١. گیرەک:**

زاراوەی گیرەک لە زمانی کوردیدا بەرانبەر (affix)ی زمانی ئینگلیزی بەکارهاتووە، ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە، کە لە شێوەی بەند دەردەکەون و مۆرفیمێکی بەستراوەیە لەگەڵ مۆرفێمێکی تر، یان وشەیەکی تر، سەربەخۆ بێ، یان بەستراوە، وشە یان مۆرفیمێکی نوێ پێکدێنن، ئەمەشیان لە دوو شێوەدا دەردەکەوێت:

**ا. مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (نیشانە ڕێزمانییەکان):**

بەو مۆرفیمانە دەوترێت، کە تەنیا حاڵەتی ڕێزمانی وشەکە دەگۆڕێت، بەبێ ئەوەی واتای سەرەکی وشەکە بگۆڕێت، نیشانەکانیش بریتین لە:

- نیشانەی ناسراوی (ەکە، ە).
- نیشانەی نەناسراوی(ێک، ەک، ێ).
- نیشانەکانی کۆ(ان، هات، جات، وات، ات، ەها، گەل).
- نیشانەکانی کاری ڕابوردووی نزیک.
- نیشانەی کاری ڕابوردووی دوور.
- نیشانەی کاری ڕابوردووی تەواو.

- نیشانەی کاری ڕابوردووی بەردەوام.
- نیشانەی کاری نەرێی ڕابوردوو.
- نیشانەی کاری ئەرێی ڕانەبوردوو.
- نیشانەی کاری نەرێی ڕانەبوردوو.
- نیشانەی کاری ئەرێی فەرماندان.
- نیشانەی کاری نەرێی فەرماندان.
- نیشانەکانی ئاوەڵناوی پلەی بەراورد و پلەی باڵا.
- نیشانەی ژمارەی ڕێکخستن.
- دەیەها نیشانەی تر......

**ب ـ مۆرفیمی بەندی وشەداڕێژ (پێشگر، پاشگر، ناوبەند):**

بەو مۆرفیمانە دەوترێت، کە واتای وشە دەگۆڕن، واتە ئەم مۆرفیمە لە شێوەی پێشگر، یان پاشگر دەچنە سەر وشە و بەشداری دەکەن لە دروستکردن واتای نوێی وشە، ئەم جۆرە پەیوەست نییە بە حاڵەتی ڕێزمانی، بەڵکو پەیوەستە بە ڕۆنانی وشە. وەک:

هەڵ + کرد= هەڵکرد

ڕا + کرد= ڕاکرد

ڕۆ + چوو = ڕۆچوو

شوێن + ەوار = شوێنەوار

کار + گە = کارگە

برد + ەوە = بردەوە

سەر + باز = سەرباز

سەر + ان + سەر = سەرانسەر

ڕەنگ + او + ڕەنگ = ڕەنگاوڕەنگ

**٢. مۆرفیمی بەندی ڕەگ(بنکەی بەند):**

بەو مۆرفیمە بەندانە دەوترێت، کە دەبنە بنکە بۆ دروستکردنی وشە، واتە ئەمجۆرەیان لە شێوەی ڕەگی کار ڕەگی وشە دەبینرێت، کە مانای سەرەکی وشە و مۆرفیم لە خۆی کۆدەکاتەوە، وەکو ڕەگی ڕانەبوردوو.

کەوتن ← کەو

بردن ← بە

**٣. نووسەک (نیشانە):**

ئەو مۆرفیمە بەندانەن، کە بە بەشی دواوەی وشە دەلکێن، بەڵام نە دەبنە هۆی گوڕینی واتای وشە و نە دەبنە هۆی گۆڕینی حاڵەتی ڕێزمانی وشە، ئەمجۆرە لە زمانی کوردیدا تەنیا جێناوە لکاوەکان دەگرێتەوە. وەک:

- خانووم کڕی. ( بە ناو لکاوە)
- بردمان.( بە کار لکاوە)
- بۆ ئازاد دەم هێنا. ( بە نیشانەی کاری ڕابوردوو لکاوە)
- کچێکی جوانم بینی.(بە ئاوەڵناو لکاوە)

**فـــۆنیم /** بچـــوکترین دانەی زمـــانە، کە ئەرک و واتـــا لە خـــۆی کۆناکاتەوە، بەڵکو دەبێتە هۆکارێک بۆ گۆڕینی واتای وشە.

| مـۆرفـیم | فـۆنـیم |
| --- | --- |
| ١ـ بچووکترین دانەی زمانە. | ١ـ بچوکترین دانەی زمانە. |
| ٢ـــ مـــۆرفیم ئەرک یـــان واتـــا دەگەیەنێت. | ٢ـ ئەرک و واتا ناگەیەنێت، بەڵکو تەنیا دەبێـتە هۆی گۆڕینی واتـای وشەکە. |
| ٣ـ مۆرفیم پیتێکە، یان زیاتر، کە لەمە بچوکتر ناکرێتەوە. | ٣ـ فۆنیم تەنیا پیتێکــە. |

**ئەلۆمـۆرف/** شـێوە جیاجیاکـانی هەمـان مـۆرفیم دەگـرێتەوە، بـۆ نمـوونە مـۆرفیمی (ەکە)ی ناسـراوی لە هەنـدێ حاڵەتـدا لە ڕووی ڕوخسـارەوە شـێوەکەی وەکـو خـۆی دەرناکەوێـت، بەڵکـو بە چەنـد شـێوەیەکی تـر دەردەکەوێـت، بە هەمـوو ئەو شـێوانە دەوترێـت (ئەلۆمۆرف)، و بە هەر یەکێک لەم شێوازانەش دەوترێت (مـۆرف).

کوڕەکە (ەکە) ـــ مۆرفیمی ناسراوییە

| | | |
| --- | --- | --- |
| کوڕەکـــان ـــ (ەک) | ئەلۆمۆرف | ەک ـــ مۆرف |
| مامۆستاکـان ـــ (ک) | | ک ـــ مۆرف |
| مامۆستایەکان ـــ (یەک) | | یەک ـــ مۆرف |
| مامۆستایەکە ـــ (یەکە) | | یەکە ـــ مۆرف |

(ەک، ک، یەک، یەکە) ئەلۆمۆرفن

**ئەلۆفۆن /** بە شێوە جیاجیاکانی هەمان فۆنیم دەوترێت ئەلۆفۆن، بەو واتایەی ئەگەر فۆنیمێ لەجیاتی فۆنیمێکی تر بەکار بێت و واتای وشەکەش نەگۆڕێت، ئەوە پێی دەوترێت ئەلۆفۆن، وەک:

غەم ــــ خەم ، سنەوبەر ــــ صنەوبەر

سەمون ــــ صەمون ، ناوەرۆک ــــ ناوەڕۆک

سەد ــــ صەد ، باخ ــــ باغ

# سەرچاوەکان

## یەکەم: بە زمانی کوردی

### ١. کتێب

١ـ ئاواز حەمە صدیق بەگیخانی(١٩٩٦)، ڕیزبوونی کەرستە لە زمانی کوردی دا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.

٢. ئەورەحمانی حاجی مارف(د)(١٩٨٧)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی دووەم(جێناو)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

٣ـ ئەورەحمانی حاجی مارف(د)(١٩٩٤)، کرداری کارا دیارو کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا، گ. کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد، بەرگی (٢٥ و ٢٦)، بەغدا.

٤. ئەورەحمانی حاجی مارف(د)( ٢٠٠٠)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی پێنجەم (کردار)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥ـ ئەورەحمانی حاجی مارف(د)(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی.

٦. ئومێد بەرزان برزۆ(٢٠١١)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٧ـ احمد حسن احمد(١٩٧٦)، ڕێزمانی کوردی ـ بە کوردی و عەرەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا.

٨ـ أحمد حسن فتح الله(١٩٩٠)، بکـــەر وەک بەشێکی سەرەکی ڕستــە لە زمانی کوردی دا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.

٩ـ باییز عمر احمد(٢٠٠٢)، تێنس لە دایالێکتی ژوروی زمانی کوردیــدا ( گــۆڤەری بــادینی)، چــاپی یەکەم، دەزگـــای چــاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، دهۆک.

١٠ـ تارا عەبدوڵلا سەعید(١٩٩٨)، هەندێک لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی - لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.

١١ــ تالیب حوسێن عەلی(د)(٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٢ـ تۆفیق وەهبی(٢٠٠٢)، کورد و زمانی کوردی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە د.عەزیز گەردی، زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٣ـ تەوفیق وەهبی(١٩٢٩)، دەستووری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم، (دار الطباعة الحديثة)،بەغدا.

١٤ـ جگرخوێن(١٩٦١)، أوائو دەستورا زمانی کوردی، چاپخانا صلاح الدين، بەغدا.

١٥ـ جەمال نەبەز (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ.

١٦ـ حاتەم ولیا محەمەد(٢٠٠٠)، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلیژی زمانی زانکۆی سلێمانی.

١٧ـ حاتەم وليا محەمەد(د)(٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەكانی نواندنە سینتاكسییەكان، چاپخانەی خانی، دهۆك.
١٨ـ دیار علی كمال كریم(٢٠٠٢)، ڕێزمانی كوردی ـ ڕوانگەیەكی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، بەشی كوردی كۆلیجی پەروەردەی زانكۆی سەلاحەدین، تشرینی یەكەم.
١٩ـ ڕەفیق شوانی(٢٠٠١)، چەند بابەتێكی زمان و ڕێزمانی كوردی، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر.
٢٠ـ زەریێ یوسوپۆڤا(١٩٨٧)، كار، وەرگێڕانی د. كوردستان موكریانی، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(١١٦)ی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٨٧.
٢١ـ زەریێ یوسوپۆڤا(٢٠٠٥)، شێوەی سلێمانی زمانی كوردی، وەرگێڕانی لە زمانی ڕووسییەوە د.كوردستان موكریانی، لە بڵاوكراوەكانی كۆڕی زانیاری كوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٢٢ـ سەلام ناوخۆش بەكر(٢٠٠٥)، پوختەیەك دەربارەی زمانناسی ـ مێژوویی ـ بونیادگەریی ـ چۆمسكی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
٢٣ـ سەلام ناوخۆش(٢٠٠٥)، دوانەكانی سۆسێر، گ.ڕامان، ژ.(١٠٠)، ٢٠٠٥/٩/٥.
٢٤ـ سعید سدقی(١٩٢٨)، مختصر صرف و نحوی كوردی، جزء ١، چاپخانەی (نجاح)، بغداد.
٢٥ـ شێركۆ بابان(١٩٩٩)، نەخشەی ڕۆنانی ڕێژەی كار، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٢٦ـ صادق بهاءالدين ئامێدی(١٩٨٧)، ڕێزمانا کوردی کرمانجییا ژۆری ژێریا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ، چاپخانەی (دار الشؤون الثقافية)، بەغدا.

٢٧ـ صالح حسين حسن بشدری(١٩٨٥)، کورتەیەک لە ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی بەغدا، بەغدا.

٢٨ـ طالب حسين علی(١٩٩٨)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.

٢٩ـ عبدالله شالی(١٩٧٦)، ڕابەری قوتابیان بۆ چاوگ و بۆ فرمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا.

٣٠ـ عومەر مەحموود کەریم(٢٠٠٤)، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلیژی پەروەردە (ئیبن روشد)ی زانکۆی بەغدا.

٣١ـ عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ(١٩٩١)، ناکردن لە کوردیدا، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.

٣٢ـ عەبدوللا حوسێن ڕەسوڵ(١٩٩٦)، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی بەغدا.

٣٣ـ عەبدوللا حوسێن ڕەسووڵ (٢٠٠٥)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣٤ـ عەلی تاهیر حسەین(د)(٢٠٠٨)، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣٥. فەرەیدوون عەبدول محەمەد(١٩٨٨)، نادیاری - لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردە لە نێوان دوو زاری کوردی دا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.
٣٦. قەیس کاکل تۆفیق(١٩٩٥)، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.
٣٧ـ ڤیان سلێمان حاجی(٢٠٠٩)، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٣٨ـ ک.ک. کوردۆییێف(١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی د.کوردستانی موکریانی، ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.
٣٩. کامل بەصیر(١٩٨٥)، بەراوردکاریەک لە نێوانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، گ. کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد)، بەرگی سیازدەهەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
٤٠ـ لیژنەی ڕێزمان لە کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد(١٩٨٦)، ڕستەسازی لە زمانی کوردی دا، گ. کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق،.
٤١ـ لیژنەی دەستووری زمانی کوردی(١٩٨٥)، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
٤٢ـ لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد(١٩٧٦)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٤٣ـ محەمەد ئەمین هەورامانی(١٩٧٤)، سەرەتاییێک لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
٤٤ـ محەمەد مەحوی(د)( ٢٠٠١)، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٤٥ـ مصطفی محمد زەنگەنە(١٩٨٩)، کارو ئەرکی لە سینتاکسدا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.
٤٦ـ مهاباد کامل عبدالله(١٩٩٦)، کار لە کرمانجی ی خواروو و هەورامی دا، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.
٤٧ـ موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی(٢٠٠٤)، کاری (بکەر نادیار) لە زمانی کوردیدا، گ. نووسەری نوێ، ژ.(٢١) بەهاری ٢٠٠٤.
٤٨ـ نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی (١٩٨٢)، ڕێزمانی کوردی ـ بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدین، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٤٩ـ نەسرین فەخری(د)( ١٩٧٤)، پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا، گ. کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم – بەشی یەکەم، بەغدا.
٥٠ـ نەسرین فەخری(د)(١٩٩٣)، کەی؟ کار بە بکەر نادیار تۆمار دەکرێت؟ چۆن و بۆ؟!، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١٣٠).
٥١. نەسرین فەخری(د)(٢٠٠٢)، ڕستە و چمکی ڕستە بەگشتی و بەتایبەتمەندییەکانی لە زمانی کوردی دا، بەغدا.

٥٢ـ نەریمـان خۆشـناو(٢٠٠٤)، چەمک و پێناسـەی کـارای نادیـار، گ.ئاسۆی پەروەردەیی، ژ.(٤٢)ی نیسانی .٢٠٠٤

٥٣ــــ نەریمـــان عەبـــدوڵڵا خۆشـــناو(٢٠٠٥)، کـــاری تێـــپەڕ – لێکــۆڵینەوەیەکی بەرانبەریــیە لە نێــوان زمــانی کــوردی و زمــانی عەرەبیدا، گ. کاروان، ژ. (١٩٨)ی ساڵی .٢٠٠٥

٥٤ـ نەریمـان عەبـدوڵڵا خۆشـناو(٢٠٠٤)، کـاری بکەر نادیـاری لە زمـانی کوردیـدا و چەنـد سـەرنجێک، گ. نووسـەری نـوێ، ژ. (٢٢)ی هاوینی .٢٠٠٤

٥٥. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(د)(٢٠١٣)، ڕێزمـانی کوردی، چاپی پێنجەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٥٦ـ نەریمـان عەبـدوڵڵا خۆشـناو(٢٠٠٧)، بکەر نادیـار، چاپخـانەی ئازاد هەورامی، کەرکووک.

٥٧. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(٢٠٠٦)، بکەر نادیار،نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا.

٥٨ـ نەریمـان عەبـدوڵڵا خۆشـناو(د)(٢٠١٢)، ڕێزمـانی کـوردی / کرمـــانجی ســـەروو و کرمـــانجی ناوەڕاســـت، چاپخـــانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٥٩. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(د)(٢٠١٢)، زار و زمـان، چاپخـانەی شەهاب، هەولێر.

٦٠. نەریمـان عەبدوڵڵا خۆشـناو(د)(٢٠١٢)، دەنگسـازی، چاپخـانەی هێڤی، هەولێر.

٦١. نوری عەلی ئەمین(١٩٨٦)، ئەرک و شوێنی ڕاناوە کەسییەکان لە ((ئاخاوتنی کوردی))دا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، (مطبعة الزمان)، بەغدا.
٦٢- نوری عەلی ئەمین(١٩٦٠)، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.
٦٣. نوری علی أمین(١٩٥٦)، قەواعدی زمانی کوردی لە صرف و نەحودا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
٦٤. نوری علی أمین(١٩٥٨)، قەواعدی زمانی کوردی لە صرف و نەحودا، بەرگی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.
٦٥. نیعمەت عەلی سایە(٢٠٠٤)، ڕێزمانی کوردی زاری کەلهوڕی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
٦٦- وریا عمر أمین(١٩٨٩)، بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(١٢١)، ئاداریساڵی ١٩٨٩.
٦٧- وریا عمر أمین(١٩٨٥)، تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(١٠٧)، ئەیلولی ساڵی ١٩٨٥.
٦٨- وریا عمر أمین(١٩٨٢)، ڕستەی بکەر نادیار، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(٩٥)، ساڵی ١٩٨٢.
٦٩. وریا عمر أمین(١٩٩٢)، لە پەیوەندییەکانی بکەری نادیار، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(١٢٩)، ساڵی ١٩٩٢.
٧٠. وریا عومەر ئەمین(٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٧١ـ یوسف شریف سعید، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.

٧٢ـ یوسف شریف سعید(١٩٩٨)، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسی ـ لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین.

٧٣ـ یوسف نوری محەمەدئەمین(٢٠١٠)، هەندێ لایەنی ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا ـ بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.

## دووەم: بە زمانی عەرەبی

**٧٤ـ القرأن الكريم.**

٧٥ـ الاستاذ الشيخ احمد الحملاوي(٢٠٠٠)، شذا العرف في فن الصرف، طبعة الثانية، مكتبة دار العلمية، لبنان.

٧٦ـ انطوان الدحداح(١٩٩٧)، معجم قواعد اللغة العربية في جداول و لوحات، طبعة التاسعة، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت.

٧٧ـ أميل بديع يعقوب(د)(١٩٩٨)، قاموس تصريف الافعال والأسماء، طبعة الثانية، لبنان.

٧٨ـ حاتم صالح الضامن(د)(١٩٩١)، الصرف، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد.

٧٩ـ راجي الأسمر(١٩٩٥)، مرجع الطلاب في اللغة العربية، الطبعة الأولى، جروس پرس، لبنان.

٨٠ـ سعيد الأفغاني، الموجز قواعد اللغة العربية، انترنيت .
٨١ـ عبدة الراجحي(د)(١٩٨٠)، دروس في شروح الألفية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.
٨٢ـ فاضل صالح السامرائي(د)(٢٠٠٣)، معاني النحو، الجزء الثاني، الطبعة الثانية، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع، عمان.
٨٣ـ فاضل صالح السامرائي(٢٠٠٣)، معاني النحو، الجزء الثالث، الطبعة الثانية، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع، عمان.
٨٤ـ كمال ابراهيم(١٩٥٧)، عمدة الصرف، مطبعة النجاح، بغداد.
٨٥ـ محمد علي الخولي(١٩٨٢)، معجم علم اللغة النظري ـ انگليزي ـ عربي، مكتبه لبنان، بيروت.
٨٦ـ محمد محمد يونس علي(٢٠٠٤)، مدخل الى اللسانيات، دار الكتب الوطنية، بنغازي ـ ليبيا.
٨٧ـ شيخ مصطفى الغلاييني(٢٠٠٤)، جامع دروس العربية، الجزء ١،٢،٣، طبعة الاولى، دار الكوخ للطباعة والنشر.
٨٨ـ اية الله الشيخ مصطفى النوراني(٢٠٠١)، قواعد الصرف، طبعة الرابعة، مكتبة اهل البيت.
٨٩ـ ميلكا افتيش (١٩٩٦)، اتجاهات البحث اللساني، ت. سعد عبدالعزيز مصلوح و وفاء كامل فايد، المطابع الاميرية.
٩٠ـ هاشم طه شلاش و اخرون(د)(١٩٨٩)، المهذب في علم التصريف، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد.

خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە